## چاپکراوی نوێ

### دەزگای (فـــام) سێ کتێبی بڵاوکردەوە

**دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، کە دەزگایەکە تازە دامەزراوە، وەکو یەکەمین هەنگاو، سێ کتێبی بڵاوکردەوە.**

**سەنگەر زراری، بەڕێوبەری دەزگای فام ڕایگەیاند: «دەزگای فام، بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب بە شێوەیەك دامەزراوە کە هەم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، هەم لەڕووی لایەنی هونەری و تەکنیکییەوە لە ئاستێکی بەرزی چاپکردندا بێت، هەوڵ دەدات کتێب لە هەموو بوارە جیاجیاکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و پەروەردەیی و منداڵان و بواری دیکەی پێویست چاپ بکات».**




لەم سێ کتێبەی وەکو دەسپێك چاپیان کردووە، یەکێکیان بە ناونیشانی (تیۆری فستق)ـە لە نووسینی نووسەری سعودی (فهد عامر الأحمدی)یە، کە (ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کۆکراوەی چەند وتارێکی بە پێزی نووسەرە، یەکێکیشە لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی بواری گەشەپێدانی مرۆیی.

نووسەر هەوڵ دەدات خوێنەر لەژێر ئەو کاریگەرییە سلبیانە دەربهێنێت کە ڕەنگە خۆشی ئاگاداریان نەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش داواکارە لە خوێنەر کە بەر لە هەموو شتێ دان بەوەدابنێ کە ئەویش ڕۆژێك لە ڕۆژان کەوتۆتە ژێر کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەروونییەکانی کۆمەڵگە.

وەرگێڕ هەوڵیداوە بە زمانێکی زۆر سادە مەبەست و واتاکان بگەیەنێتە خوێنەر. لەکۆتاییدا هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ دەزگای فام دەخوازین .



# ئیرادەی سیاسی لە دارشتنی سیاسەتی دژە گەندەڵیدا

شەڕی گەندەڵی بە شێوەیەکی راستەوخۆ بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو سیاسەتی دژە گەندەڵی کارلێک دەکات و پێویستی بە زامنکردنی کۆمەڵێک سیاسەتی فراوانتر هەیە، کە دەبێتە گەرەنتی بۆ حوکمڕانیی باش و دەستپێکی دیزاینی پڕۆسەکانی حوکمڕانی وەک (حکومەتی ئەلیکترۆنی، نەهێشتنی رۆتین و.. هتد). هەروەها سیاسەتی دژە گەندەڵی دەبێتە بونیادێکی گرنگ بۆ ئاکاری خزمەتگوزاریی گشتی، دروستبوونی ئەم ئاکارە دەبێتە بەربەست لەبەردەم بەرپرسەکان بۆ ئەنجامدانی گەندەڵی، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی ئەگەر گەندەڵییان کرد، قورسترین سزا دەدرێن، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەنجامدانی گەندەڵی بۆ بنەماکانی ئاکاری خزمەتی گشتی دەبێتە پێشێلکاری، ئەمەش لەگەڵ ئەو بنەما ئاکارییە یەک ناگرێتەوە کە فەرمانبەری حکومەتی پێ پێناسە دەکرێتەوە. هەروەها لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دژە گەندەڵیدا دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، کە چۆن ئامانجەکە بەدەست بهێندرێت کە دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتییە، نەک تەنیا جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە چۆن رێگە لە گەندەڵی دەگرێت.

راپۆرتی یەکێتی ئەوروپا : دیزاین و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دژی گەندەڵی



لەگەڵ ئەوەی پرۆسەی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی پرۆسەیەکی تایبەتمەندە بە واقیعی سیاسی و دامەزراوەی هەر دەوڵەتێك، کە بەپێی شێوازی حوکمڕانییەکەی ئەزموونی هیچ دەوڵەتێك بۆ دەوڵەتێکی دیکە کۆپی ناکرێتەوە، بەڵام پێناسەکردن و هەوڵەکان بۆ ئاشکراکردنی ئاست و مەودای گەندەڵی لە زۆربەی حکومەتەکاندا هاوشێوەیە، بەڵام دیسان هەر حکومەتێك پێویستی بە میکانیزمی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە کەم بکاتەوە، یان ئەگەر ئیرادەی سیاسیی بەهێز بتوانێت قەڵاچۆی بکات.

پەتای گەندەڵی وەك هەر پەتایەکی بایۆلۆژی، پێویستی بە ژینگەیەکی ناتەندروستە، هەتا بتوانێت گەشەی تێدا بکات، هەر بۆیە کاتیك پەتایەکی بایۆلۆژی وەك پەتای کولێرا لە وڵاتێکدا بڵاو دەبێتەوە، ئەوا دەزگاکانی تەندروستی پێش هەموو شت سەرچاوەکانی ئاو کۆنترۆڵ دەکەن، لەبەر ئەوەی پەتای کولێرا لە پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاوەوە بڵاودەبێتەوە، بەهەمان شێوە پەتای گەندەڵییش لەو حکومەتانەدا گەشە دەسەنێت و بڵاو دەبێتەوە، کە دیزاینی هەیکەلەی حوکمڕانی کێشەی تێدایە و سیاسەت و بەرنامەکانی حکومەت جێبەجێ ناکرێت، هەر بۆیە کاتێك پرۆسەی دژایەتیی گەندەڵی لە حکومەتێکدا دەست پێ دەکات، گرنگە پێش هەموو شتێك لە دیزاین و هەیکەلەی حکومەتەوە دەست پێ بکات، هەر بۆیە لە راپۆرتێکی ساڵی ٢٠١٣ی یەکێتیی ئەورووپا بە ناونیشانی (دیزاین و جێبەجێکردنی سیاسەتی دژە گەندەڵی) هاتووە، کە شەڕی راستەوخۆی دژە گەندەڵی بە تەنیا بەس نییە، لەبەر ئەوەی ئەو سیاسەتەی بۆ دژایەتی و بنبڕکردنی گەندەڵی لەلایەن حکومەتەوە

**کاتێک پرۆسەی دژایەتیی گەندەڵی لە حکومەتێکدا دەست پێ دەکات، گرنگە پێش هەموو شتێک لە دیزاین و هەیکەلەی حکومەتەوە دەست پێ بکات**

**ئەو سیاسەتەی بۆ دژایەتی و بنبڕکردنی گەندەڵی لەلایەن حکومەتەوە دادەڕێژدرێت، لەگەڵ کۆمەڵێک سیاسەتی فراوانتردا کارلێک دەکات و نەخشەڕێگا بۆ حوکمڕانیی باش دروست دەکات**

**میتۆدێکی دیاریکراو، یان ڕێوشوێنێکی تایبەت بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی بوونی نییە، هەتا وەک ڕەچەتەی دکتۆر بیدەنە دەست حکومەتەکان و پێیان بڵێن فەرموون بەمجۆرە گەندەڵی چارەسەر بکەن**

**دەبێت ئیدارەی فەرمی ( دامەزراوەکانی حکومەت) سیاسەتێکی کار دابڕێژن و جێبەجێی بکەن، ئەمەش بەو مانایەی دەبێت دامەزراوەکانی حکومەت بیرۆکراتییەت بە ئاستێک پیادە بکەن، کە نەبێتە هۆکار و ئاستەنگ بۆ کاروبارەکانی هاووڵاتیان**

دادەڕێژدرێت، لەگەڵ کۆمەڵێك سیاسەتی فراوانتردا کارلێك دەکات و نەخشەڕێگا بۆ حوکمڕانیی باش دروست دەکات، لەمەش زیاتر سیاسەتی دژە گەندەڵی دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ ئاکاری خزمەتی گشتی و بەرپرس و کارمەندەکانی حکومەت شەرم دەکەن ئەو ئاکارە پێشێل بکەن و گەندەڵی ئەنجام بدەن.

لەو وڵاتانەی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان گەندەڵی ڕۆچۆتە ناو کۆی جومگەکانی دامەزراوەکان و ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە، لە دەستپێکی پرۆسەکەدا زۆر بە ڕەشبینییەوە سەیری بەڕێوەچوونی پرۆسەکە دەکرێت و تەنانەت هەندێك دەگەنە ئەو قەناعەتەی مەحاڵە پەتای گەندەڵی لە حکومەت و کۆمەڵگەدا بنبڕ بکرێت، بەڵام ئەگەر دیزاینی پرۆسەی دژە گەندەڵی لەسەر ئەو بنەمایە بونیاد نرابێت کە ئەقڵانییەت و مەعریفە لەگەڵ دووبارە ڕێکخستنەوەی هەیکەلەی حکومەت متوربە بکرێت، ئەوا پرۆسەکە چەند سەخت و دژوار و ئاڵۆزیش بێت، لەگەڵ کردنەوەی گرێی یەکەمی تۆڕە جاڵجاڵۆکەییەکەی گەندەڵی، ئیدی ئەم ڕەشبینییە دەگۆڕێت بۆ گەشبینی و کۆمەڵگەش وەك جەستەیەکی نەخۆش هەنگاو بەرەو چاکبوونەوە دەنێت.

ئەوجا چۆن بڵاوبوونەوەی پەتای گەندەڵی و بڵاوبوونەوەی بەناو کۆی جومگەکانی دامەزراوەکانی حکومەت و کۆمەڵگە پرۆسەیەکی لەسەرخۆ بووە و هەستمان پێ نەکردووە، هەتا بۆتە ئەو مەترسییەی کە چیتر نەتوانین لە ئاستیدا دەستەوەستان بین، یان بێدەنگ بین، بەهەمان شێوە پرۆسەی دژە گەندەڵی و قەڵاچۆکردنیشی پرۆسەی لەسەرخۆیە و کاتی دەوێت، هەتا ئەم پەتایە چارەسەر دەکرێت، بەڵام وەك پرۆفسیۆر دانیال کۆفمان کە ماوەیەك بەڕێوەبەری بانکی نێودەوڵەتی بووە، سەبارەت بە پرۆسەی دژە گەندەڵی دەڵێت: «من نازانم گەندەڵی قەڵاچۆ دەکرێت، بەڵام کاتێك هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی دەستپێیکرد، نازانی لەوڵاتدا چی ڕوودەدات، دروست وەك ئەوەیە سیحرێك لە وڵاتدا ئەنجام درابێت، کۆی کۆمەڵگە وەرچەرخانی گەورەی بەرەو پێشەوە تێیدا ڕوودەدات.» ئەم قسەیەی کۆفمان ئەوەمان پێ دەڵێت: کە میتۆدێکی دیاریکراو، یان ڕێوشوێنێکی تایبەت بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی بوونی نییە، هەتا وەك ڕەچەتەی دکتۆر بیدەنە دەست حکومەتەکان و پێیان بڵێن فەرموون بەمجۆرە گەندەڵی چارەسەر بکەن، بەڵکو تایبەتمەندیی هەر پرۆسەیەکی سیاسی و هەر حوکمڕانییەك، ئاراستەی پرۆسەی دژایەتیی گەندەڵی دیاری دەکات.

ڕاپۆرتی یەکێتی ئەوروپا، بۆ دیزاینی سیاسەتی دژە گەندەڵی و جێبەجێکردنی، چەند خاڵێکی دیاری کردووە کە ڕەهەندی گشتیی پرۆسەی دژە گەندەڵی دیاری دەکەن، ئەوانیش بریتین لە:

١. پابەندبوونی ڕاستەقینە بە سیاسەتی دژە گەندەڵی و پشتگیریکردنی ئەم سیاسەتە لەلایەن کەسانی خاوەن دەسەڵاتەوە، ئەمەش واتە پێویستە لە دارشتنی سیاسەتی دژە گەندەڵیدا، ئیرادەیەکی سیاسیی هەبێت، تا پشتگیری لەو سیاسەتە بکات.

٢. سیاسەتی دژە گەندەڵی، سیاسەتێکە کارلێك لەگەڵ سیاسەتی دیکە دەکات، بۆیە پێویستە پێداویستییە پەیوەندیدارەکان بەم سیاسەتە دابین بکرێت و لە هەمانکاتدا لە میانەی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەشدا دیسان دەبێت پێداویستییەکانی جێبەجێکردنیش ئامادە بکرێت، ئەمەش دەبێتە گەوهەری سیاسەتی دژە گەندەڵی و سەرکەوتنی سیاسەتەکە.

٣. دەبێت ئیدارەی فەرمی (دامەزراوەکانی حکومەت) سیاسەتێکی کار دابڕێژن و جێبەجێی بکەن، ئەمەش بەو مانایەی دەبێت دامەزراوەکانی حکومەت بیرۆکراتییەت بە ئاستێك پیادە بکەن، کە نەبێتە هۆکار و ئاستەنگ بۆ کاروبارەکانی هاووڵاتیان.

ئەگەر سەرنج لەم سێ خاڵە گرنگە بدەین، کە یەکێتی ئەوروپا بۆ دیزاینی سیاسەتی دژە گەندەڵی و جێبەجێکردنی بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا دایڕشتووە، دەبینین تەنیا ئاماژەی بە ڕەهەندە گشتییەکان و چوارچێوەی دیزاینی سیاسەتی دژە گەندەڵی داوە، چۆنێتی دارشتنی سیاسەتەکەی بۆ هەر دەوڵەتێك بەجێهێشتووە، بۆ تایبەتمەندیی دەوڵەتەکە، هەر بۆیە لە ڕاپۆرتەکەدا زیاتر جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێت



سیاسەتی دژە گەندەڵی، سیاسەتێکی ئاڵۆز بێت و قابیلی جێبەجێکردن نەبێت، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە سیاسەتی دژە گەندەڵی دەبێت جەخت لەسەر چوارچێوەیەکی ئیداری بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێك ئامانج بکاتەوە، سیاسەتەکە شەفاف و کورت و پوخت بێت، بە ئاسانییش دامەزراوەکانی دەوڵەت لێی تێبگەن و مامەڵەی لەگەڵ بکەن، هەروەها بە ئاسانییش هاووڵاتیان لێی تێبگەن، لەمەش گرنگتر، دەبێت ئامانجی سیاسەتی دژە گەندەڵی ئەوە بێت کە چۆن دەتوانرێت خزمەتگوزاریی گشتیی زیاتر پێشکەشی هاووڵاتیان بکرێت، نەك تەنیا ئامانجەکە ئەوە بێت چۆن رێگری لە گەندەڵی بکرێت، ئەم ئاماژەیە بە دیوێکی دیکەدا ئەو مانایەمان پێ دەڵێت، ئەگەر گەندەڵی لە کەرتی گشتیدا بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی و سەرەکی بۆ هاووڵاتیان گەورەترین ئاستەنگ بێت، ئەوا کاتێك سیاسەت و هەیکەلەی حکومەت ئامانجی دەبێتە ئەوەی چۆن خزمەتگوزاریی گشتی و سەرەکیی زیاتر بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات، ئەوکات پرۆسەکە جیا لەوەی لە ریشەوە گەندەڵی ریشەکێش دەکات، لە هەمانکاتدا ئاراستەی حوکمڕانییش بەرەو حوکمڕانییەکی باش دەبات.

دیاردەی گەندەڵی لە ئێستای حوکمڕانیی کوردستاندا بە ئاستێك بۆتە پەتایەکی گەورە کە هەندێك لە بەرپرسەکان خۆیان دەڵێن، گەندەڵی لە کوردستاندا سنووری پێناسەی گەندەڵیی تێپەڕاندووە و گەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێی بگوترێت (فەرهوود)، بۆیە کاتێك پەتای گەندەڵی سنووری خۆی بەو ئاراستەیە دەبەزێنێت، مانای ئەوەیە کۆی خزمەتگوزارییە سەرەکی و گشتییەکان بۆ هاووڵاتیان گەیشتۆتە ئاستی بنبەست، بۆیە کاتێك حکومەت لە بەرنامەی خۆیدا جاڕی شەڕێکی گشتگیری گەندەڵی داوە، ئەوا ئەم شەڕە بەوە دەبردرێتەوە کە حکومەت دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی، دۆزینەوەی هەلی کار، بەرزکردنەوەی ئاستی کوالێتیی خزمەتگوزارییەکان و هاوسەنگیی نێوان کەرتی تایبەت و گشتی، بکاتە ئەولەوییەتی ئامانجەکانی خۆی. راشکاوانەتر هەموو ئەو بوارانەی پەتای گەندەڵی ئیفلیجی کردوون، دەبێت هەوڵبدرێت سەرلەنوێ چالاك بکرێنەوە، لەم حاڵەتەشدا بە نەهێشتنی کاریگەریی پەتای گەندەڵی لە بوارە جیاجیاکانی خزمەتگوزاریی گشتی و سەرەکیدا، ئیدی ئەو ژینگەیە نامێنێت کە گەندەڵکاران بە ئاسانی گەشەی تێدا بکەن و خۆیان بشارنەوە.

**دەبێت ئامانجی سیاسەتی دژە گەندەڵی ئەوە بێت کە چۆن دەتوانرێت خزمەتگوزاریی گشتیی زیاتر پێشکەشی هاووڵاتیان بکرێت، نەک تەنیا ئامانجەکە ئەوە بێت چۆن رێگری لە گەندەڵی بکرێت**



**دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر**

سەرۆکی دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# دژایەتیکردنی گەندەڵی یەکێکە لە پایەکانی پرۆسەی چاکسازی

**ئاشکرایە کە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کراوەتە یەکێك لە پێکهاتە و لایەنە سەرەکییەکانی کارنامەی حکومەت، ئەمەش هەنگاوێکی پێویستە بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکی بنەڕەتی، کە لە دەرئەنجامدا و شان بە شانی هەنگاوەکانی دیکە بنبەهۆکاری هێنانەئاری حوکمڕانییەکی کارا، پرسی هەڵگرتنی هەنگاوی جددی لەلایەن حکومەتەوە بەم ئاراستەیەدا و تاوتوێکردنی ئەم پرسە و هەڵسەنگاندنی رەهەند و رایەڵەکانی ئەم بابەتە، بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ د.ئەحمەد ئەنوەر سەرۆکی دەستەی دەستپاکی.**

*** بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، راگەیاندنی شەڕێکی گشتگیری سەرتاسەرییە بەرامبەر گەندەڵی، ئەم دەزگا بەڕێزەی ئێوەش چەندساڵێکە سەنگەری لە دژی گەندەڵی گرتووە، ئایا بۆ دژایەتیی گەندەڵی چۆن سەیری بەرنامەی کابینەی نۆیەم دەکەن؟**

- کارنامەی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە لە دانیشتنی متمانەوەرگرتن لە پەرلەمانی کوردستان لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ خوێندیەوە، بەرنامەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنەیە، چەند خاڵێکی تێدایە کە جەخت لەسەر دژایەتیکردنی گەندەڵی و پاڵپشتی و بەهێزکردنی دەزگاکانی چاودێری دەکات، بەتایبەتیش باسی دیوانی چاودێری و دەستەی دەستپاکی دەکات، ئێمە پێش ئەوەش چەند پێشنیارێکمان بۆ کارنامەکە ناردبوو، کە بە سوپاسەوە دیارە لەکارنامەکە پێشنیارەکانیان وەرگرتووە، ئەمە وەکو کارنامەکە گشتگیر و باشە، دوای ئەوەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران دەستی پێکرد، دیارە ماوەی مانگێکیان بۆ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان داناوە، کە هەر وەزارەتێك پلانی خۆی لەژێر رۆشنایی هێڵە گشتییەکانی ئەو بەرنامەیە ئامادە بکات. راستە بەرنامەی باش و رێکوپێك زۆر گرنگە، بەڵام بێگومان میکانیزمیش بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکە لەو گرنگترە، ئێستا ئەنجومەنی وەزیران لە قۆناغی ئەوەدان کە پلانی وەزارەتەکان کۆبکرێتەوە و میکانیزمێك بۆ جێبەجێکردنی هێڵە گشتییەکان دابنرێت و ئەوەی پەیوەندی بە دژە گەندەڵییشەوە هەیە، جێگای دەستخۆشییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان درکی بەو مەترسییەی گەندەڵی کردووە، کە گەندەڵی وەکو پەتایەکی ترسناك وایە. هەموو کات گوتومانە مەترسیی گەندەڵی هیچی کەمتر نییە لە تیرۆر، رەنگە تیرۆر کەسەکان راستەوخۆ بکاتە ئامانج، بەڵام گەندەڵی بنکۆڵی دامەزراوەکان دەکات و متمانە لەنێوان دەسەڵات و هاووڵاتیان ناهێڵێت، لەبەر ئەمە نەهێشتنی گەندەڵی و سەرکەوتن بەسەر گەندەڵیدا دەمێنێتەوە سەر ئاستی ئەو هاوکارییەی لەنێوان دەزگا چاودێرییەکانی وەکو دەستەی دەستپاکی و دیوانی چاودێری دارایی هەیە، ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین کە حکومەت کارنامەی وەزارەتەکانی پێگەیشت و ئامادەی کرد لەگەڵ ئەو دامەزراوانەش دابنیشن، تاوەکو بزانین چۆن میکانیزمێك دابنێین و بەرنامەی حکومەت لەدژی گەندەڵی دابنرێت و ورد بکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەنگاوی کردارییی لەدژی گەندەڵی بنرێت.

*** لە هەموو وڵاتانی جیهان کاتێك پرۆسەی چاکسازی بۆ دژایەتی گەندەڵی دەست پێ دەکات، فاکتەرەکانی هاندانی گەندەڵی دەستنیشاندەکرێن و هەوڵ دەدرێت لەبری ئەو فاکتەرانە، فاکتەری هاندانی دژە گەندەڵی دروست بکەن، ئایا فاکتەرەکانی هاندانی گەندەڵی چین و چۆن ئەم فاکتەرانە دەگۆڕدرێن بۆ فاکتەری دژە گەندەڵی؟**

- بە تەئکید پێویستە کار لەسەر ژینگەی گەندەڵی بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو ژینگەیەی کە گەندەڵی دروست دەکات، هەوڵ بدرێت کەم بکرێتەوە و لەبار ببردرێت، دیارە گەندەڵی کۆمەڵێك تاوانی رێکخراو لەخۆدەگرێت و وەکو

**جێگای دەستخۆشییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان درکی بەو مەترسییەی گەندەڵی کردووە، کە گەندەڵی وەکو پەتایەکی ترسناک وایە**

**مەترسیی گەندەڵی هیچی کەمتر نییە لە تیرۆر، رەنگە تیرۆر کەسەکان راستەوخۆ بکاتە ئامانج، بەڵام گەندەڵی بنکۆڵی دامەزراوەکان دەکات و متمانە لەنێوان دەسەڵات و هاووڵاتیان ناهێڵێت**

تاوان لەهەموو کۆمەڵگەیەك بوونی هەیە، بەڵام کاتێك ڕێژەکەی بەرز دەبێتەوە، دەبێتە هەڕەشەیەکی جددی لەسەر کۆمەڵگە، بۆیە پێم وایە دژایەتیکردنی گەندەڵی پێویستی بەهەوڵ و کۆششی نیشتمانیی سەرتاسەری هەیە، هەنگاوەکانی چاکسازیی بریتییە لە چاکسازی لەکەرتی گشتی و ئامادەکردنی بودجە بۆ ساڵی داهاتوو و شەفافییەت لەکاروبارەکانی حکومەت، بەکورتی ڕێکخستنەوەی کەرتی گشتی لەسەر بنەمایەکی زانستی و بەشێوەیەك کە ئێمە بتوانین ئیدارەیەکی بەتوانامان هەبێت، ئەوە هەر خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ ئەوەی زەمینەی گەندەڵی کەم بکاتەوە، چونکە چەند وەزارەتەکان ئیشی خۆیان بەجددی بکەن، یاساو ڕێنماییەکانی خۆیان پیادە بکەن و حکومەت لە ڕێگای میکانیزمێك بەدواداچوون و چاودێریی ئیشوکارەکانی خۆی بکات، واتا هەم بەهێزکردنی چاودێریی ناوخۆ بکات، هەمیش جێبەجێکردنی بەرنامەیکی چاکسازیی هەمەلایەن لەسەر کەرتی گشتی بکات، بەکورتی ڕێکخستنەوەی ئەو قەبارە گەورەیەی کە کەرتی گشتی هەیەتی، چونکە چاکسازی ئەو چەترەیە کە دژایەتی گەندەڵی یەکێك لەکۆڵەکەکانێتی، واتا هەر چەند چاکسازی لەکەرتی کارگێڕی و دارایی لە هەرێم بکرێت، هێندە دەبێتە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی ئەو ژینگەیەی کە دەبێتە هۆکار بۆ تەشەنەکردنی گەندەڵی.

*** گەندەڵی دروست وەك پەتایەکی ترسناکە و پێویستی بە ڕێگەچارەی تایبەتی و خۆماڵی هەیە، وەك دەزانین کە هەر وڵاتێك دەبێت بە شێوازی خۆی ڕووبەڕووی ئەم پەتایە ببێتەوە، ئایا دەبێت شێوازی خۆماڵی لە کوردستان بۆ دژایەتیکردنی پەتای گەندەڵی چۆن بێت؟**

- تاوانەکانی گەندەڵی لەجیهاندا ڕەنگە زۆر لەیەکتر بچن و لێك نزیك بن، کە خراپترینیان خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و بەرتیل وەرگرتن و دەستبەسەردا گرتنی موڵك و پارەی گشتییە، لەکوردستان وەکو دەزانین بەهۆی شەڕی داعش لە ڕابردوودا دیاردەی زیادەڕۆیی لەسەر موڵکی گشتی و زەویی کشتوکاڵی و جۆرەکانی زەویی موڵکی حکومەت زیادیکردووە، منیش لەگەڵ ڕاوبۆچوونی ئێوەدام لەو ڕوانگەیەی ژینگەی هەر وڵاتێك لەگەڵ وڵاتێکی دیکەدا جیاوازە، بۆ بەدبەختی ئێمە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقین، کە لەساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ ـەوە تا ئێستا لە ریزەکانی هەرە پێشەوەی وڵاتانی گەندەڵکارە، ئەمەش بەپێی هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی کە عێراق لەریزی هەشتەم و حەوتەمین و لە ریزی شەشەم دانەبەزیوە، مەگەر هەڵسەنگاندنی ئەمساڵ گۆڕانکارییەکی بەسەردا بێت، لەبەر ئەوە کە تۆ لە چوارچێوەی دەوڵەتانی لەم شێوەیەدا بیت کە لە ڕووی گەندەڵییەوە دەوڵەتێکە لەخراپترین دەوڵەتەکانی جیهان، ئەوا بە دڵنیاییەوە تۆش بەشێك لە پروشکی ئاگری گەندەڵیت بەردەکەوێت، ئەمە جگە لەوەی لە کوردستانیشدا لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەدا داهاتێکی زۆر هاتۆتە کوردستان، لەدوای ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ و تا ٢٠١٤ هەم پرۆسەیەکی ئاوەدانکردنەوەی هەمەلایەن دەستی پێکردووە، کە هاوکات بووە لەگەڵ لاوازیی دەزگاکانی چاودێری و وەکو پێویست ئیشنەکردنی حکومەتیش لەسەر ئەو بابەتە، ئەمە وایکردووە مەسەلەی گەندەڵییش لەگەڵیدا تەشەنە بکات و زۆر شێواز لەخۆ بگرێت، بەڵام بۆی هەیە تاوانەکە لە ناوەڕۆکەوە لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکە زۆر جیاواز نەبێت، بەڵام بۆی هەیە شێوازو زەمینە و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵاتێك لەگەڵ وڵاتێکی دیکەدا جیاواز بێت.

*** لەکاتی هەوڵەکانتان بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیاسای چاکسازی بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئێوە جەختتان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەم پرۆسەیە لە ڕادەبەدەر قورسە، بەڵام هیچ چار نییە و دەبێت ئەم عەمەلییاتە هەر بکرێت، ئەوەبوو لە پەرلەمانی کوردستان ئەم یاسایە تێنەپەڕی و مایەوە بۆ ئەم خولەی ئێستا، لێرەدا دەخوازین خاڵە سەرەکییەکانی ئەو پرۆژەیە بۆ خوێنەرانمان باس بکەنەوە، ئایا پێویستە چی دیکەی بۆ زیاد بکرێت و تاچەند ئەم پرۆژەیە دەبێتە هۆکاری چاکسازییەکی کارگێڕیی بنەڕەتی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا؟**

- هەموومان دەزانین کە پرۆژەی چاکسازی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی پێشووەوە زۆر کاری لەسەر کراوە، ئێمەش هەم لە دارشتنەوەیدا بەشدار بووین، هەمیش لە پێشنیارەکان بۆ ماددەکان و لە پرۆسەی گفتوگۆکردن لەسەری

**ڕێکخستنەوەی کەرتی گشتی لەسەر بنەمایەکی زانستی و بەشێوەیەک کە ئێمە بتوانین ئیدارەیەکی بەتوانامان هەبێت، ئەوە هەر خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ ئەوەی زەمینەی گەندەڵی کەم بکاتەوە**

**هەر چەند چاکسازی لەکەرتی کارگێڕی و دارایی لە هەرێم بکرێت، هێندە دەبێتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی ئەو ژینگەیەی کە دەبێتە هۆکار بۆ تەشەنەکردنی گەندەڵی**

**بۆ بەدبەختی ئێمە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقین، کە لەساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ ـەوە تا ئێستا لە ریزەکانی هەرە پێشەوەی وڵاتانی گەندەڵکارە**

لە پەرلەمان ماوەیەکی زۆر لەگەڵیدا ماینەوە، بەڵام بەهۆی ململانێ و ناکۆکیی سیاسییەوە پرۆسەکە سەرکەوتوو نەبوو، یاساکەش تێنەپەڕی، لە ئێستادا لیژنەیەکی دیکە بۆ ئەم مەسەلەیە لە ئەنجومەنی وەزیران دروستبووە و هەردوو دەزگای دیوانی چاودێریی دارایی و دەستەی دەستپاکی تێدایە، هەربۆیە بە دڵنیاییەوە دەبێت جارێکی دیکە ئیش لەسەر ئەو پرۆژەیاسایە بکرێتەوە، گەرچی راستیەك هەیە کە حکومەت دەبێت بزانێت، دژایەتیکردنی گەندەڵی و چاکسازی باجی خۆی هەیە، واتە کە کەرتی گشتی ڕێکدەخەیتەوە و قسە لەسەر نەهێشتنی فەرمانبەرانی بندیوار و مووچەی بەناهەق دراو دەکەیت، بە تەئکید خەڵکانێك توورە دەبن و نارەزایەتی دەردەبڕن، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت سوور بێت لەسەر ئەوەی کە باجی دژایەتی گەندەڵی و چاکسازیی باجێکە دەبێت بیدات، ئەمەش خاڵێکە دەبێت حکومەت و پەرلەمان لەسەری راوەستن و رێز لە رای گشتی بگیرێت و رێز لە میدیا بگیرێت و بارودۆخی کوردستان چاك بکرێتەوە، لیژنەکە تازەیە و هێشتا کۆنەبووەتەوە، بەڵام ئاراستەکە ئەوەیە بابەتەکە فراوانتر بکرێت و کارەکان ببنە سەرەتایەك بۆ رێکخستنەوەی کەرتی گشتی و داهات و ...هتد.

*** ئەوەندەی ئێمە بەدواداچوونمان لەسەر پرۆسەی چاکسازی کردبێت، ئەوەمان تێبینی کردووە کە هەوڵەکانی ئێوە و دەزگای دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمیش، زیاتر جەخت لەسەر کەرتی گشتی ( حکومەت) دەکەنەوە، ئەمە لە کاتێکدا ناڕێکی و ناهاوسەنگیی کەرتی تایبەتیش خۆی فاکتەرێکی گرنگە بۆ هاندانی گەندەڵی لە کەرتی گشتیدا، ئایا چۆن بە هاوسەنگی و هاوتەریب هەوڵەکانی چاکسازیی کارگێڕی، کەرتی تایبەتیش ڕێك دەخاتەوە؟**

- بۆیە باسی کەرتی گشتی دەکەین، چونکە جارێ لە ٦٠-٧٠٪ داهاتی ئەو وڵاتە بۆ مووچە لەکەرتی گشتی خەرج دەکرێت و بەشی زۆری پرۆژەکان و ئیشوکارەکان لە رێگەی کەرتی گشتییەوە جێبەجێ دەکرێت، بە رادەیەك زۆرترین بودجەی ئەم وڵاتە بۆ کەرتی گشتی دەڕوات، بەڵام خۆ ئەمە مانای وا نییە کەرتی تایبەت هیچ کەموکورتییەکی نییە و تەواوە، بەڵکو کەرتی تایبەتیش پێویستی بە رێکخستنەوە هەیە، وەکو نەهێشتنی مۆنۆپۆڵکردن لە بازاڕ و پەرەپێدانی کێبڕکێی ئازاد لەنێوان گرووپ و کۆمپانیاکان، بۆ هێنانی خزمەتگوزاری و ئەنجامدانی کاری باش، ئەوەش خاڵێکەو دروستکردنی میکانیزمێکە، بۆ نموونە: ئێمە یاسای مافی بەکاربەرمان هەیە، کە دەبێت وەزارەتی بازرگانی دادگایەکی تایبەتی بۆ ئەو بابەتە هەبێت، واتە رێکخستنەوەی کەرتی تایبەتیش خاڵێکی گرنگە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەولەویەت بۆ کەرتی گشتییە و هەر کاتێك کەرتی گشتی خۆی توانی کارەکانی خۆی رێکبخاتەوە، ئەمە کاریگەریی ئیجابی لەسەر کەرتی تایبەتیش دروست دەکات، حکومەتیش بواری دەبێت بۆ ئەم گۆڕانکاری و چاکسازییانە و دەپەرژێتە سەر بابەتەکانی تایبەت بە کەرتی تایبەت، بەتایبەتی لە مەسەلەی پرۆسەی تەندەر کە حکومەتی رابردوو لەم بوارەدا هەنگاوی باشی ناوە، گرنگترینیان بەئەلەکترۆنیکردنی تەندەرین و مەسەلەی چاودێریکردنی کەرتی تایبەت و تۆماری کۆمپانیاکان و بوارەکانی وەبەرهێنان بوو، ئێستاکەش دەبێت میکانیزمێکی وا بدۆزرێتەوە، تاوەکو حکومەت بتوانێت هانی وەبەرهێنان بدات و پرۆسەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و پرۆسەی فشاری لابەلا لەسەر کۆمپانیاکان لاببات، بەتایبەتی ئەو کۆمپانیانەی یەکەمجارە دێنە کوردستان، ئەو کات ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کەرتی تایبەت لەهەرێمی کوردستان زیاتر ببووژێتەوە.

*** لە کوردستاندا کەرتی تایبەت لە هەموو بوارەکانی خزمەتگوزاریدا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی زۆر فراوان بووە، بەڵام ئەم فرانبوونە هەڕەمەکییە نەبۆتە هۆکاری دۆزینەوەی هەلی کار، پرسیار ئەوەیە چۆن بتوانین قەوارەی حکومەت بچووك بکەینەوە، لەکاتیکدا تێکەڵییەکی زۆر گەورە لە نێوان هەلی کاری کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی هەیە؟**

- ئاشکرایە کاتی خۆی حکومەتی عێراق فەلسەفەیەکی مەرکەزیی هەبووە و زیاتر کەرتی گشتیی لەسەر هەموو جومگەکانی ئابووری ئەو وڵاتە دەستڕۆیشتوو بوو، یان کۆنترۆڵی کردبوو، بەڵام لە چەند ساڵی رابردوودا هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، زیاتر پەیڕەوی پرەنسیپی بازاڕی ئازاد دەکەن، کە دەڵێت: بازاڕی ئازاد ئەوەیە کە ئەولەوییەت

**پرۆژەی چاکسازی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی پێشووەوە زۆر کاری لەسەر کراوە، ئێمەش لە دارشتنەوەیدا بەشدار بووین، بەڵام بەهۆی ململانێ و ناکۆکیی سیاسییەوە پرۆسەکە سەرکەوتوو نەبوو، یاساکەش تێنەپەڕی**

**کەرتی تایبەتیش پێویستی بە رێکخستنەوە هەیە، وەکو نەهێشتنی مۆنۆپۆڵکردن لە بازاڕ و پەرەپێدانی کێبڕکێی ئازاد لەنێوان گرووپ و کۆمپانیاکان، بۆ هێنانی خزمەتگوزاری و ئەنجامدانی کاری باش**

**هەر کاتێک کەرتی گشتی خۆی توانی کارەکانی خۆی رێکبخاتەوە، ئەمە کاریگەریی ئیجابی لەسەر کەرتی تایبەتیش دروست دەکات، حکومەتیش بواری دەبێت بۆ ئەم گۆڕانکاری و چاکسازییانە و دەپەرژێتە سەر بابەتەکانی تایبەت بە کەرتی تایبەت**



به که ر تی تایبەت بدرێت، گەرچی ئەمەش لەرووی پراکتیکییەوە تائێستا بەتەواوەتی جێبەجێ نەکراوە، چونکە

تا ئێستا لەلای ئێمە وەکو خۆمان دەزانین کە کەرتی گشتی لە رووی دامەزراوە و کارمەند و تەرخانکردنی بودجەوە دەسەڵاتی زیاترە، لەبەر ئەوە دەبێت ئەم مەسەلەیە وردە وردە بە بەرنامەی ڕێکوپێک هەنگاوی بۆ بنرێت و کەرتی گشتی بچووک بکرێتەوە و هانی کەرتی تایبەت بدرێت بۆ ئەوەی



کۆمەڵێك خزمەتگوزاریی زیاتر پێشکەش بکات، بەڵام ئەمەش پێویستی بەمیکانیزم و چاودێریی توونـد هەیە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لە یەکەمجار و دواجار سوودمەند بن و مەسەلەکە تەنیا نەبێتە دەستکەوتنی قازانجی زیاتر بۆ کەرتی تایبەت، لەسەر حسابی بەرژەوەندیی گشتی و هاووڵاتیان زیانمەند بن و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەبری ئەوەی قازانج و سوود وەربگرێت لە گواستنەوەی کەرتی گشتی بۆ تایبەت، بەپێچەوانەوە زیانمەند بێت، بەتایبەتی لە کەرتی کارەبادا حکومەت و وەزارەتی کارەبا هەنگاوی باشیان ناوە، ئەوەتا بەشێکی پرۆژەکانی ئەم بوارە لەدەستی کۆمپانیاو کەرتی تایبەتدایە، بەڵام میکانیزمی دابەشکردنی کارەبا بەسەر هاووڵاتیاندا بەدەستی کەرتی گشتییە، ئەمە بەرنامەو یاساو ڕێنمایی و چاودێریی بەهێزی دەوێت، تاوەکو ئەو بابەتە ڕێکبخرێت، هەروەها دەکرێت لە کەرتی گواستنەوەش کە کێشەی گەورەمان هەیە، ئەویش ڕێکبخرێتەوە، چەند کۆمپانیایەك بێن بۆ کارکردن لەکەرتی گواستنەوە، بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵێك بوار و کەرت دەتواندرێت کاری فراوان و گەورە بکرێت، چونکە لەو کاتەی فراوان دەبین دەستی کاری زیاتریان پێویستەو هەلی کار بۆ گەنجەکان دابین دەکرێت، ئەو کات حکومەت دەتوانێت ئالیەتێك بدۆزێتەوە و بەشێك لەو فەرمانبەرانەی پێویستی پێیان نییە، لەکەرتی گشتییەوە بیانگوازێتەوە بۆ کەرتی تایبەت، یان مووچەیەکی کەمیان لەحکومەت بداتێ، یا مۆڵەتی بێ مووچە. دواتر دەبێت ئێمە ئەوە بڵێین کە ئەوەی ڕوویداوە کەڵەکەبووی چەندین ساڵە و بە دڵنیاییەوە چارەسەرکردنیشی چەند ساڵێکی پێویستە، دووبارەی دەکەمەوە، میکانیزمی بچووککردنەوەی کەرتی گشتی و گواستنەوەی فەرمانبەران لەم کەرتەوە بۆ کەرتی تایبەت، پێویستی بە میکانیزم و بەرنامەو یاساو پلان هەیە و چەند ساڵێکی دەوێت، کاتێك حکومەت چاکسازی دەکات، دەبێت ئامادەیی ئەوەشی هەبێت کە ڕێگرییەکانی چاکسازیی کە دێنە بەردەمی هەڵیانبگرێت و نارەزایەتیش دروست دەبێت، خەڵکانێکیش هەوڵ دەدەن ڕێگریی بکەن، بەردەوام پرۆسەی چاکسازی ڕێگریی زۆرە، بەڵام ئەگەر لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی ناو پێکهاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنی تەواو لەسەر ئەو بابەتە هەبێت، ئەوا کارو پرۆسەی چاکسازییەکە باشتر و ئاسانتر بەڕێوەدەچێت.

**لە کەرتی کارەبادا حکومەت و وەزارەتی کارەبا هەنگاوی باشیان ناوە، ئەوەتا بەشێکی پرۆژەکانی ئەم بوارە لەدەستی کۆمپانیاو کەرتی تایبەتدایە، بەڵام میکانیزمی دابەشکردنی کارەبا بەسەر هاووڵاتیاندا بەدەستی کەرتی گشتییە، ئەمە بەرنامەو یاساو ڕێنمایی و چاودێریی بەهێزی دەوێت، تاوەکو ئەو بابەتە ڕێکبخرێت**

**بەردەوام پرۆسەی چاکسازی ڕێگریی زۆرە، بەڵام ئەگەر لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی ناو پێکهاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنی تەواو لەسەر ئەو بابەتە هەبێت، ئەوا کارو پرۆسەی چاکسازییەکە باشتر و ئاسانتر بەڕێوەدەچێت**



# دادپەروەریی کۆمەڵایەتی

## رایەڵەی پتەوکردنی متمانەی نێوان هاووڵاتی و حکومەتە





## «خوا بەو کەسانە پێدەکەنێت کە گلەیی و گازندە لە ئاکامەکان دەکەن و لە هەمانکاتیش شانازی بە هۆکارەکانیەوە دەکەن.»

**قەشە جاک بینین بۆسویە (١٦٢٧ز-١٧٠٤ز)**

**بەشی زۆری هاووڵاتیان ئەو کۆمەڵگەیە بە کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دادپەوەر دەزانن کە خزمەتگوزاری گشتی و سەرەکی وەک (خوێندن، چاودێریی تەندروستی، ئاسایشی خۆراک و یەکەی نیشتەجێبوون) بۆ هەموو کەسێک دابین کرابێت**

**ئەگەر سیاسەتی چاکسازی بوونی نەبێت، ئەوا نایەکسانی و نادادپەوەری دەبێتە فاکتەری سەرەکی بۆ تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دروستبوونی کێشە لە کۆمەڵگەدا**

ئیکۆنۆمیستی گەورەی فەرەنسی فرانسوا بۆرگینیون لە وتارێکیدا بە ناونیشانی «نایەکسانی و گلۆبالیزم» ئاماژە بەوە دەکات، کاتێك دێینە سەر باسی سامان و داهاتی تاکەکەس، خەڵکی خۆی بە کەسانی دەوروبەری خۆی بەراورد دەکات، نەك ئەو خەڵکانەی دیکە کە لە بەشەکانی دیکەی جیهان دەژین. هەر بۆ نموونە هاووڵاتیەکی فەرەنسی لەوانەیە ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبێت، رێژەی چەند لە هاووڵاتیانی چین گەیشتوونەتە ئاستی ژیانێکی ستاندەر، بەڵام کاتێك باسی نایەکسانی دەکەین، ئاراستەیەك بەو مانایە دروست دەبێت کە هەموو جیهان یەك کۆمەڵگەیە. لەم حاڵەتەدا هیچ کەسێك باس لە ژیانی ستاندەر ناکات، بەڵکو حیساب بۆ ئەو جیاوازییە گەورەیە دەکات کە لەنێوان دەوڵەمەندێکی فەرەنسی و هاووڵاتییەکی هەژاری چینیدا هەیە، یان بەپێچەوانەوە، ئەو جیاوازییە گەورەیەی لەنێوان دەوڵەمەندێکی چینی و هەژارێکی فەرەنسیدا هەیە.

ئەم دوو بازنەیەی بۆرگینیۆن لەسەر ئاستی جیهان بۆ بەراوردکردنی داهات و سامان و بەراوردکردنی «نایەکسانی» دەستنیشانی کردووە، لەسەر هەردوو ئاستی لۆکاڵی دەوڵەتێکی تازەپێگەیشتوو و دەوڵەتێکی پیشەسازیی گەورە و پێشکەوتووش بە هەمان شێوەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کێشەی سەرەکی ئەوە نییە کە هاووڵاتیی ئەو وڵاتانە چەندیان سامان هەیە، یان داهاتی تاکەکەسیان چەندە، بەڵکو کێشە لەو جیاوازییە گەورەیەدایە کە لە هەمووبوارەکاندا دەیبینن.

کەواتە لەم میتۆدە چەمکی یەکسانی «Equal-ity» هێندەی بە مانای مامەڵەی یەکسان (Rec-iprocity) لەگەڵ هاووڵاتیان بەکار هاتووە، هێندە بە مانای یەکسانیی داهات و سامان لەنێوان هاووڵاتی بەکار نەهاتووە، هەروەها بەو مانایەش بەکار هاتووە کە ئەو جیاوازییە گەورەیەش کەم بکرێتەوە کە لە نێوان دەستەبژێری دەسەڵات و دەوڵەمەند و هاووڵاتیانی ئاسایی بوونی هەیە.

ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ وتە بەهادارەکەی قەشە جاك بۆسویە کە دەڵێت: «خودا بەو کەسانە پێدەکەنێت کە گلەیی و گازندە لە ئاکامەکان دەکەن و شانازییش بە هۆکارەکانیەوە دەکەن.» دەگەینە ئەو راستییەی کە لە هەر شوێنێك نادادپەروەری بوونی هەبێت، ئەوا هەموو لایەك گلەیی و گازندە لەو حاڵەتە دەکەن، بەڵام کە دێینە سەر ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی ئەو «نادادپەروەرییە» ئەوا هەست بە جۆرە بێدەنگییەك و خەمساردییەك دەکرێت، کە وەك ئەوەیە دەسەڵاتداران، یان بڕیاربەدەستانی وڵات شانازی بەو هۆکارانەوە بکەن.

سەبارەت بەم لایەنە رووناکبیر و مێژوونووسی فەرەنسی (پییر رۆسان ڤالۆن) لە توێژینەوەیەکیدا بە ناونیشانی (چۆن کۆمەڵگەی یەکسان دروست دەکرێت؟) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کاتێك لە فەرەنسا راپرسییەك دەکرێت سەبارەت بە پرسی نادادپەروەری لە کۆمەڵگە، بە رێژەی ٩٠٪ فەرەنسییەکان داوا دەکەن، دەبێت ئەو جیاوازییە گەورەیەی لە داهاتی تاکەکەس بوونی هەیە، کەم بکرێتەوە، ٨٥٪ی ئەو کەسانەشی بەشدارییان کردووە. جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، جیاوازیی نێوان داهاتی تاکەکەس کێشەیەك نییە، ئەگەر

ڕێوشوێنێك هەبێت كە قەرەبووی داهاتە نزمەكان بكاتەوە، بەڵام لە بەرامبەر ئەم دوو ڕێژە بەرزە، ڕێژەی ٥٧٪یش پێیان وا بووە، لە چوارچێوەی ئابوورییەكی دینامیكیدا ناتوانرێت خۆ لەم جیاوازییە بەدوور بگرن.

ڕۆسان ڤالۆن لەسەر ئەم پرسە خۆی پرسیار دەكات و دەپرسێت: ئایا كۆمەڵگەی یەكسان و دادپەروەری لای زۆربەی هاووڵاتیانی وڵاتێك مانای چییە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا دەڵێت: بەشی زۆری هاووڵاتیان ئەو كۆمەڵگەیە بە كۆمەڵگەیەكی یەكسان و دادپەوەر دەزانن كە خزمەتگوزاریی گشتی و سەرەكی وەك (خوێندن، چاودێریی تەندروستی، ئاسایشی خۆراك و یەكەی نیشتەجێبوون) بۆ هەموو كەسێك دابین كرابێت، بەڵام كێشە سەرەكییەكە لەوەدایە هەموو لایەك لەگەڵ ئەم پێناسەیەی كۆمەڵگەی یەكسان و دادپەوەر قسە دەكات، هەوڵێكی كەمیش بۆ چارەسەركردنیان هەیە. ئەمە مانای ئەوەیە وەك ڕازیبوونێكی پێشوەختە بەم نایەكسانی و نادادپەوەرییە هەبێت، بۆیە لای هەندێك مەزندەیەكی لەو جۆرە دروست بووە كە ئەم كێشەیە هیچ چارەسەرێكی نییە. بەڵام كاتێك پرسی نایەكسانی و نادادپەوەری دەگاتە ئەو ئاستەی تووڕەبوونێكی گەورە لای هاووڵاتی دروست بكات، ئەوا مێژوو سەلماندوویەتی ئەم دەرهاویشتە خراپانەی لە كۆمەڵگەدا ڕەنگ دەداتەوە:

١. ئەگەر سیاسەتی چاكسازی نەبێت، ئەوا نایەكسانی و نادادپەوەری دەبێتە فاكتەری سەرەكی بۆ تێكدانی ئاشتیی كۆمەڵایەتی و دروستبوونی كێشە لە كۆمەڵگەدا.

٢. ئەو فاكتەرانەی حاڵەتی نایەكسانی و نادادپەروەرییان دروست كردووە، هێندەی دیكە كەڵەكە دەبن و پاشان چارەسەركردنیان دەبێتە مەحاڵ و ناچار دەبێت سیستمە سیاسییەكە بگۆڕێت.

٣. پاشەكشەكردنی متمانەی هاووڵاتی بە حكومەت و دەسەڵات و هەستنەكردن بە بەرپرسیاریەتی لەلایەن هاووڵاتییەوە بەرامبەر ئایندەی وڵاتەكەی.

ئەم زەمینە خراپە كە پرسی نایەكسانی و دادپەوەری دروستی دەكات، هەموو كات زەمینەی لەبار بۆ نەیارانی حكومەت و حوكمڕانی دروست دەكات، هاووڵاتیانیش لەبەر ئەوەی نائومێدی باڵی بەسەردا كێشاون، ئەوا ئەلتەرناتیڤ بۆ سیستمە سیاسییەكەی ئێستا هەر چییەك بێت، بە ناچاری دوای دەكەون. هەر بۆ نموونە لە ئێستای دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا و لەبەر ئەوەی سیستمە سیاسییەكە لە ئاستی چارەسەركردنی كێشەی یەكسانی و دادپەروەری دەستەوەستان بووە، ئەوا ئێستا وەك دەبینین بە شێوەیەكی زۆر فراوان حزب و سەركردەی پۆپۆلیستی لە هەڵكشاندان و دەگەنە دەسەڵات و لەبەرامبەریشدا ئەو حزب و سەركردانەی كە داكۆكی لە سیستمە چەقبەستووەكان دەكەن، لە مەترسی و داكشانی تەواودان.

لەوانەیە ئەم پرسە بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بەگشتی و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی مەترسیی زیاتر بەدوای خۆیدا بهێنێت و، حزبی ئیسلامی و چەپی توندڕۆ بە ئاسانی بارودۆخەكە بقۆزنەوە و هەوڵبدەن خۆیان وەك ئەلتەرناتیڤی سیستمی سیاسیی ئێستا پیشان بدەن.

توێژەران و بیرمەندان، دەركەوتنی سەرەتا خراپەكانی دەرهاویشتەی حاڵەتی «نایەكسانی و نادادپەروەری» وەك زەنگێكی ئاگاداركردنەوە بۆ ئەو حكومەتانە لە قەڵەم دەدەن كە دەیانەوێت سیاسەتی چاكسازی بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتە پیادە بكەن، ئەمەش وەك ناڕازیبوونی ئەو حكومەتانە كە لەو ئاكامانە بێزار و ناڕازین كە ئاراستەی حوكمڕانی لە وڵاتدا دروستی كردووە، بەڵام هەنگاوی گرنگ لەو خاڵەوە دەست پێدەكات كە حكومەت زۆر بە زیرەكانە ئەو فاكتەرانە دیاری بكات كە بوونەتە هۆكاری دروستبوونی نادادپەوەری و نایەكسانی لە كۆمەڵگەدا، لەم حاڵەتەشدا حكومەتی نیشتمانی ئەركی گرنگی دەبێتە ئەوەی چۆن لەسەر ئاستی كۆمەڵگە یەكسانی و دادپەوەری پێناسە بكاتەوە و ئەم پێناسەیە بكاتە ڕایەڵەیەك بۆ دووبارە پێكەوە گرێدانەوەی تەواوی كۆمەڵگە بە یەكترەوە. بە مانایەكی دیكە پێناسەكردنەوەی «یەكسانی و دادپەروەریی» لە سەر بنەمای هەیكەلەی كۆمەڵگە مانا بە خۆی دەداتەوە و لە سەر سێ بنەمای سەرەكی هەڵدەسووڕێت، كە بریتین لە:

**حزب و سەركردەی پۆپۆلیستی لە هەڵكشاندان و دەگەنە دەسەڵات و لەبەرامبەریشدا ئەو حزب و سەركردانەی كە داكۆكی لە سیستمە چەقبەستووەكان دەكەن، لە مەترسی و داكشانی تەواودان**

**پارتی دیموكراتی كوردستان پێش هەر لایەنێكی دیكە ئەو خاڵەی دەستنیشان كرد، كە لەناو ژینگەی فەوزای سیاسی حوكمڕانی ناكرێت و پێویستە ژینگەیەكی سیاسی و سەقامگیریی ئەوتۆ بێتەئاراوە كە تێگەیشتنێك لەنێوان هاووڵاتی و كۆی پرۆسەی حوكمڕانی بەگشتی و حكومەت بەتایبەتی بێتەئاراوە**

**ئەو نەخشەڕێگەیەی بە ناوی (پرۆژە یاسای چاكسازیی بنەڕەتی) لە دوو ساڵی دوایی كابینەی هەشتەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەستی پێكرد و هەوڵەكان بەو ئاراستەیە بوون كە ئەم پرۆژەیە لەلایەن پەرلەمانەوە بكرێتە یاسا و لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان جێبەجێ بكرێت، بەڵام هۆكاری سەرەكی بۆ نەبوونی ئەو پرۆژەیە بە یاسا، نەبوونی سەقامگیریی سیاسی بوو لەناو پەرلەمانی كوردستان و پرۆژەكە كرا بە قوربانیی موزایەداتی سیاسیی نێوان حزبەكان**

**پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەک مەترسییەکانی (فەوزا و پاشاگەردانیی سیاسی لە وڵاتدا) دیراسەت کردبوو، کە دەیزانی ئەم پرسە جیا لەوەی هاووڵاتیانی کوردستان نائومێد و بێ هیوا دەکات، لە هەمانکاتدا ئاستەنگیکی گەورەشە لە بەردەم هەر پرۆسەیەکی چاکسازی و هەوڵدان بۆ بونیادنانی دەوڵەتی خۆشگوزەران لە هەرێمی کوردستاندا.**

**خاڵی جیاواز و سەرەنجڕاکێش لە سیاسەت و ستراتیژیەتی دادپەروەیی کۆمەڵایەتی لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمدا، تەنیا بێزاری و ناڕازیبوون نیبە لەو ئاکامەی کە بە هۆکاری ناسەقامگیریی سیاسی لە پرۆسەی حوکمڕانی هاتۆتەئاراوە، بەڵکو بەگەڕخستنی هەوڵی جددییە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو فاکتەرانەی ئەو ئاکامە خراپەیان دروست کردووە**

١. دادانپێدانان بە کەسایەتیی هاووڵاتی و تاکدا.

٢. ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتی، لەسەر بنەمای مامەڵەی حکومەت بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ سەرجەم هاووڵاتیاندا.

٣. دروستکردنی ئاسانکاری لە نێوان ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشانەی کە کۆمەڵگە پێکەوە گرێ دەداتەوە.

ئەم پەتای «نایەکسانی و نادادپەروەرییە» کە بە شێوەیەکی گشتی کۆی سیستەمە دیموکراتییەکانی جیهانی گرتۆتەوە، حوکمڕانیی خستۆتە دووڕیانێکەوە، ئەویش ئەوەیە یان دەبێت حکومەت هەموو دەسەڵاتەکانی خۆی چڕبکاتەوە و گۆڕانکاری بەسەر ئەو بارودۆخەدا بهێنێت کە هاووڵاتیانی تووڕە و بێزار کردووە، یان ئەوەتا دەبێت چاوەڕێی ئەوە بێت بەدیلێکی پۆپۆلیستی جێگەی بگرێتەوە.

● **ستراتیژیەتی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا**

ئیکۆنۆمیست و پسپۆڕانی بواری حوکمڕانی، کاتێك باس لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نەبوونی «یەکسانی و دادپەروەریی» دەکەن، ڕاشکاوانە جەخت لە خاڵێك دەکەنەوە، ئەویش ئەوەیە کە سیاسەتی چاکسازی لە هەر حکومەتێکدا لە «ترس»ـەوە (Reformism of fear) دەست پێدەکات، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، چ کاتێك حکومەتەکان هەست بەو ترسە دەکەن و بە ناچاری هەوڵدەدەن سیاسەتی (چاکسازی لە ترسا) بگرنەبەر. ئەم هەستکردنی بە ترسی ئەم مەترسییەش بە سەرەتای هەنگاوهەڵگرتن بۆ حوکمڕانیی باش و بناخەی دەوڵەتی خۆشگوزەران لە مێژوودا لە قەڵەم دەدەن.

ئەم حاڵەتەی ئێستا کە تێکڕای حکومەتەکانی ڕۆژئاوای دیموکراتی پێیدا تێدەپەڕێت و گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بیرمەندان و پسپۆڕان بڵێن، نەبوونی یەکسانی و دادپەروەری گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە چیدیکە دامەزراوەکانی سیستەمی دیموکراتی ناتوانێت کەرامەتی مرۆڤ بپارێزن، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە دوای ڕووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشانەوە، حکومەتەکانی ڕۆژئاوا ئەو ترسەیان نەما کە لە سەردەمانی شەڕی سارددا، ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی هەڕەشەی لە حکومەتەکانیان دەکرد، هەر بۆیە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت بە شێوەیەك حوکمڕانییان ئاراستە کرد کە بیر لە دادپەروەری و یەکسانی نەکەنەوە.

لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی هەستیان بە مەترسیی هەڵکشانی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی و باڵادەستی یەکێتی سۆڤیەت لە جیهاندا کرد، بۆیە هەر لە سەرەتاوە پەنایان بۆ پلانی مارشاڵ برد بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دەوڵەتی خۆشگوزەران بونیاد بنێنەوە و بەربەرستێك دروست بکەن بۆ فراوانخوازیی یەکێتی سۆڤیەت و بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی لە ڕۆژئاوادا.

ئەم ترسە بووە بنەمای بیرکردنەوەیەکی ئەوتۆ لە ڕۆژئاوا کە لە چوارچێوەی گەشەسەندن و پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوامدا، پێناسەی ئاسایشی نیشتمانیی خۆیان بکەنەوە و، ڕاشکاوانە و بە دەنگی بەرزیش بڵێن، ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی یەکسانە بە پەرەپێدان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی داهاتی تاك و خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵگەدا، ئەم ئاراستەیە بە جۆرێك سەرکەوتنی بەدەست هێنا، کە لە ساڵی ١٩٦٩ ڕیچارد نیکسۆن سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا ستراتیژیەتی (سەرکەوتن بەبێ شەڕ – ١٩٩٩) Victory Without War - ١٩٩٩-ی خستەڕوو، ئەم ستراتیژیەتەش مانای ئەوە بوو کە بەم ئاراستەی ئێستا کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەسەری دەڕۆن، لە ٣٠ ساڵی داهاتوودا، ڕژێمی یەکێتی سۆڤیەت لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێت، بەڵام مێژوو سەلماندی ٣٠ ساڵی نەخایاند و لە ساڵی ١٩٨٩ دیواری بەرلین ڕووخا و بووە سەرەتایەك بۆ هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١، لەو کاتەوە هەتا ئێستا لەبەر ئەوەی ئەو ترسە بوونی نەما، ئەوا ئێستا کۆی سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی لە بەردەم هەڕەشەی نەمان و لەبەریەك هەڵوەشاندایە.

ئەوجا ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ سیاسەت و ستراتیژییەتی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا و ئەو پرسیارە بکەین، ئایا ئەو ترسە چییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستی پێ کردووە و بە ناچاری بانگەشە بۆ سیاسەتی چاکسازیی

کارگێڕیی بنەڕەتی دەکات؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پەیوەندی بە بیرکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە لە دارشتنی نەخشەیەك بۆ رووبەڕووبوونەوەی نایەکسانی و نادادپەروەری لە شێوازی حوکمڕانیی کوردستاندا. دیارە پارتی دیموکراتی کوردستان کە لایەنی سەرەکیی پرۆسەی حوکمڕانی بووە لە کوردستان و هەردوو پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی لابووە، پێش هەر لایەنێکی دیکە ئەو خاڵەی دەستنیشان کرد، کە لەناو ژینگەی فەوزای سیاسی حوکمڕانی ناکرێت و پێویستە ژینگەیەکی سیاسی و سەقامگیری ئەوتۆ بێتەئاراوە کە تێگەیشتنێك لەنێوان هاووڵاتی و کۆی پرۆسەی حوکمڕانی بەگشتی و حکومەت بەتایبەتی بێتەئاراوە، هەر بۆیە ئەو نەخشەڕێگەیەی بە ناوی (پرۆژە یاسای چاکسازیی بنەڕەتی) لە دوو ساڵی دوایی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد و هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بوون کە ئەم پرۆژەیە لەلایەن پەرلەمانەوە بکرێتە یاسا و لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت، بەڵام هۆکاری سەرەکی بۆ نەبوونی ئەو پرۆژەیە بە یاسا، نەبوونی سەقامگیریی سیاسی بوو لەناو پەرلەمانی کوردستان و پرۆژەکە کرا بە قوربانیی موزایەداتی سیاسیی نێوان حزبەکان.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەك مەترسییەکانی (فەوزا و پاشاگەردانیی سیاسی لە وڵاتدا) دیراسەت کردبوو، کە دەیزانی ئەم پرسە جیا لەوەی هاووڵاتیانی کوردستان نائومێد و بێ هیوا دەکات، لە هەمانکاتدا ئاستەنگیکی گەورەشە لە بەردەم هەر پرۆسەیەکی چاکسازی و هەوڵدان بۆ بونیادنانی دەوڵەتی خۆشگوزەران لە هەرێمی کوردستاندا. خاڵی جیاواز و سەرنجراکێش لە سیاسەت و ستراتیژیەتی دادپەروەیی کۆمەڵایەتی لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمدا، تەنیا بێزاری و نارازیبوون نییە لەو ئاکامەی کە بە هۆکاری ناسەقامگیریی سیاسی لە پرۆسەی حوکمڕانی هاتۆتەئاراوە، بەڵکو بەگەڕخستنی هەوڵی جددییە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو فاکتەرانەی ئەو ئاکامە خراپەیان دروست کردووە، بۆیە کاتێك بەرنامەی کابینەی نۆیەم راشکاوانە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە متمانە لە نێوان هاووڵاتیان و دامەزراوەکاندا لەرزۆك بووە و دەبێت ئەم متمانەیە دووبارە پتەو بکرێتەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە کە ئەم کابینەیە ئامانجی ئەوەیە سەرلەنوێ دادپەروەری و یەکسانی لەسەر بنەمای مانای هاووڵاتیبوون لە کوردستاندا پێناسە بکاتەوە و ئەم پێناسەکردنەوەیەش بکاتەوە بە رایەڵەیەك بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دروستبوونەوەی متمانە لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیاندا.

**کاتێک بەرنامەی کابینەی نۆیەم راشکاوانە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە متمانە لە نێوان هاووڵاتیان و دامەزراوەکاندا لەرزۆک بووە و دەبێت ئەم متمانەیە دووبارە پتەو بکرێتەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە کە ئەم کابینەیە ئامانجی ئەوەیە سەرلەنوێ دادپەروەری و یەکسانی لەسەر بنەمای مانای هاووڵاتیبوون لە کوردستاندا پێناسە بکاتەوە و ئەم پێناسەکردنەوەیەش بکاتەوە بە رایەڵەیەک بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دروستبوونەوەی متمانە لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیاندا**

ئەو نادادپەروەریی و نایەکسانییەی فەوزا و ناسەقامگیری سیاسی لە ساڵانی رابردوو هەتا ئێستا لە پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا دروستی کردووە، بە شێوەیەك لە شێوەکان مانا و شکۆی (کار)ی لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا بێ مانا کردووە و، ئاستەنگی گەورەی لە پرۆسەی هەڵسووڕانی دامەزراوەکاندا دروست کردووە، بۆیە کاتێك لەم روانگەی فاکتەری سەرەکیی دروستبوونی ئەم دیاردەیەوە سەیری چارەسەرکردنی پرسەکە دەکەین، دەبینین پارتی دیموکراتی کوردستان جەختی تەواوی کردۆتە سەر فاکتەرە سەرەکییەکە و دەیەوێت لە فاکتەری سەرەکییەوە هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە هەڵبگرێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دووبارە گێڕانەوەی «یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی» کارێکی ئاسان نابێت و، ئەگەری ئەوە هەیە کە هەر لەناو پرۆسە سیاسییەکەدا ئاستەنگی لابەلای بۆ دروست بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە خودی ئەو هەنگاوانە حکومەت بەم ئاراستەیە هەڵیدەگرێت، هەوڵدانە بۆ چارەسەرکردنی ئەو دەرهاویشتە خراپانەی ناسەقامگیریی سیاسی دروستی کردوون، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا بێجگە لە درێژەپێدان بە هەوڵەکان بۆ گێڕانەوەی یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، حکومەتی هەرێمی کوردستان بژارەی دیکەی لەبەر دەستە؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێستای کوردستان دەیداتەوە، ئەگەر حکومەت پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی ئەم بەرنامە و ستراتیژە نەکات، ئەوا ناتوانێت ئایندەی هاووڵاتی و کۆمەڵگە پێناسە بکاتەوە.

**ئەو نادادپەروەریی و نایەکسانییەی فەوزا و ناسەقامگیری سیاسی لە ساڵانی رابردوو هەتا ئێستا لە پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا دروستی کردووە، بە شێوەیەک لە شێوەکان مانا و شکۆی (کار)ی لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا بێ مانا کردووە و، ئاستەنگی گەورەی لە پرۆسەی هەڵسووڕانی دامەزراوەکاندا دروست کردووە**



# ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان





وشیار سیوەیلی
بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی
پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

پەیوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەر لە جەنگی یەکەم زۆر سنووردار بووە، هەرچەندە سەرۆك ئەندرۆ جاکسۆن لە ساڵی ١٨٣٣ دا پەیوەندیی فەرمی لەگەڵ سوڵتانی عوسمان دروست کردبوو، پەیوەندیی بازرگانی نێوان ئێران و ئەمەریکا لە ساڵی ١٨٥٧ دەستیپێکرد، بەڵام ڕاگەیاندنە چواردە خاڵییەکەی سەرۆك ودرۆ ویلسۆن لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریس بە ناوی (ڕاگەیاندنی پرینسیپەکان بۆ ئاشتی) کە زیاتر مەبەستی ڕزگاریی نەتەوەکانی ژێردەستی عوسمانی بوو، یان ویستی لەو دەرگایەوە بێتە ناو دنیای ڕۆژهەڵاتی ناڤینی دوای عوسمانی و قاجارەکان، سەرەتایەکی جددی بوو بۆ نزیکبوونەوەی ئەمەریکا لەم ناوچەیە، بەڵام ڕۆڵی کارا و کاریگەریی ئەم وڵاتە لە دوای دووەم جەنگی جیهانی و سەرەتای جەنگی ساردەوە دەستیپێکرد لە کۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابوردوو. ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش بووە مەیدانێکی ئەو جەنگە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەو ناوچەیەدا بووە بەشێك لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و تا ئێستاش بەردەوامە. لە کاتی دارشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەییدا گرنگی بە ئەم ناوچەیە دراوە و دواستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی کە کاتێك ماکماستەر ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بوو، بەم شێوەیە ئەولەویاتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دیاری دەکات: «ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەیەوێت ڕۆژهەڵاتی ناڤین نەبێتە ناوچەیەکی ئارام، یان پێگەی تەشەنەکردنی تیرۆریستە جیهادییەکان و هیچ هێزێك کە دژایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات، تیایدا باڵادەست نەبێ و بەشێك بێت لە بازاڕی سەقامگیری و وزەی جیهانی.»

بە کورتی هێڵە گشتییەکانی ستراتیژی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا پێگەی هەرێمی کوردستان لەو چوارچێوانەدا دەخەینەڕوو.

- **بەردەوامیی هەناردەکردنی نەوت لە ناوچەکەوە بۆ دەرەوە**

سامان و سەرچاوەکانی وزە، بەتایبەتی نەوت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ڕەنگە سەرەکیترین فاکتەری بایەخ و گرنگیی ناوچەکە بێت لە ڕووی ستراتیژییەوە، زۆر لە مێژە ئەوە ڕوون بۆتەوە کە ئەو هێزەی دەسەڵاتی دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی هەبێت، دەتوانێت کۆنترۆڵی ئابووریی جیهان بکات و، سعودییە و عێراق و ئێران و کوەیت و ئیمارات خاوەن ڕێژەیەکی بەرچاوی نەوتن و هەر لە کۆنەوە و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ویلایەتە یەکگرتووەکان چاوی بڕیوەتە نەوتی ئەم ناوچەیە. هەرچەندە سەرەتای گەڕان بە دوای نەوت و دۆزینەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم و ئەڵمانیا و دواتر بەریتانیا و بە هاوکاری گوڵبێنکیانی ئەرمەنی ئەمەریکی نەوتیان دۆزییەوە و یەکەم پاڵاوگەی نەوتیش بەریتانییەکان لە ساڵی ١٩١٢ لە عەبادان دروستیان کرد، بەڵام یەکەم جەنگی جیهانی هەموو ئەو پرۆژانەی وەستان. دوای جەنگ ئەمەریکاش شانبەشانی لایەنەکانی تر بووە هاوبەشێکی کارا لە دەرهێنانی نەوت. کۆمپانیای نەوتی تورکی کە زیاتر کۆمپانیایەکی بەریتانی بوو، لە ساڵی ١٩١٢ دامەزرابوو، لە ساڵی ١٩٢٧ لە کەرکوك نەوتی دۆزییەوە لە ساڵی ١٩٢٨ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی گروپی کۆمپانیاکانی پەرەپێدانی ڕۆژهەڵاتی نزیك کە لە چەند کۆمپانیایەکی ئەمەریکی پێکهاتبوو، بووە لایەنێکی سەرەکیی ڕێککەوتننامەیەك کە بە (ڕێکەوتننامەی هێڵی سوور) ناسرا، کە دیسانەوە گوڵبێنکیان شاسواری گفتوگۆ و دانوستانەکانی بوو. ڕێکەوتننامەکە لە ساڵی ١٩٤٨ کۆتایی هات، کاتێك دوو کۆمپانیای ئەمەریکیی ناو گروپی کۆمپانیاکانی پەرەپێدانی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە گەڵ ئارامکۆی سعودی و بەحرەینی بێ ڕەزامەندیی لایەنەکانی تری ڕێکەوتننامەی هێڵی سوور بوونە هاوبەش و خاوەن پشك. لەو کاتەوە تا ئەمڕۆش پاراستن و تا ڕادەیەکی زۆریش کۆنترۆڵکردنی سامان و سەرچاوەکانی وزە بەتایبەتی نەوت بەشێکی گرنگی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانە. لە دوای دووەم جەنگی جیهانی و لە ساڵانی سەرەتای جەنگی سارد، یەکەم هەڕەشە بۆ

**ئەگەر هەڵوێست و هەوڵەکانی سەرۆک بارزانی نەبوایە لە کاتی ئامادەکردنی درافتی دەستووردا، پۆڵ بریمەر نیازی نەبوو فیدراڵیزم لەسەر بنەمای نەتەوەیی و جوگرافی بخاتە دەستوورەوە**

**جگە لەم دە دوازدە ساڵەی ئەم دواییە، نەوت هەمیشە مایەی کێشە و وێرانکاریی بووە بۆ کوردستان بە گشتی و ئەم بەشەی کوردستان بە تایبەتی و یەکێک لە هۆکارەکانی لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە نەوت بووە**

**پەیوەندیی هەرێم و تورکیا تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندییان بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانەوە هەیە، کە نەوت و غاز بەشێکی گرنگی ئەو پەیوەندییانەن. گرنگیدانی ڕووسیاش بە کوردستان لەبەر نەوت و غازەکەیەتی**

سەر ئەم سامانە گرنگ و ستراتیژییە بریتی بوو لە خۆماڵیکردن (نەتەوەییکردن)ی نەوتی ئێران لە لایەن حکومەتەکەی موسەدەقەوە. ئیدارەی ئەمەریکی ئەو کاتە ڕۆڵی سەرەکی لە لادانی موسەدەق و گۆڕینی سیاسەتی نەتەوەییکردنی نەوتی ئێراندا هەبوو. تەنانەت هەندێك لایان وایە یەکێك هۆکارەکانی گۆڕینی ڕژێمی قاسم لە عێراق مەسەلەی نەوت بووە، بەتایبەتی ڕۆڵی لە پێکهێنانی ئۆپێك و پلانی بۆ نەتەوەییکردنی نەوت. تا ئێستاش فاکتەری نەوت لە جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق و ئازادکردنی کوەیت و ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و پەیوەندیی نێوان ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان جێگەی گفتوگۆی جددی و بەردەوامن. تەنانەت پێکهێنانی هاوپەیمانییەك لە کەنداوی عەرەبی لە لایەن ئیدارەی سەرۆك ترامپ دژی هەڕەشەکانی ئێران بۆ ڕێگریکردن لە بەردەوامیی ناردنی نەوت جارێکی تر گرنگیی نەوت و ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەردەخەن.

هەر لە ساڵی ١٩٢٧ کە نەوت لە بابەگوڕگوڕ دۆزرایەوە، تا ئێستاش نەوت کاریگەریی گەورەی لەسەر کوردستان هەبووە. جگە لەم دە دوازدە ساڵەی ئەم دواییە، نەوت هەمیشە مایەی کێشە و وێرانکاریی بووە بۆ کوردستان بە گشتی و ئەم بەشەی کوردستان بە تایبەتی و یەکێك لە هۆکارەکانی لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە نەوت بووە. لە دواساتەکانی یەکەم جەنگی جیهانی و لە ئەنجامی پشکنینە جیۆلۆجییەکانی ئەڵمانیای بەر لە جەنگ دەرکەوتبوو کە لە ویلایەتی موسڵدا نەوت هەیە و هەر ئەمەش وایکرد بەریتانیا دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست موسڵ داگیر بکات، کێشەی سەرەکیی ئەو کاتەی بەریتانیا ناردنە دەرەوەی نەوتەکە بوو، کە لە ئەنجامدا بووە فاکتەرێکی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە. کوردستان هیچ سنوورێکی دەریایی نەبوو، تورکیای ئەو سەردەمە زیاتر نزیك بوو لە سۆڤیەت و سووریاش هی فەرەنسییەکان بوو. کێشەی هەناردەکردنی نەوت تا ئێستاش کۆسپێکە لەبەردەم بەکارهێنانی ئەم کاڵا گرنگە وەك سامانێکی ستراتیژیی ئابووری و سیاسی لە کوردستاندا. لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێت بەشێك لە گرنگیدانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بە هەرێمی کوردستان بۆ بوونی نەوت و دەرهێنانی لەلایەن خۆمانەوە بگێڕینەوە. بۆ نموونە: ئیدارەی سەرۆك ترامپ لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ بە سفر کردنی هەناردەکردنی نەوتی ئێران، بەڵام کەمبوونەوەی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان دەبێتە هۆی زیادبوونی نرخەکەی و ئەمەش کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکان دەبێت، بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ساڵی داهاتوو لە ئەمەریکا. بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی نێگەتیڤی کەمبوونەوەی، یان نەمانی هەناردەی نەوتی ئێران، سەرۆکی ئەمەریکا ناچار بووە پەنا بۆ سعودیە بەرێ، بۆ زیادکردنی بڕ و ئاستی هەناردەکردن. ئەمەش ئاسان نییە، چونکە ئاستی هەناردەکردن لە لایەن ئۆپێك دیاری دەکرێت و ئاستی هەناردەکردن کاریگەری لەسەر نرخ دەبێت. لێرەدا هەرێمی کوردستان کە ڕۆژانە نزیکەی ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات، دەتوانێت کاریگەریی هەبێت. جگە لەمە پەیوەندیی هەرێم و تورکیا تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندییان بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانەوە هەیە، کە نەوت و غاز بەشێکی گرنگی ئەو پەیوەندییانەن. گرنگیدانی ڕووسیاش بە کوردستان لەبەر نەوت و غازەکەیەتی، نەك لەبەر ئەوەی پێویستی پێیانە، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەیەوێت باڵاترین دەستی هەبێت کە هەناردەکردنی نەوت و غاز و لە ڕووی سیاسییەوە سوودیان لێوەربگرێت.

کەواتە نەوت و غازی سروشتی ڕۆڵی گرنگ لە پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکاندا دەگێڕن. هەرێمی کوردستانیش دوای ئەوەی بڕیاری دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتی دا، بۆتە گەمەکارێکی بچووك، بەڵام گرنگیی ئەو مەیدانە. خۆ ئەگەر کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووکیش لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بمانایەنەوە، ئەوا گرنگیی جیوپۆلیتیك و جیۆئیکۆنۆمیکی هەرێمی کوردستان گەلێك زیاتر دەبوو. لە بیرمان نەچێت کە بوونی نزیکەی ٩٠٪ی نەوتی سووریا لەو ناوچانەی لە بندەستی هێزەکانی سووریای دیموکراتیکدا پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ مانەوەی ئەمەریکا، نەك لەبەر ئەوەی ئەمەریکا

**نەوت و غازی سروشتی ڕۆڵی گرنگ لە پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکاندا دەگێڕن. هەرێمی کوردستانیش دوای ئەوەی بڕیاری دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتی دا، بۆتە گەمەکارێکی بچووک، بەڵام گرنگی ئەو مەیدانە**

**ئەگەر کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووکیش لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بمانایەنەوە، ئەوا گرنگیی جیوپۆلیتیک و جیۆئیکۆنۆمیکی هەرێمی کوردستان گەلێک زیاتر دەبوو**

**چەندین ساڵە بە بیانووی هێشتنەوەی سەقامگیری و ڕێزگرتن لە سنوورەکان و پاراستنی ئاشتیی جیهانی و دەستنەخستنە نێو کاروباری یەکترەوە، خەڵکی کوردستان دەچەوسێنرێنەوە و تەنانەت پشتگیرینەکردنی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بە پاساوی دروستبوونی ناسەقامگیری بوو لە ناوچەکەدا**



یەکێک لە شانازییەکانی شۆڕشەکانی کوردستان بە تایبەتی لەم پارچەیەدا ئەوە بووە کە پەنایان بۆ کاری تیرۆریستی و کوشتنی خەڵکی سڤیل نەبردووە. بە پێچەوانەوە کورد بە گشتی قوربانیی تیرۆری دەستی دوژمنەکانی بووە و هەوڵە تیرۆریستییەکەی ساڵی ١٩٧٠ بۆ لە ناوبردنی بارزانیی نەمر یەکێکە لە نموونەکان

پێویستی بەو نەوتە هەیە بەڵکو بۆ ئەوەی ڕژێمی سووریا لەو سامانە (چەند کەمیش بێت) بێبەش بکات و لە دانوستاندنەکانی داهاتووشدا لەسەر پرۆسە و سیستەمی سیاسیی سووریاش دەستی بەهێزتر دەبێت.

## پاراستنی سەقامگیریی ناوچەکە

پاراستنی سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە شێوەیەك کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بکات، هەمیشە جێگەی بایەخی ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە. هەرچەندە لە سەردەمی سەرۆکایەتیی (جۆرج دەبلیو بوش)دا مەسەلەی دیموکراسی وەك یەکێك لە ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا زیاتر گرنگی پێدراو پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی گەورە، یان ڕۆژهەڵاتی ناڤینی نوێ زۆر قسەی لەسەر کرا. بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە ئەوە بوو کە یەکێك لە هۆکارەکانی توندوتیژی و تیرۆریزم لە ناوچەکەدا نەبوونی دیموکراسی و بوونی ڕژێمانی ئۆتۆکرات و سەپێنەرە و بڵاوکردنەوەی دیموکراسی بە هاوکاری ئەمەریکا، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی ئاژاوەی خوڵقێنەریشەوە بێت، لە مەودای درێژدا لە بەرژەوەندیی ئەمەریکایە. هەروەك لە نەخشەکەشدا هاتووە، هەندێل لاو ناوەند لاشیان وابوو، یان دەیانویست وا پیشانی بدەن کە سەرلەنوێ دەستکاریی نەخشەی ناوچەکە دەکرێتەوە و لەو ناوەشدا کورد دەبێتە خاوەن دەوڵەت. ئەگەر ئەمەریکا لە عێراق سەرکەوتوو بوایە و بیتوانیایە دەوڵەتێکی دیموکرات و مۆدێرن دابمەزرێنێ ئەوا لەسەر جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیە بەردەوام دەبوو. ئەم پلانە تووشی بەرەنگاریی گەورە بۆوە و دەوڵەتانی ئێران و تورکیا و سووریا بە ئاشکرا



و ئەوانی تر لە ڕێگەی ترەوە کەوتنە دژایەتی و ئەوەی ئەلقاعیدە و گروپە تیرۆریستییەکانی تر کردیان، کە بووە هۆی شەڕی ناوخۆ لە عێراقدا هاوکار نەبوون بۆ بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێکردنی. سەردەمی ئیدارەی ئۆباما و بە تایبەتی هیلاری کلینتۆن ویستیان لە ڕێگەی پشتگیریی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی گۆڕانکاری دیموکراسی لە ڕژێمەکاندا بکەن، بەڵام وەك دەزانین ئاکامی ڕاپەڕینەکان ئەوە نەبوو کە ئەوان و خەڵکیش تامەزرۆی بوون. ئیدارەی سەرۆك ترامپ گەڕاوەتەوە بۆ سەر سیاسەتە تەقلیدییەکەی ئەمەریکا کە پاراستنی سەقامگیرییە لە ناوچەکەدا، هەتا ئەگەر ئەو سەقامگیرییە ببێتە هۆی مانەوەی هەندێك ڕژێمی نادیموکراسی و ئۆتۆکرات.

چەندین ساڵە بە بیانووی هێشتنەوەی سەقامگیری و ڕێزگرتن لە سنوورەکان و پاراستنی ئاشتیی جیهانی و دەستنەخستنە نێو کاروباری یەکترەوە، خەڵکی کوردستان دەچەوسێنرێتەوە و تەنانەت پشتگیرینەکردنی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بە پاساوی دروستبوونی ناسەقامگیری بوو لە ناوچەکەدا. ستراتیژیی ئەمەریکا هەر لە کۆنەوە وا دارێژدراوە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی گرنگە و عێراقیش وڵاتێکی گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە و ناسەقامگیریی لە عێراقدا کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر ناوچەکە دەبێت. لە هەمان کاتدا دەشزانن عێراقی ئەمڕۆ بە بێ کورد سەقامگیر نابێت و هەمیشە هەوڵدەدەن لەو چوارچێوە یاسایی و دەستوورییەی ئەمڕۆ هەیە، هەرێمی کوردستان بەهێز بکەن.

**دوای دارمانی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەت، ئەمەریکا بووە تەنیا سوپەرپاوەر لە جیهاندا. ئەم پێگەیەی ئەمەریکا لە دنیا و ئەم ناوچەیەشدا تووشی تەحەدای جددی بۆتەوە لە لایەن ڕووسیا و چینەوە. ڕووسیا و چین ساڵ دوای ساڵ بە دەسەڵات و بازووی بەهێزتری سەربازی و ئابووریی خۆیان کۆسپ بۆ ئەمەریکا دروست دەکەن**

**• بەرەنگاربوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ**

بەر لە کارەساتی ١١ سێپتێمبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چەکی کۆمەڵکوژی وەك چەکی ناوکی و چەکی کیمیاوی بایۆلۆجی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی نەدەزانی، یان بەرەنگاربوونەوەیان بەشێك نەبوو لە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی. دوای ١١ سێپتێمبەر و هەوڵدانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی و ئەگەری بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ بە تایبەتی کیمیاوی و بایۆلۆجی لە لایەن دەوڵەتانی شکستخوردوو (Rough States) و گروپە تیرۆریستەکان، بووە خەمێکی گەورەی ئەمەریکا. هۆکاری سەرەکیی لێدانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، وەك دەزانین، ئەوە بوو کە عێراق خاوەن چەکی کۆکوژ بوو. بەشێك لە هۆکارەکانی دژایەتیی ئەمەریکا بۆ ئێران ئەوەیە کە ئێران کار بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی دەکات.

لەم ڕووەوە بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا یەکن، چونکە گەلی کوردستان بە گشتی قوربانیی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوین و هەموو ستراتیژی و سیاسەتێك بۆ بنبڕکردنی ئەم چەکانە لە بەرژەوەندیی کوردستانە.

**• بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم**

بەر لە ١١ سێپتێمبەریش کردەوە تیرۆریستییەکان هەبوون، بەڵام ئەوەی لەو ڕۆژەدا ڕوویدا، توانا و بەرنامەی ئەو هێزانەی زیاتر ڕوونکردەوە و بەرەنگاربوونەوەیان بووە بەشێك لە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا.

یەکێك لە شانازییەکانی شۆڕشەکانی کوردستان بەتایبەتی لەم پارچەیەدا ئەوە بووە کە پەنایان بۆ کاری تیرۆریستی و کوشتنی خەڵکی سڤیل نەبردووە. بە پێچەوانەوە کورد بە گشتی قوربانیی تیرۆری دەستی دوژمنەکانی بووە و هەوڵە تیرۆریستییەکەی ساڵی ١٩٧٠ بۆ لە ناوبردنی بارزانیی نەمر یەکێکە لە نموونەکان. ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەی ئەلقاعیدە و تێکشکاندنی داعش ئاشکرایە. کەواتە ئێمە و ئەمەریکا لەم ڕووە گرنگەوە هاوبەرژەوەندیین و هەرێم بەشێکی گرنگی ئەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەیە لە دژی تیرۆر و تا ئێستاش لە دژایەتیکردنی تیرۆر بەردەوامە.

دوورخستنەوە، یان لاوازکردنی ئەو دەوڵەتانەی هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەکەن لە ناوچەکەدا

وەك ئاماژەمان پێدا هەوڵدانی ئەمەریکا بۆ نزیکبوونەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە کۆتاییەکانی یەکەم جەنگی جیهانییەوە دەستیپێکرد و دواتر بەرژەوەندییە نەوتییەکان زیاتر و زۆرتر لەو ناوچەیەی نزیك کردنەوە. گەورەترین هەڕەشە بۆ ئەمەریکا لە دوای دوەم جەنگی جیهانی، یەکیتی سۆڤیەت بوو، بۆیە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە ڕووی ئایدیۆلۆجی و سەربازی و ئابووری و سیاسی و تەنانەت کەلتووری و کۆمەڵایەتییەوە بووە یەکێك لە پێشینەکانی پاراستنی ئاسایشی ئەمەریکا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش یەکێك بووە لە مەیدانە سەرەکییەکانی ئەو ململانێیە. دوای دارمانی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەت، ئەمەریکا بووە تەنیا سوپەرپاوەر لە جیهاندا. ئەم پێگەیەی ئەمەریکا لە دنیا و ئەم ناوچەیەشدا تووشی تەحەدای جددی بۆتەوە لە لایەن ڕووسیا و چینەوە. ڕووسیا و چین ساڵ دوای ساڵ بە دەسەڵات و بازووی بەهێزتری سەربازی و ئابووریی خۆیان کۆسپ بۆ ئەمەریکا دروست دەکەن. بەرنامە ئابوورییە سیاسییەکەی چین بۆ دنیا و ئەم ناوچەیە (دەستپێشخەریی پشتێن و ڕێگا)، زۆر ڕوون و ئاشکرایە و سیستەمی سیاسی و ئابووریی تاکجەمسەری لە ئایندەدا بۆ دوو جەمسەرییەکەی جاران دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەمجارە چین جێگای یەکێتی سۆڤیەت دەگرێتەوە. جگە لە چین، ڕووسیا و ئێرانیش دوو لەو لایەنانەن کە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەکەن لە ناوچەکەدا.

چین و ڕووسیا و ئێران بە پلە و شێوازی جیاواز لە هەرێمی کوردستاندا بەرژەوەندییان هەیە و لە زۆر ڕووەوە ئەم بەرژەوەندییانە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا یەك ناگرنەوە. پێویستە هەرێمی کوردستان بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو لایەنانە بکات و تا دەکرێت خۆی نەکاتە بەشێکی ململانێکان.

**چین و ڕووسیا و ئێران بە پلە و شێوازی جیاواز لە هەرێمی کوردستاندا بەرژەوەندییان هەیە و لە زۆر ڕووەوە ئەم بەرژەوەندییانە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا یەک ناگرنەوە**

**ئەو هەوڵانەش کە لەسەردەمی سەرۆک بوش و سەرۆک ئۆباما دران، شتێکی ئەتۆیان لێ سەوز نەبوو. تەنانەت ئەو ئومێدەی کە ئیدارەی سەرۆک بوش لەسەر بە دیموکراتیکردنی عێراق هەڵیچنیبوو، دەرکەوت گەشبینییەکی بێ بنەمایە**

**بڵاوکردنەوەی دیموکراسی**

وەك لە سەرەوە باسمانکرد، مەسەلەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و دیاریکردنی چارەنووس لە سەردەمی ئیدارە جیاوازەکانی ئەمەریکادا بە شێوازی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ کراوە. هەرچەندە ئەمانە لە بنەما گرنگەکانی بەها و پرینسیپەکانی ئەمەریکان، بەڵام بە هۆکار و پاساوی تێکنەدانی سەقامگیری، زۆربەی ئیدارەکان مانەوەی ئەو رژێمانەیان لاپەسەند بووە کە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتەن و ئەو هەوڵانەش کە لەسەردەمی سەرۆك بوش و سەرۆك ئۆباما دران، شتێکی ئەتۆیان لێ سەوز نەبوو. تەنانەت ئەو ئومێدەی کە ئیدارەی سەرۆك بوش لە سەر بە دیموکراتیکردنی عێراق هەڵیچنیبوو، دەرکەوت گەشبینییەکی بێ بنەمایە.

بڵاوبوونەوەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە بەرژەوەندیی گەلی کوردە و لە سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستانیش یەکێکە لەو بنەما بەهێزانەی کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە لەسەر هەڵچنیوە.

هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر کوردستان هەر لە سەرەتای جەنگی ساردەوە تاساڵی ١٩٩١ و بەشداری لە دامەزراندنی ناوچەی ئارام و بێفڕین هەڵوێستێکی دۆستانە نەبووە و هەڵوێستی نسکۆی ساڵی ١٩٧٥یش نموونەی ئەو هەڵوێستەیە. تەنانەت بەشداریی ئەمریکا لە دامەزراندنی ناوچەی ئارام وەك جۆرج بوش ١٦ نیسانی ١٩٩١ دا وتی لەبەر هۆکاری مرۆیی بووە. تەنانەت لەسەردەمی کلینتۆن-یشدا هەوڵەکانی ئیدارەکەی بۆ نەهێشتنی شەڕی ناوخۆ لەبەر ئەوە بوو کە دۆخێك دروست نەبێت، سەدام بگەڕێتەوە ناوچەکە، یان ئێران سوود لە کێشە و ئاژاوەکان وەربگرێت، کاتێکیش ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دروست بوو، پەیوەندییەکان لە چوارچێوەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆندا بوو. خۆ ئەگەر هەڵوێست و هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی نەبوایە لە کاتی ئامادەکردنی درافتی دەستووردا، پۆڵ بریمەر نیازی نەبوو فیدراڵیزم لەسەر بنەمای نەتەوەیی و جوگرافی بخاتە دەستوورەوە.

پەیوەندییەکانی هەرێم و ئەمەریکا دوای سەرهەڵدانی ئەلقاعیدە و شەری نێوان سوننە و شیعە پێشتر کەوتن و کاتێکیش داعش هێرشی هێنایە سەر کوردستان، هەرێم بووە بەشێکی کاریگەری ئەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەی کە ئەمەریکا سەرکردایەتی کرد.

هەرچەندە ئەمەریکا هەمیشە جەخت لەسەر یەکپارچەیی عێراق دەکات و وەك هەڵوێستیان بەرامبەر ڕیفراندۆم دەریخست، بەڵام لە چوارچێوەی عێراق و لەسەر بنەمای دەستوور هەوڵی بەهێزکردنی هەرێمی کوردستانیش دەدەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی وەبەرهێنانێکی گەورەی ماددی و گیانییان لە عێراقدا کرد بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و سەروەریی یاسا و بۆ ئەوەی عێراقی نوێ ببێتە هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمەریکا، بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ عێراق زیاتر دەبێتە وڵاتێکی نامۆ بەو ئامانجانە و پەیوەندی خراپی ئەمەریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا و سووریا و ناسەقامگیریی لە بەشێکی زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا لە لایەکەوە و سەقامگیریی ئەمنی و سیاسی و سیستەمی حوکمڕانی و کەلتووری لێبوردن و پلۆڕالیزم و سێکیولاریزم و بوونی نەوت و غاز، هەرێمی کوردستانی کردۆتە مەڵبەندێکی سەرنجڕاکێش بۆ ئەمەریکا و ڕۆژئاوا.

هەمیشە دەبێت ئەوە بزانین کە سیاسەتی دەرەوەی هیچ وڵاتێك هەمیشەیی نییە و بە پێی بەرژەوەندی و گۆڕانکارییەکان لە تەرازووی هێزدا و تەنانەت ئایدیۆلۆجیا و دیدی سیاسیی ئەوانەی دەسەڵاتدارن، دەگۆڕێت. فاکتەری دەرەکی گرنگە، بەڵام لەوە گرنگتر فاکتەر و دۆخی ناوخۆیە. ڕاستە بەریتانیا لە ساڵی ٢٠١٧دا پشتگیری خۆی بۆ دامەزراندنی ماڵێکی نەتەوەیی (National Home) لە فەلەستین دەربڕی و بە بەڵێنی بەلفۆڕ ناسرا بۆ پشتگیریی دامەزراندنی دەوڵەتی جوولەکە، بەڵام ئەو بەڵێنە، نەبووە هۆی ئەوەی ئەمەریکا و فەڕەنسا و تەنانەت خودی بەریتانیای دوای یەکەم جەنگی جیهانی بە کردەوە هەوڵی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە بدەن. ماوەی زیاتر لە سی ساڵی خایاند تا دەوڵەتیان دروستکرد. ئەوە سەرکردەکان و لۆبی جوولەکە لە ئەمەریکا و هاوکاری دارایی دایەسپۆرای جوولەکە و ڕێکخستن و چالاکییە سەربازییەکانی جولەکە بوو کە لە ناو فەلەستیندا دەوڵەتی دروستکرد.

**هەرچەندە ئەمەریکا هەمیشە جەخت لەسەر یەکپارچەیی عێراق دەکات و وەک هەڵوێستیان بەرامبەر ریفراندۆم دەریخست، بەڵام لە چوارچێوەی عێراق و لەسەر بنەمای دەستوور هەوڵی بەهێزکردنی هەرێمی کوردستانیش دەدەن**

**سەرکردەکان و لۆبی جوولەکە لە ئەمەریکا و هاوکاری دارایی دایەسپۆرای جوولەکە و ڕێکخستن و چالاکییە سەربازییەکانی جولەکە بوو کە لە ناو فەلەستیندا دەوڵەتی دروستکرد**




پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام

بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی عێراقی لە زانکۆی حەیفا لە ئیسرائیل بۆ گوڵان:

# لە بەرژەوەندیی عێراقدا نییە ببێتە بەشێک لە ململانێی نێوان ئیسرائیل و ئێران

**ئەمازیا بارام پرۆفیسۆرە لە بەشی مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی عێراقییە لە زانکۆی حەیفا لە ئیسرائیل، پێشتریش لەم زانکۆیە سەرۆکی هەمان بەش بووە، هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری عەرەبی-جوولەکە و بەڕێوەبەری ئامۆژگای دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٥٦ بۆ ١٩٦٠ فەرماندەی یەکەی زرێپۆش بووە لە سوپای ئیسرائیل، لە ساڵی ١٩٧١دا وەك مێژوونووسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ و ئیسلام کاری کردووە و کاتێك شەڕی ئێران-عێراق دەستی پێکرد لە ساڵی ١٩٨٠دا کاری لەسەر دۆسییەی عێراق کردووە لە نێو هەواڵگریی سەربازیدا. پرۆفیسۆر بارام خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە کە لە زانکۆی عیبری لە قودس بەدەستی هێناوە و تێزی دکتۆراکەشی لەسەر عێراقی بەعسی بووە. هەروەها لە چەند ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتیدا وەك توێژەر کاری کردووە، وەك سەنتەری نێودەوڵەتیی وودرۆ ویلسۆن و ئەنستیتیوتی برۆکینز. خاوەنی چەندین توێژینەوە و موحازەرەیە لەسەر کۆمەڵگەی عێراقی. لە ساڵی ١٩٨٠وە پرس و راوێژی پێکراوە لەلایەن حکومەتی ئیسرائیلەوە و لە ساڵی ١٩٨٦ەوە لەلایەن ئیدارەکانی ئەمریکاوە پرس و رای پێکراوە (ئیدارەی رۆناڵد رێگان، جۆرج بوشی باوك، بیل کلینتۆن، جۆرج بوشی کوڕ) لەبارەی پرسەکانی پەیوەست بە کاروباری عێراق و ناوچەی کەنداوەوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پتر پەیوەست بوون بە پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی نێو عێراقەوە، بەتایبەتی پرسی هێرشکردنە سەر بارەگا و جبەخانەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی و رەهەند و لێکەوتەکانی ئەم پرسە و ئەگەری ئەوەی ئایا عێراق بۆتە بەشێك، یان دەبێتە بەشێك لە گۆڕەپانی ململانێی نێوان ئێران و ئیسرائیل و ئایا تا چەند ئەگەرێکی لەم چەشنە دەرئەنجامێکی مەترسیدار و نەرێنی لەسەر سەربەخۆیی و سەروەریی عێراق دەبێت. هەروەها پرسی ئەدای حکومەتی عێراق لە پەیوەندی بە مامەڵەی لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** سەرەتا دەمانەوێت لە پرسی پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی نێو عێراقەوە دەست پێ بکەین، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە پرسی هێرشکردنەسەر جبەخانەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە هەیە، کە مشتومڕێکی زۆری لێکەوتۆتەوە و ئاماژە بەوە دەکرێت ئیسرائیل ئەم هێرشانەی ئەنجام داوە، ئێوە چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن و ئایا حکومەتی ئیسرائیل چۆن بیر لەم مەسەلەیە دەکاتەوە؟**

- لە راستیدا لە روانگەی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە بوونی چەکەکانی ئێران، بەتایبەتی مووشەکەکان لە وڵاتی عێراقدا سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسین و بگرە بە هەڕەشەیەکی جددی دەزانێت و ئاشکرایە کە ئێرانیش نەك تەنیا ئەم مووشەکانە لە رێی وڵاتی عێراقەوە رەوانەی سووریا و لوبنان دەکات، بەڵکو لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی زۆری لەو مووشەکانە لە عێراقدا هەڵگرتووە. ئێمەش دەزانین کە هۆکارەکە ئەوەیە کە ئەم مووشەکانە مەودایەکی زۆر نابڕن و لە ئێرانەوە ناگەنە ئیسرائیل، ئەگەرچی ئێران خاوەنی هەندێ لەو مووشەکانەشە کە دەکرێت مەودایان بگاتە ئیسرائیل، بەڵام ئەم مووشەکانە ژمارەیان زۆر نییە، ئەمە لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆری ئەو مووشەکانەی هەیە کە مەوداکورت و مامناوەندن کە ئەگەر بێت و لە رۆژهەڵاتی عێراقدا جێگیر بکرێن و هەڵبدرێن و بتەقێنرێن، ئەوا بە ئاسانی دەگەنە تەل ئەبیب. کەواتە لە گۆشەنیگای ئیسرائیلەوە هێزەکانی حەشدی شەعبی دەبنە بەشێك لە هێزی سەربازیی ئێرانی، ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر جددی و مەترسیدارە. لەبەر ئەوەی هەروەك ئێوەش دەزانن کە لە ساڵی ١٩٨١ەوە ئیسرائیل هێرشی نەکردۆتە سەر عێراق- کە هێرشەکەش بۆ سەر دامەزراوەی ئەتۆمیی عێراق بوو، دوای ئەوە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ عێراقدا نەبووە و تەنانەت لە سەردەمی دەسەڵاتی سەددامیشدا ئیسرائیل کێشەی لەگەڵ عێراقدا نەبوو.

*** ئاماژەتان بەوە کرد کە ئیسرائیل کێشەی لەگەڵ سەددامدا نەبوو، بەڵام ئێمە دەزانین لە**

**سیاسەتمەدارانی عێراق و عادل عەبدولمەهدی و ئەل سیستانی نایەوێت دۆستایەتییان لەگەڵ ئیسرائیل هەبێت، بەڵام کەسایەتیی نیشتمانپەروەرن و نایانەوێت کەس دەستێوەردانی کاروبارە ئەمنییەکانی وڵاتەکەیان بکات**

**شەڕی کەنداودا سەددام کێشەی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبوو و تەنانەت چەند مووشەکێکی ئاراستەی ئەو وڵاتەش کرد، لەم بارەیەوە راتان چییە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە راوێژم دا بە سوپای ئەمریکا لەبارەی سەددام حوسێنەوە- کە لێرەدا ناتوانم وردەکارییەکانی ئاشکرا بکەم-، بەڵکو ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە من بە رادەیەکی کەم هاوکار بووم لە دوورخستنەوەی سەدام حوسێن لە دەسەڵات. بە چەشنێك دوای رووخانی دەسەڵاتی سەددام، ئیسرائیل خۆشحاڵ بوو بەوەی کە بەلای کەمەوە چیتر عێراق نابێتە بەشێك لە هەڕەشە و مەترسیی سەربازی بۆ سەر ئیسرائیل، بەڵام ئێستا دوای نەمانی دەسەڵاتی سەددام ئیسرائیل خۆی لە دۆخێکدا دەبینێتەوە کە ئێران عێراق ناچار دەکات ببێتە بەشێك لە هەڕەشە لە دژی ئیسرائیل، ئەمە دۆخێکی زۆر خراپە و ناهەموارە بۆ عێراق کە تێی کەوتووە. چونکە ئەمە بە تەواوەتی دژی بەرژەوەندییەکانی عێراقە. لەبەر ئەوە و لەم روانگەیەوە دەڵێم کە من هیوادارم حکومەت و دەسەڵاتدارانی عێراق بتوانن رێگە نەدەن چیتر مووشەکی ئێرانی بێتە نێو خاکی عێراقەوە، واتە ئەمە خواست و ئومێدی راستەقینەی ئیسرائیلە، چونکە ئیسرائیل هیچ کێشەیەکی لەگەڵ عێراقدا نییە، واتە ئیسرائیل هیچ کێشەیەکی نییە لەگەڵ گەلی عێراقدا بە کورد و عەرەب و بە شیعە و سوننەوە.

*** باشە ئەم هێرشانەی کە ئەنجام دراون بۆ سەر چەند بارەگایەکی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەلایەن ئیسرائیلەوە چ پەیامێکی هەڵگرتووە و دەیەوێت چی بە عێراق بڵێت؟**

- من ئەم هێرشانەی کە سوپا، یان حکومەت ئەنجامی داوە وەسف دەکەم بە هۆشداری، یان ئاگادارکردنەوەیەك و بگرە دەتوانم بڵێم ئەمە پەیامێکە بۆ حکومەتی عێراق و بۆ پەرلەمانی عێراق کە تکایە بایەخ بەم مەسەلەیە بدەن و سەرنجتان لەسەری بێت، ئەم پەرەسەندنە دەرئەنجامی خراپی دەبێت لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئێوە و رێگری بکەن لە گواستنەوەی مووشەك لە ئێرانەوە بۆ عێراق، چونکە ئێوە پێویستتان بەمە نییە، چونکە هیچ کەسێك هەڕەشە لە ئێوە ناکات و بە هیچ شێوەیەکیش ناکرێت عێراق بڵێ ئەمە بۆ بەرگری لەخۆکردنە. واتە ئەمە راگەیاندنی پەیامێکە بە عێراق کە خۆتان تێوەمەگلێنن لە پرسێکدا کە کێشەی ئێوە نییە و پەیوەندی بە ئێوەوە نییە.

**ئەگەرچی ئێران خاوەنی هەندێ لەو مووشەکانەشە کە دەکرێت مەودایان بگاتە ئیسرائیل، بەڵام ئەم مووشەکانە ژمارەیان زۆر نییە**

*** باشە بۆچی ئیسرائیل هێندە بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا دەکات و لێی دەڕوانێت؟ چی وای لێکردووە ئەم کاردانەوەیەی هەبێت؟**

- لە راستیدا ئەمە پەرەسەندنێکە کە ئیسرائیل زۆر نیگەرانە لەبارەیەوە، ئێمە دەزانین کە ئیسرائیل کەم تا زۆر توانیویەتی سەرکەوتوو بێت لە سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە نێو سووریادا، واتە راستە ئێران بوون و دەستڕۆیشتوویی هەیە لە سووریادا، بەڵام ئیسرائیل توانیویەتی سنوور و رادەیەکی بۆ دابنێت. بەڵام ئەگەر ئێستا و بەهۆی ئەم هەلومەرجە نوێیەوە ناچار بین ئەم کارەش لە عێراقدا دووبارە بکەینەوە، ئەوا ئەمە بارگرانییەکی زیاترە بۆ ئیسرائیل، ئەگەرچی ئیسرائیل دەتوانێت ئەم کارە بکات.

*** ئەی پێت وایە ئەم پەرەسەندنانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر هەڵوێست و پێگەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناو عێراقدا دروست کردووە؟**

- ئاشکرایە کە ئەمە دۆخێکە دژواری بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش دروست کردووە، کە ئێمە دەزانین ئەمریکا پتر لە ٥ هەزار سەربازی لە عێراقدا جێگیر کردووە بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی عێراق بۆ شەڕکردن لە دژی داعش. بەڵام ئەگەر ئیسرائیل بۆردومانی بارەگاکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی بکات، ئەوا ئەمریکا ناتوانێت بە ئاسانی هاوکاریی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوە و شەڕکردن لە دژی داعش بکات. کەواتە دەتوانین بڵێین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش خۆشحاڵ نییە لەم بارەیەوە، هەروەها ئیسرائیل هیچ خۆشحاڵ نییە و نایەوێت ئەم کارە بکات، بەڵام ئەگەر حکومەتی عێراقی نەتوانێت رێگری بکات لە گواستنەوەی مووشەك لە ئێرانەوە بۆ وڵاتەکەی ئەوا رەنگە ئیسرائیل لە دۆخێکدا بێت کە هیچ بژارەیەکی دیکەی نەبێت، جگە لەوەی کە دەبێت ناو بە ناو هێرشێك ئەنجام بدات، ئەمەش دۆخێکە بۆ هیچ لایەك باش نییە، نە بۆ ئیسرائیل و نە بۆ عێراقیش. ئەمە تێڕوانینی منە ئەوەندەی کە ئاگاداری مەسەلەکان بم.

*** هەروەك ئاماژەتان پێکرد ئیسرائیل ئەم پەرەسەندنانە بە هەڕەشەیەکی ئەمنی و راستەوخۆ بۆ سەر وڵاتەکەی هەژمار دەکات و سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتەش رایگەیاند کە پارێزبەندی بە ئێران نادات لە هیچ وڵاتێکدا، پرسیارەکە ئەوەیە**

**ئایا پێشبینی هەڵکشانی زیاتری ئەم پەرەسەندنانە لە ئایندەدا دەکرێت؟**

- بە تێڕوانینی من بەڵێ، دەبێت چاوەڕوانی هەڵکشانی زیاتری ئەم پەرەسەندنانە بکەین، کە ئێمە خوازیاری ئەمە نین و ئەمە دۆخێکی خراپە، هەروەها –هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆشحاڵ نییە لەم بارەیەوە، کە دەبێت ئێمە هەڵوێستی ئەمریکا لەبەرچاو بگرین، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لەو راستییە تێدەگات کە ئەوەی ئێران لە عێراقدا ئەنجامی دەدات، کاریگەریی خراپ و نەرێنی هەیە بۆ سەر ئیسرائیل و بۆ سەر خودی ئەمریکاش. کەواتە دەبێت چاوەڕوانی رووداوی رەوشی هاوشێوە بکەین لە ئایندەدا، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی بتوانێت قەناعەت بە گروپەکانی حەشدی شەعبی بکات، کە چیتر مووشەکی ئێرانی نەهێننەوە نێو خاکی عێراقەوە، واتە بتوانێت پێیان رابگەیەنێت کە ئێمە وەك عێراق نامانەوێت دوچاری کێشە ببین لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکادا و دەمانەوێت بێلایەنیی خۆمان بپارێزین و خوازیاری ئەوە نین ببینە بەشێك لە هێزی سەربازیی ئێران و عێراقیش بەشێك نییە لە ئێران، کەواتە ئەگەر بتوانێت ئەمە بە هێزەکانی حەشدی شەعبی رابگەیەنێت و پێیان بڵێت دەمەوێت ئەمە بوەستێنم، ئەوا کاتە پێویست بەوە ناکات ئیسرائیل هیچ ئۆپەراسیۆنێك لە نێو عێراقدا ئەنجام بدات.

*** بە تێڕوانین و مەزەندەی ئێوە تا چ رادەیەك حکومەتی عێراق ئیرادە و توانای ئەوەی هەیە بەر بەم پەرەسەندنانە بگرێت و کارێك بکات چیتر ئەم رووداوانە دووبارە نەبنەوە؟**

- بە مەزەندەی من حکومەتی عێراق توانای ئەنجامدانی ئەم کارەی هەیە، بە رادەیەکی گەورەش، ئەمەش دەوەستێتە سەر رۆڵ و ئیرادەی سەرۆك وەزیران د. عادل عەبدولمەهدی کە بە راستی ئەمە کار و ئەرکی ئەوە و پێویستە بە ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆی هەڵسێت و جێبەجێیان بکات، کە دەبێت یەکەم هەنگاویشی ئەوە بێت رووبکاتە ئایەتوڵای مەزن عەلی ئەل سیستانی و قسەی لەگەڵدا بکات، کە ئێمە دەزانین ئەل سیستانی خاوەنی کاریگەری و دەسترۆیشتوویی‌یەکی زۆرە و من خودی خۆم بەرێز ئەل سیستانیم نەبینیوە، بەڵام پێم وایە ئەم کەسایەتییەش لەگەڵ ئەوەدا نییە ئێران دەستێوەردانی سەربازی لە ناو عێراقدا بکات، ئەمە شرۆڤە و لێکدانەوە و تێگەیشتنی منە. کەواتە پێویستە د. عادل عەبدولمەهدی رووبکاتە ئایەتوڵا عەلی سیستانی و پێی بڵێت تکایە فەتوایەك دەربکە لەبارەی ئەوەی کە نابێت ئێران دەستێوەردان و تێوەگلانی سەربازی لە ناو عێراقدا هەبێت، چونکە عێراق وڵاتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەرییە و ئێمە بەشێك نین لە ئێران، بەڵکو ئێمە دۆستی ئێرانین و ئێمە ناتوانین ببینە بەشێك لە هێزی سەربازیی ئێران و لە ماکینەی سەربازیی ئێران، کەواتە ئەو دەتوانێت ئەم کارە بکات و پێویستە ئەنجامی بدات. بەڵام من نازانم وەڵامی ئەل سیستانی چی دەبێت و ئاشکرایە کە ئەل سیستانی نایەوێت دوچاری ناکۆکی بێت لەگەڵ ئێراندا و ئەمەش قابیلی تێگەیشتنە. بەڵام من پێم وایە دەبێت ئەم کارە بکات، چونکە سەربەخۆیی و سەروەریی عێراق لە مەترسیدان، کەواتە ئەمە کێشەیەکی گەورەیە ئەگەر عێراق بە راستی بیەوێت سەربەخۆ بێت. دواتر نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە نیوەی پەرلەمانتارانی عێراق لەگەڵ ئەوەدا نین ئێران بەم شێوەیە دەستێوەردان لە کاروباری ئەمنیی عێراقدا بکات. لێرەدا من دەڵێم نیوەی پەرلەمانتاران نەك تێکرای پەرلەمانتاران، چونکە من دەزانم نیوەکەی دیکەی پەرلەمانتاران پشتیوانی لە ئێران دەکەن. بەڵام ئەگەر نیوەی پەرلەمانتاران و ئەگەر ئایەتوڵای مەزن عەلی ئەل سیستانی پشتیوانی لە سەربەخۆیی عێراق بکەن، ئەوا عێراق دەتوانێت کار بۆ سەربەخۆیی خۆی بکات، چونکە ئەگەر ئێران بیەوێت ئەم کارە ئەنجام بدات (دەستێوەردان لە کاروباری ئەمنی عێراقدا) بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەل سیستانی و نیوەی پەرلەمانتارەکانی عێراقەوە، ئەوا ئێرانیش دوچاری دوودڵی دەبێت و کێشەی بۆ دروست دەبێت و کێشەی جددیشی دێتەڕێ. دواتر من ئەوە دەزانم کە سیاسەتمەدارانی عێراق و عادل عەبدولمەهدی و ئەل سیستانی دۆستی ئیسرائیل نین و ئەوان نایەوێت دۆستایەتییان لەگەڵ ئیسرائیل هەبێت، ئەمە واقیعەکەیە و ئیسرائیلیش ناتوانێت هیچ شتێك بکات لەم رووەوە. رەنگە رۆژێك بێت ئەم دۆستایەتییە دروست بێت، بەڵام لە ئێستادا بە هیچ شێوەیەك ئەگەری ئەمە لە ئارادا نییە. بەڵام ئەم کەسایەتییانەی عێراق کەسایەتیی نیشتمانپەروەرن و لەم روانگەیەوە نایانەوێت کەس دەستێوەردان و تێوەگلانی لە کاروبارە ئەمنییەکانی وڵاتەکەیاندا هەبێت.

**لە گۆشەنیگای ئیسرائیلەوە هێزەکانی حەشدی شەعبی دەبنە بەشێک لە هێزی سەربازیی ئێرانی، ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر جددی و مەترسیدارە**

**دوای رووخانی دەسەڵاتی سەددام، ئیسرائیل خۆشحاڵ بوو بەوەی کە بەلای کەمەوە چیتر عێراق نابێتە بەشێک لە هەڕەشە و مەترسیی سەربازی بۆ سەر ئیسرائیل، بەڵام ئێستا دوای نەمانی دەسەڵاتی سەددام ئیسرائیل خۆی لە دۆخێکدا دەبینێتەوە کە ئێران عێراق ناچار دەکات ببێتە بەشێک لە هەڕەشە لە دژی ئیسرائیل**

**پێویستە د. عادل عەبدولمەهدی رووبکاتە ئایەتوڵا عەلی سیستانی و پێی بڵێیت تکایە فەتوایەک دەربکە لەبارەی ئەوەی کە نابێت ئێران دەستێوەردان و تێوەگلانی سەربازی لە ناو عێراقدا هەبێت**

**نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە نیوەی پەرلەمانتارانی عێراق لەگەڵ ئەوەدا نین ئێران بەم شێوەیە دەستێوەردان لە کاروباری ئەمنیی عێراقدا بکات**

*** باشە ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن کە سیاسەتمەدارە نیشتمانپەروەرەکانی عێراق نایانەوێت کەس دەستوەربداتە ناو کاروبارە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەیان و دەیانەوێت پارێزگاری لە سەربەخۆیی عێراق بکەن، ئایا ئەم کەسایەتییانە دەتوانن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دەستێوەردانانە چی بکەن؟**

- من پێم وایە هەنگاوێکی دیکە کە سیاسەتمەدارە نیشتمانپەروەرەکانی عێراق و ئەوانەی خوازیاری دەستێوەردانی ئێران نین، دەتوانن هەڵیبگرن، ئەوەیە کە دەکرێت پەرە بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو بدەن، وەك عەرەبستانی سعودیە و کوەیت و ئیمارات و تەنانەت قەتەریش، بۆچی قەتەر نا؟ خۆ ئێوە دوژمنی قەتەر نین، کەواتە ئەگەر بتوانن پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ ئەم وڵاتانە دروست بکەن، ئەوا دەتوانن ئەو راستییە بە ئێران پیشان بدەن کە ئێوە لە رووی سیاسییەوە سەربەخۆن و ئێوە دۆستتان هەیە لە ئێران و لە عەرەبستانی سعودیە و ئێوە نە سەر بە کەمپی ئێران و نە سەر بە کەمپی عەرەبستانی سعودیە نین، بەڵکو ئێوە وڵاتێکی سەربەخۆن. کەواتە تاوەکو پەیوەندیی نزیکتان هەبێت لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی لە کەنداو، ئەوا ئەم دۆخە لە بەرژەوەندیی هەموو لایەك دەشکێتەوە. ئەو کاتە دەتوانن پەیوەندیتان لەگەڵ ئێرانیش هەبێت، کەس رێگریتان لێ ناکات، ئەگەر ئێوە پەیوەندیی ئابووریتان لەگەڵ ئێراندا هەبێت، ئەوا ئەمە نابێتە مایەی کێشە، تەنانەت ئەگەر ترەمپ رازی بێت، یان نا، ئەگەر ئیسرائیل رازی بێت، یان نا. بەڵام من زۆر راشکاو دەبم لەگەڵتان، ئیسرائیل زۆر نیگەرانە بەم بارودۆخە، چونکە عێراق وڵاتێکی زۆر گرنگە و ئەم دوو وڵاتەش —عێراق و ئیسرائیل - بۆ رۆژگارێکی دوور و درێژ دوژمنی یەکتر بوون لە ساڵی ١٩٤٨ەوە تاوەکو ٢٠٠٣ دوژمنی راستەقینەی یەکتر بوون و ئیسرائیل جارێك هێرشی کردەسەر عێراق و عێراقیش چەند جارێك هێرشی کردەسەر ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ و لە ساڵی ١٩٦٧ و لە ساڵی ١٩٧٣ و ئیسرائیلیش لە ساڵی ١٩٨١دا هێرشی کردە سەر عێراق. کەواتە با ئیدی ئەمە کۆتایی پێ بێت و بەردەوام نەبێت، چونکە لە رۆژگاری پاشایەتیدا شەڕ روویدا لەگەڵ ئیسرائیل و لە سایەی حوکمڕانیی عەبدولڕەحمان عارف جارێکی دیکە شەڕ روویدا و لە سەردەمی دەسەڵاتی سەددام حوسێنیشدا دووجار رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل روویدا. ئیدی با ئەمە کۆتایی بێت و بەس بێت. دواتر ئیسرائیل سنووری هاوبەشی لەگەڵ عێراقدا نییە و هیچ کێشەیەکی لەگەڵیدا نییە، ئەوە عێراق بووە کە ویستوویەتی زیان بە ئیسرائیل بگەیەنێت.

*** کەواتە پێت وایە لە سایەی دەسەڵاتی ئێستای حوکمڕانانی عێراقدا ئەگەری ئەوە هەیە رووبەڕووبوونەوە لەنێوان ئیسرائیل و عێراقدا رووبداتەوە؟**

- ئێمە دەزانین لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هیچ شەڕ و دوژمنایەتییەك روونەداوە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا و لە هەمان کاتدا هیچ پەیوەندییەکیش نەبووە لە نێوانیاندا. بەڵام هەرچۆنێك بێت، نەبوونی پەیوەندی باشترە لە هەبوونی شەڕ لە نێوانیاندا. بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئێران عێراق پەلکێشی شەڕێکی نوێ لەگەڵ ئیسرائیل دەکات. عێراق چ پێویستییەکی بەمە هەیە؟ ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەبێت، ئەوا من نازانم تا چ رادەیەك لە بەغدا کاریگەری هەیە، بەڵام هەرچۆنێك بێت هەندێ کاریگەری هەر هەیە، چونکە پەرلەمانتاری لە بەغدا هەیە و پەیوەندیی هەیە لەگەڵ سیاسەتمەدارانی عێراقیدا بە شیعە و سوننەوە، کەواتە رەنگە کوردستانیش هەندێ کاریگەری هەبێت بۆ ئەوەی لەم رووەوە لە بەغدا بەکاری بهێنێت. خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە ئەم هێرشانە تەنیا و تەنیا ئامانجیان هێزەکانی حەشدی شەعبی بوون، ئەویش نەك لەبەر ئەوە خودی ئەم هێزانە خۆیان لە خۆیاندا ئامانج بن، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە هێزانە چەکی ئێرانیان لابوو، چونکە ئەم هێزانە هەر چەکێکیان بەدەستەوە بێت کە سەرچاوەکەی حکومەتی عێراق بێت، ئەوا هیچ کێشەیەك دروست نابێت، کێشەکە ئەو کاتە دروست دەبێت چەکی ئێرانیان لابێت. کە دەبێت ئەمەش رابوەستێت و کۆتایی پێ بێت.

*** کەواتە کردنی عێراق بە گۆڕەپانی ململانێ و یەکلاکردنەوەی حیسابات لە نێوان ئیسرائیل و ئێراندا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هیچ لایەك ناکات؟**

- لە راستیدا ئەگەر حکومەتی عێراق پێداگری بکات لەسەر ئەوەی وڵاتەکەی نەبێتە گۆڕەپانی ململانێیەکی لەم چەشنە ئەوا حکومەتی ئیسرائیل زۆر خۆشحاڵ دەبێت و هیچ کردەوە و ئۆپەراسیۆنێکیش لەناو خاکی ئەو وڵاتەدا ئەنجام

نادات. بەڵام ئەگەر عێراق بڕیار بدات ببێتە بەشێك لەم گۆڕەپانی شەڕ و ململانێیە ئەوا دەبێت دەرئەنجامەکەشی قبووڵ بکات و باجەکەی بدات.

*** ئەی باشە پێشبینیت چییە لە بارەی ئەگەری کاردانەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی بەتایبەتی کە بە ئاشکرا هەڕەشەیان کردووە کە تۆڵەی ئەم هێرشانە دەکەنەوە، ئایا دەکرێت ئەم کاردانەوانە چ فۆرم و شێوەیەك وەربگرن؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر زۆر قورسە. من پێشتریش وتوومە و ئێستاش راستەوخۆتر و روونتر گوزارشتی لێدەکەم، ئەگەر حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی بڕیارێکی راستەقینە نەدات و توانای راستەقینەی خۆی پیشان نەدات بۆ دەرکردنی بڕیارێکی قورس و ئەگەر لە دژی دەستێوەردانی سەربازیی ئێران لە ناو عێراقدا نەوەستێتەوە، ئەوا عێراق و ئیسرائیل دەکەونە شەڕەوە، ئەگەر ئەم شەڕەش رووبدات، ئەوا سەرۆك وەزیران خۆی بەرپرسیارێتییەکەی هەڵدەگرێت، چونکە ئەو سەرۆك وەزیرانی حکومەتەکەیە. کەواتە ئەگەر ئەو (وەك سەرۆك وەزیران) نەتوانێت حەشدی شەعبی ناچار بکات کە چیتر مووشەکی ئێران هاوردە نەکات، یان چیتر مووشەکی ئێرانی نەهێنێتە نێو خاکی عێراقەوە، ئەوا پێویستە دەست لەکار بکێشێتەوە، چونکە یان دەبێت سەرۆك وەزیرانێك بێت کە سەربەخۆیی عێراق بپارێزێت، یان نابێت ئەم بەرپرسیارێتییە بگرێتە ئەستۆ، واتە ئەگەر نەتوانێت بەرگری لە سەربەخۆیی عێراق بکات و نەتوانێت رێگری لە داگیرکاریی سەربازیی ئێران بۆ عێراق بکات، ئەوا دەبێت دەست لە پۆستەکەی هەڵبگرێت، چونکە ئەوەی ئێستا روودەدات، داگیرکردنی سەربازییانەی عێراقە لەلایەن ئێرانەوە. من لێرەدا باسی ئەوە ناکەم کە پێویستە سەرجەم هێزەکانی حەشدی شەعبی رەوانەی ماڵەوە بکاتەوە، ئەگەرچی کارێکی باش دەکات، ئەگەر ئەمە بکات و بە دڵنیاییەوە دەبێت هەوڵێکی لەم چەشنە بدات، بەڵام رەنگە ئەمە کاتی بوێت و بە دڵنیاییەوە کاتیشی دەوێت، بەڵام ئەگەر نەتوانێت رێگری بکات لەوەی خاکی عێراق بەکار بهێنرێت بۆ گواستنەوەی مووشەك لە ئێرانەوە بۆ سووریا، یان بەکارهێنانی رۆژئاوای عێراق بۆ هەڵدانی مووشەکی ئێران بۆ نێو ئیسرائیل، ئەو کاتە دەبێت دەست لەکار بکێشێتەوە، چونکە ئەو کاتە ناتوانێت بڵێت من سەرۆك وەزیرانم، بەڵکو دەبێتە داردەست و ئامرازێك و ناکرێت خۆی بکاتە بووکەڵەی دەستی ئێران کە ئێستا وای لێهاتووە لە تێڕوانینی ئیسرائیلەوە.

*** ئێوە لە ساڵی ٢٠١٨دا راپۆرتێکی تێروتەسەلتان لەبارەی بارودۆخی عێراق و تەحەددییەکانی بەردەم حکومەتی نوێی عێراق نووسی، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی و ئەنجامدانی رێککەوتنی نوێی سیاسی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و.. هتد، ئایا چۆن هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای ئەم حکومەتە دەکەن لە پەیوەندی بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو تەحەددییانەدا، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە حەشدی شەعبییەوە؟**

- تا ئێستا ئەدای حکومەتی عێراقی زۆر خراپە، بەتایبەتی کە ئێمە دەزانین عادل عەبدولمەهدی بەڵێنی دا کە چەکدارەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی ئاوێتەی سوپا بکات و بیانکاتە بەشێك لە دامەزراوەی سەربازیی وڵاتەکە، بەڵام ئاشکرایە کە ئەو ئەم کارەی نەکرد. دواتر دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت، ئیسرائیل هیچ کاتێك هێرش ناکاتە سەر سوپای عێراق، واتە ئەگەر سوپای عێراق هیچ هێرش و کردەوەیەك لە دژی ئیسرائیل ئەنجام نەدات، ئەوا ئیسرائیل هیچ کاتێك هێرش ناکاتە سەر سوپای عێراق و ئیسرائیل رێزێکی زۆری هەیە بۆ سوپای عێراق، هەروەها ئیسرائیل هیچ شتێك ناکات لە دژی پێشمەرگە، کەواتە بە دڵنیاییەوە ئیسرائیل دوژمنی سوپای عێراق یان پێشمەرگە نییە، لە هەمان کاتدا ئیسرائیل هەست ناکات کە دوژمنی هێزەکانی حەشدی شەعبییە، چونکە حەشدی شەعبی کێشەیەکە و پەیوەستە بە خودی عێراق خۆیەوە و ئەگەر عێراق هیچ رێکارێکیان لەگەڵدا نەگرێتەبەر، ئەوا ئیسرائیل هیچ کێشەیەکی نییە لەم رووەوە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کە دەبێت رێگری لە دەستێوەردانی سەربازیی ئێرانی بکرێت، واتە جگە لەم مەسەلەیە ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بەو پرسەوە نییە. چونکە ئەم دەستێوەردانە مەسەلەیەکە زۆر گرنگ و جێی بایەخە بۆ ئیسرائیل. دواتر دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ئیسرائیل لە رووی جوگرافیاوە وڵاتێکی زۆر بچووکە و ئەگەر بێت و چەند سەت مووشەکێك ئاراستەی ئیسرائیل بکرێت، ئەوا گرنگ نییە بەر چ بەشێکی ئەم وڵاتە دەکەوێت، بەڵام کوژراو و قوربانی لێدەکەوێتەوە. کەواتە ئەگەر بێت و ژمارەیەکی زۆری مووشەك لە

**کێشەکە ئەوەیە ئێران عێراق پەلکێشی شەڕێکی نوێ لەگەڵ ئیسرائیل دەکات. عێراق چ پێویستییەکی بەمە هەیە؟ ئەوەی پەیوەندیی بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەبێت، ئەوا من نازانم تا چ رادەیەک لە بەغدا کاریگەری هەیە**

**ئەگەر حکومەتی عێراق پێداگری بکات لە سەر ئەوەی وڵاتەکەی نەبێتە گۆڕەپانی ململانێیەکی لەم چەشنە ئەوا حکومەتی ئیسرائیل زۆر خۆشحاڵ دەبێت و هیچ کردەوە و ئۆپەراسیۆنێکیش لە ناو خاکی ئەو وڵاتەدا ئەنجام نادات**

> **سەددام یەکێک لە مووشەکەکانی بە ناوی حوسێنەوە ئاراستەی زانکۆی حەیفای ئیسرائیل کرد، ئەویش بە ئامانجی کوشتنی من بوو، چونکە سەددام بە بەرپرسی هەڵدانی مووشەکەکانی وتبوو دەمەوێت ئەو پرۆفیسۆرەی نێو زانکۆی حەیفا بکوژم**

روتبەوە ئاراستەی تەل ئەبیب بکرێت، ئەوا بۆی هەیە لە ئەنجامدا ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ کەس بکوژرێن، کەواتە ناکرێت ئێمە رێگە بدەین بەوەی مووشەکی ئێرانی لە خاکی عێراقدا جێگیر بکرێت، ئێمە ناتوانین رێگە بەمە بدەین. ئێمە دەزانین لە میانەی شەڕی کوەیت لە ساڵی ١٩٩١دا سەددام فەرمانی کرد بە مووشەکبارانکردنی ئیسرائیل و ٣٩ مووشەکی ئاراستەی ئەم وڵاتە کرد، کە خۆشبەختانە تەنیا یەك کەس کوژرا. هەروەها سەددام یەکێك لە مووشەکەکانی بە ناوی حوسێنەوە ئاراستەی زانکۆی حەیفای ئیسرائیل کرد، ئەویش بە ئامانجی کوشتنی من بوو، چونکە سەددام بە بەرپرسی هەڵدانی مووشەکەکانی وتبوو دەمەوێت ئەو پرۆفیسۆرەی نێو زانکۆی حەیفا بکوژم، کە قسەی خراپ لەبارەی منەوە دەکات، خۆ ئەگەر بپرسین بۆچی ئەم مووشەکانە ژمارەیەکی زۆری خەڵکیان نەکوشت، ئەوا لەبەر ئەوە بوو کە زۆربەی ئەو مووشەکانە کڵاوەیەکی بچووکی جەنگییان هەبوو، واتە لە کاتی تەقینەوەدا زیانێکی زۆریان لێنەدەکەوتەوە، ئەوەش مایەی خۆشبەختی بوو، ئەو مووشەکانە تەل ئەبیب و حەیفایان پێکا، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکردن زیانێکی زۆریان لێ نەکەوتەوە. بەڵام ئەگەر بێت و لە ئێستادا ئێران سەدان مووشەك لە رۆژئاوای عێراق جێگیر بکات و ئاراستەی تەل ئەبیب و حەیفایان بکات، ئەوا ژمارەیەکی زۆری خەڵك دەکوژرێن، ئێمە بە تەواوی هۆشیارین بەمە و هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ئیسرائیل هێندە هەستیار بێت بەرامبەر ئەم پرسە و لەبەر ئەمەشە کە پەیامی ئێمە بۆ گەلی عێراق و حکومەتی عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی ئەوەیە کە ئەم کارە نەکەن، چونکە ئەمە کارێکی مەترسیدارە بۆ ئێوە و بۆ ئێمەش، ئەمە پەیامی سەرەکیی ئێمەیە. کەواتە ئەدای حکومەتی عێراق تاوەکو ئێستا لە پەیوەندی بە مامەڵەکردنی لەگەڵ حەشدی شەعبیدا هیچ سەرکەوتوو نەبووە، لەبەر ئەوە دەبێت بە جدیتر مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکەن.

*** ئەی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئێوە چییە بۆ ئەدای حکومەت لە پەیوەندی بە چارەسەرکردنی کێشە و ناڕەزاییەتیەکانی پێکهاتەی سوننەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دانیشتووانی سوننە نەبنەوە نێچیری گروپ و ئایدیا توندڕەوەکان؟**

- من دەمەوێت سەرەتا ئەوە بڵێم کە سوننەکان تەواو شەکەت و ماندوون و نایانەوێت تووشی هیچ کێشەیەکی دیکە ببن، بەڵام ئەگەر حکومەتی عێراقی هیچ هاوکارییەکیان نەکات، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و بۆ ئەوەی ناوچەکانی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە و ئەگەر هەلی کاریان بۆ نەڕەخسێنێت و ناوچەکانیان وەبەرهێنانی تێدا نەکرێت و گەشەکردن بە خۆیانەوە نەبینن، ئەوا لە ماوەی سێ بۆ چوار ساڵی داهاتوودا داعشێکی دیکە دروست دەبێت و سەرهەڵدەدات. دواتر نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت کە تەنانەت ئەدای حکومەت لە باشووردا باش نییە واتە لە بەسرە و ناسریە و عەممارە و کوت، واتە لەم ناوچانەشدا بێکاری هەیە و گەشەکردن نییە و بگرە کێشەی نەبوونی ئاوی خواردنەوە هەیە، کەواتە دەبێت حکومەت کار لەسەر پەرەپێدان و گەشەپێدانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش بکات. هەروەها دەبێت هەرێمی کوردستانیش بەشە بودجەی شایستەی خۆی پێ بدرێت لە داهاتی عێراق. بەڵام خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی ساڵێك لەمەوبەری بەسرە پیشانی دا کە ئەم حکومەتە هیچ کارێك ناکات، بەڵام حکومەتی عێراقی بژارەیەکی دیکەی نییە و دەبێت ئەم کارە بکات و پەرە بەم ناوچانە بدات. ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، ئەوا دۆخەکە تا رادەیەك باشترە، هەرچەندە لە ئاستی تمووحدا نییە، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەوەی کراوە سەرەتا و دەستپێکێکی باشە و راستە رووبەڕووی دژواری بوونەتەوە، بەڵام توانیویانە تا رادەیەك ئیدارەی دۆخەکە بکەن، ئەمە لە کاتێکدا دۆخەکە لە خوارووی عێراق و لە ناوچە سوننەنشینەکانیشدا زۆر خراپە. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە دەبێت حکومەتی عێراق ئاوڕ لەم مەسەلەیە بداتەوە. بە دڵنیاییەوە من هیوای سەرکەوتن بۆ حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دەخوازم، بەڵام پێم وایە دەکرێت کاری زۆر زیاتر بکرێت، ئەمە لێکدانەوە و حوکمدانی منە لەم بارەیەوە. خاڵێکی دیکە هەیە کە من دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم، ئەویش ئەوەیە ئێران لە رووی ئابوورییەوە دەستڕۆیشتوویەکی زۆری لە عێراقدا هەیە، ئەمەش کێشەی ئیسرائیل نییە، بەڵکو کێشەی بەغدایە، بەڵام پێویستە وڵاتی ئێوەش دەست بکات بە پەرەپێدانی پیشەسازی ناوخۆیی و پیشەسازیی نەوت و غاز و بەرهەمهێنانی کارەبا و خاوێنکردنەوەی ئاو، واتە پێویست ناکات بۆ هەموو پێداویستییەك رووبکەنە ئێران. بەڵام ئەوەتا دۆخی کشتوکاڵ لە وڵاتی

ئێوەدا زۆر خراپە. من لێرەدا پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە من بۆ ماوەی چەند رۆژێك لە وڵاتی ئیمارات بووم- کە ناچمە نێو وردەکارییەکانەوە لێرەدا- دەتوانم بڵێم ئیمارات و هەروەها سعودیەش- ئەگەرچی من سەردانی ئەو وڵاتەم نەکردووە- ئامادەن هاوکاریی عێراق بکەن بە شێوەیەکی گشتی، بە دڵنیاییەوە بە کوردستانیشەوە، بەڵام دەکرێت لە فاو و بەسرە و ناسریەوە دەست پێ بکرێت، کەواتە دەکرێت هەنگاوی سەرەتا دەست بە هاوکاریی ئابووری بکرێت، مەبەستم ئەوەیە دەکرێت لە یەك کاتدا پەیوەندیتان لەگەڵ ئێران و لەگەڵ ئەم وڵاتانەشدا هەبێت، هیچ کێشە و گرفتێك نییە لەم رووەوە و ئەمە لە بەرژەوەندیی خودی عێراقە، بەڵام نابینین حکومەتی عێراق هیچ کارێك بکات لەم رووەوە.

*** ئەی چۆن لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا دەڕوانن و پێتان وایە بە چ ئاراستەیەدا دەڕوات؟**

- من دەمەوێت ئەوەتان پێ بڵێم کە بەغدا بە راستی دژی بەرژەوەندییەکانی ئێوە نییە، واتە راستە رەنگە بیروبۆچونی جیاواز و بگرە ناکۆکی لە نێوانتاندا هەبێت، بەڵام ئەوەی دەکرێت بوترێت، ئەوەیە کە عادل عەبدولمەهدی کەسێکی باشە بۆ کورد و ئێوە ئەو باش دەناسن و ئەویش ئێوە باش دەناسێت، واتە لە ئێستادا سەرۆك وەزیرانێك لە بەغدا حوکمڕانە کە هاوسۆزە لەگەڵ خۆبەڕێوەبەرییەکەی ئێوەدا کە دەبێت ئێوەش سوود لەم دەرفەتە وەربگرن و تا ئێستاش ئەدایەکی باشتان هەبووە. هەرچۆنێك بێت پێویستە هەردوولاتان لەسەر تێکڕای کێشە سەرەکییەکان رێککەوتن بکەن و بگەڕێنەوە بۆ دۆخ و پەیوەندییەکی ئاسایی. ئەو دۆخە خۆبەڕێوەبەرییەی هەتانە دەستکەوتی زۆری هەبووە بۆ ئێوە، من لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئێوە دەتوانن رێککەوتن بکەن لەسەر مەسەلە گرنگەکانی وەك داهاتی نەوت و کێشەی سنووری نێوانتان و.. هتد. چونکە پەیوەندیی ئێوە لەگەڵ بەغدا جیاوازە لە پەیوەندیی نێوان ئێمە فەلەستینییەکان، چونکە فەلەستینییەکان دەیانەوێت ئیسڕائیل تێکبشکێنن، واتە نایانەوێت سەربەخۆ بن لە نابلس و لە خلیل و لە قودس، ئەمە خەونی ئەوان نییە، بەڵکو خەونی ئەوان داگیرکردنی تەل ئەبیبە، من باسی فەلەستینییەکان وەك تاکەکەس ناکەم، بەڵکو وەك کۆمەڵگە و وەك دەستەجەمعی ئەوان دەیانەوێت ئیسڕائیل تێکبشکێنن و حەماس بە ئاشکرا ئەمەی ڕاگەیاندووە و تەنانەت ئەبو مازنیش نایەوێت ئیعتیراف بە مافی مانەوەی ئیسڕائیل بکات، چونکە ئەگەر کارێکی وابکات، دەیکوژن، کەواتە وەك کۆمەڵگە ئەمە تێڕوانینی فەلەستینییەکانە، ئەمە شتێکە کە گوێم لێ بووە و خوێندوومەتەوە. کەواتە ئەمە خەونی ئەوانە و ئەگەر ئەمەش خەونی ئەوان بێت، ئیدی چۆن دەتوانین ئاشتییان لەگەڵدا بکەین؟ بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا کورد نایەوێت بەغدا داگیر بکات، بە هەمان شێوە بەغداش نایەوێت هەولێر، یان هەڵەبجە یان سلێمانی داگیر بکات، بەغدا نایەوێت ئەم کارە بکات، بەڵکو هەموو ئەوەی دەیەوێت، ئەوەیە کە بگاتە رێککەوتن لەگەڵ ئێوە لەبارەی داهاتی نەوت و بەشە بودجەی کوردستان و سنووری نێوانتان، واتە لە بنەڕەتدا بەغدا شەرعییەتی ئێوەی قبووڵ کردووە و ئەمەش بێ ئەندازە گرنگە، کەواتە زۆر گرنگە لە سایەی ئەم هەلومەرجەدا ئێوە خاوەنی خۆبەڕێوەبەری بن، من باوەڕم وایە کە رۆژێك دێت ئێوە سەربەخۆ دەبن، بەڵام هیچ پێویست ناکات پەلە بکەن.

*** کەواتە ئێوە گەشبینن بە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی لە بەغدا؟**

- بەڵێ، ئەمە راستە و بە دڵنیاییەوە من گەشبینم و لەم رووەوە ئێوە پێویستتان بەو سەرکردە سیاسیانە دەبێت کە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا بکەن، بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکان. دواتر من دەمەوێت قسەکانم بەوە کۆتایی پێبێنم کە کارێکی زۆر مەترسیدارە بۆ ئەوە کە تەنیا پشت بە داهاتی نەوت ببەستن، ئیدی ئەو داهاتە لە بەغداوە بەدەست بهێنن، یان لە فرۆشتنی نەوتەوە لەلایەن خۆتانەوە. نابێت هیچ وڵاتێك بە تەنیا پشت بە داهاتی ئەو سەرچاوەیە ببەستێت کە لە ژێر زەویدایە، بەڵکو دەبێت کار بکەن لەسەر پەرەپێدانی شارەزایی و پیشەسازیی خۆتان بدەن، هەروەها دەبێت سەرەتا بایەخ بە پەروەردە بدەن، بۆ ئەوەی بگەنە ئاستی وڵاتێکی وەك ئیسڕائیل، یان بەلجیکا، یان هەر وڵاتێکی پێشکەوتووی دیکە، کەواتە پێویستە هەرێمی کوردستان پەرە بە ئابوورییەك بدات کە بە رادەیەکی گەورە پشت بە داهاتی نەوت نەبەستێت، ئەمە گرنگترین هەنگاوە کە هەرێمەکەی ئێوە بیگرێتەبەر.

**عادل عەبدولمەهدی کەسێکی باشە بۆ کورد و ئێوە ئەو باش دەناسن و ئەویش ئێوە باش دەناسێت، واتە لە ئێستادا سەرۆک وەزیرانێک لە بەغدا حوکمڕانە کە هاوسۆزە لەگەڵ خۆبەڕێوەبەرییەکەی ئێوەدا کە دەبێت ئێوەش سوود لەم دەرفەتە وەربگرن و تا ئێستاش ئەدایەکی باشتان هەبووە**




# مەزاری نەمران ئارامگەیەک بۆ هەمووان سیمبولێک بۆ مرۆڤایەتی



**خەڵات بارزانی**

بۆ گوڵان نووسیویەتی



بەسەرکردنەوەی مەزاری نەمران لە دەڤەری بارزان سەنتەری رووبەڕووبوونەوە و بەرخۆدان، بە تەنیا بریتی نییە لە بەسەرکردنەوەی گۆڕی رابەران و سەروەرانی نەتەوەیەك، بەڵکو بۆتە هەڵگری زیاتر لە چەندین مانا و گوزارشتی پڕبەها، جگە لەوەی مەزاری نەمران وەك سیمبولێکی شۆڕشگێڕی و خۆشەویستیی نیشتمان و خاك و وڵات و نەتەوایەتی دەردەکەوێ، لەدیوێکی دیکەشەوە بۆتە ناوەندێك بۆ نوێبوونەوەی بەڵێن و وەرگرتنی وزەی نیشتماندۆستی و تۆخکردنەوەی رەنگەکانی کوردایەتیی راستەقینە، پاشانیش وەك شوێنگەیەك بۆ ئارامبوونەوەی رۆحی پەیڕەوانی رێبازەکە و تەنانەت دەرەوەی رێبازەکەش، یەکلایی بۆتەوە.

لە دەروازەی دەڤەری بارزانەوە زیاتر هەست بە ژیانەوە دەکەیت، هەر لە ژیانەوەی درەخت و باخ و رەز و شاخ و دەشت و بنارەکانیەوە، تا دەگاتە جوانیی دیمەنی ئەو ئاژەڵە ماڵی و کێوییانەی کە بە قەد مرۆڤەکان هەست بە ئاسایشی ژیان دەکەن. لە مێژووی بارزاندا بوونی کەنیسەی مەسیحییەکان و پەرستگای یەهوودییەکان و مزگەوتی موسڵمانان بە دووری تەنیا چەند مەترێك لە یەکترییەوە لە ناوچەکە، هێمایەکی ئاشکرا بووە بۆ بوونی رەنگەکانی ژیانکردن لە ناوچەکە و نیشتمانیك بۆ هەمووان بەبێ جیاوازی، بە تایبەت بە بڕوابوونێکی پتەو و بە رێزگرتن و قبووڵکردنی جیاوازییە ئایینی و کولتووری و مەزهەبییەکان لە ناوچەکە، هەر کەسێك سەردانی بارزان بکات، تێدەگات کە بارزان لە رووی پاراستنی (ژینگە و سرووشت و کولتوورێکی بەرزی کۆمەڵایەتی و هونەردۆستی و ئایین و خۆشەویستیی خاك و چەندین بەهای کۆمەڵایەتیی دی) نموونەی ناوچەیەکی پڕ ژیانن.

ئەوەی جێی سەرنج و بایەخە رۆژانە و بە بەردەوامی خەڵکێکی زۆر لە هەموو چین و توێژەکان سەردانی بارزان و ئارامگەی نەمران دەکەن. هەڵبەتە ئەوەی ئەم ئارامگەیە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ساڵانە بە هەزاران کەس لە نەتەوە و ئایین و لایەن و لایەنگری سیاسیی جیاواز و تەنانەت کونسوڵ و نوێنەری وڵاتان و شاندە بیانییەکان، وەك ئارامگەیەکی رۆحیی باڵا مەزارەکە بەسەردەکەنەوە.

سەردان و بەسەرکردنەوە مەزاری نەمران لە چوارچێوەی تەنیا سەردانکردن دەرچووە و هەندێك جار شێوازی جیاوازی سەلماندنی وەفا دەگیرێتەبەر، لەوانە بڕینی رێگایەکی دوور لە ناوچە جیاوازەکانەوە بەپێ و بەبێ بەکارهێنانی هۆیەکانی گواستنەوە، کە چەندین شەو و رۆژ لە رێگادا دەمێننەوە، تەنیا لەپێناو وەفا و دڵسۆزی بۆ رێبازی بارزانی، ئەم بەسەرکردنەوانە بۆ سەلماندنی پیرۆزیی رێبازێك کە چەندین ساڵە پەیڕەوانی لە پاراستنی رێبازەکە بەردەوامن، پەیامێکی بەهادارە.

کاتیەتی دووپاتی ئەو حەقیقەتە بکەینەوە، کە مەزاری نەمران، مەزاری چینێك، توێژێك، هێزێك، حزبێك، نەتەوەیەك، ئایین و ئایینزایەك و ناوچەك نییە بەتەنیا، بەڵکو مەزاری نەمران بۆ هەمووان ئارامگەیەکی رۆحییە.



**د. فەرهاد عەلی شاکر**

کونسوڵی فەخریی ئۆکرانیا لە هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# دەکرێت لە بوارەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و کارەبادا خزمەتێکی باشی هەرێمی کوردستان بکەین

**ئەزموونی وڵاتی ئۆکرانیا بۆ هەرێمی کوردستان گرنگیی تایبەتی هەیە، ئۆکرانیا یەکێك بووە لەو وڵاتە مەرکەزییانەی ئابوورییەکەی لە فەلسەفەیەکی سۆشیالیستییەوە بۆ فەلسەفەی ئابووریی بازاڕ بردووە، ئەوانیش لەقۆناغی راگوزەردا دوچاری چەندین گرفت و کێشە بوون، بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی بەهێزبوونی کەرتی تایبەت و چارەسەرکردنی ئەو گرفت و کێشانەی دێتە بەردەم گواستنەوەی کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی د.فەرهاد عەلی شاکر کونسوڵی فەخریی وڵاتی ئۆکرانیا لە هەرێمی کوردستان کرد، کە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری وزە، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین وەکو کونسوڵی فەخریی وڵاتی ئۆکرانیا لە هەرێمی کوردستان چالاکییەکانی کونوسڵگەریی فەخری چییە و گرنگترین ئەو کار و چالاکییانەی لەهەرێمی کوردستاندا ئەنجامی دەدەن، چین؟**

- لە هەموو جیهاندا بەپێی رێککەوتننامەی ژنێڤی ١٩٦٢ چالاکییەکانی کونسولگەریی فەخری بریتییە لەبەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان وڵاتێك لەگەڵ وڵاتێکی دیکەدا، ئەم پەیوەندییانەش بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کولتووری و بازرگانی و کۆمەڵایەتی و هونەری و رۆشنبیری دەگرێتەوە، ئێمەش لەم چوارچێوەیەدا ئەرکی سەرەکیی کونسوڵخانەکەمان بەهێزکردنی پەیوەندییەکانمانە لەنێوان ئۆکرانیا و هەرێمی کوردستان. کردنەوەی کونسوڵخانەکەی ئێمەش بە رەزامەندیی حکومەتی عێراق بووە و سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەم کە ئاسانکارییان بۆ کردین و ئومێدەوارم هاریکاریی زیاتریشمان بکرێت، بۆ ئەوەی بەهەردوو لامان بتوانین پەیوەندییەکانی نێوان ئۆکرانیا و هەرێمی کوردستان بەهێز بکەین. لەم رووەوە ئێمە دەستمان بە سەردان و دیدارو گفتوگۆکانمان لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت و نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بازرگان و بیزنسمانەکان کردووە، ئەمەش وەکو ئامادەکارییەك بۆ دەستپێکردنی هەموو ئەو چالاکییانەی کە ئاماژەم پێدا، من کە راسپێردرام ببمە کونسوڵی فەخریی ئۆکرانیا لەهەرێمی کوردستان، زۆرم پێ خۆش بوو، چونکە لە نێوان ئۆکرانیا و هەرێمی کوردستاندا زۆر شتی هاوبەش هەیە.

*** وڵاتی ئۆکرانیا دەتوانێت چی پێشکەشی هەرێمی کوردستان بکات، بەتایبەتی کە ماوەیەکە ئێوە سەردانی بەرپرسانی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستانتان کردووە و لە نزیکەوە گوێبیستی ژینگەو دۆخی ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستان و هەموو ئەو کەموکووڕی و کێشەوگرفتانە بوون، کە هەرێمی کوردستان لەچەند ساڵی رابردوودا دووچاری بووە؟**

- ئۆکرانیا وڵاتێکی گەورەی ئەورووپایە و بە وڵاتێکی پیشەسازی و کشتوکاڵی دادەنرێت، ماوەیەکی زۆریشە خەڵکی کوردستان روویان لەم وڵاتە کردووە و ئێستا لۆبییەکی کوردی لە ئۆکرانیا بوونی هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی رێژەیەکی زۆری قوتابییانی کورد بەمەبەستی خوێندن روویان لەم وڵاتە کردووە، ئەمەش سەرەتایەکی باش بوو بۆ کردنەوەی دەرگا لەبەردەم بیزنسمان و بازرگانە کوردەکان و تێکەڵبوونیان بە واقیعی ئابووریی ئەو وڵاتە، ئێستا لەبازاڕەکانی کوردستاندا کەرەستە و کەلوپەلی تایبەت بە خواردن و کشتوکاڵی و پیشەسازیی و کانزاکاری، بەتایبەتی ئاسن و شیشی ئۆکرانیا لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا هەیە، تەنانەت لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا پەیوەندییەکانی ئۆکرانیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەبوارەکانی بازرگانی و کەلوپەلی پیشەسازیی و کەرەستەی کشتوکاڵی زۆر بەرەوپێشەوە چووە، ئەرکی ئێمەشە بە وردی سەیری بارودۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان و شێوازی بەڕێوەچوونی ئابووری و بازرگانی و سێکتەرەکانی دیکە بکەین، تاوەکو

**لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا پەیوەندییەکانی ئۆکرانیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەبوارەکانی بازرگانی و کەلوپەلی پیشەسازیی و کەرەستەی کشتوکاڵی زۆر بەرەوپێشەوە چووە**

**هەرێمی کوردستان لەماوەیەکی کەمدا و لەدوای ٢٠٠٣ـەوە توانی پێشکەوتنی باش بەخۆیەوە ببینێت و لە ناوەندە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکاندا دەرکەوێت و پێگەیەکی باشی هەبێت**

**هەرێمی کوردستان لە رووی ئاسایش و سەقامگیری و پێکەوەژیانی کولتووری و ئایینی و تەنانەت بەرزیی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیشەوە، لەچاو بەشەکانی دیکەی عێراق جیاوازییەکی گەورەی هەیە**

**ئێمە لە ئۆکرانیا خاوەنی چەندین کۆمپانیای بەرهەمهێنانی شیش و ئاسن و کێبڵ و محاویلە و ئامێری کارەباییین کە دەکرێت کوردستان لە قۆناغی بونیاتنانی ژێرخانی کارەبادا سوودی لێ وەربگرێت**

**بۆ ئەوەی کوردستانیش هەڵەکانی ئێمە دووبارە نەکاتەوە، پێویستە بە سیستەمێکی رێکوپێک و باشی ئابووری و وڵات لە مەرکەزییەوە بگۆڕێت بۆ سیستەمی ئابووری بازاڕ و پەلەشی تێدا نەکرێت**

ئەم واقیعە بەمەبەستی پێشخستن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتەکەی خۆمان بگوازینەوە.

*** لەسەر واقیعی ئابووری و چۆنێتی بەڕێوەچوونی کەرتی بازرگانی و پیشەسازی و وەبەرهێنان و کشتوکاڵ لەسەر هەرێمی کوردستان چ شارەزاییەکتان پەیدا کردووە؟**

- من پێم وایە هەرێمی کوردستان لەماوەیەکی کەمدا و لەدوای ٢٠٠٣ـەوە توانی پێشکەوتنی باش بەخۆیەوە ببینێت و لە ناوەندە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکاندا دەرکەوێت و پێگەیەکی باشی هەبێت، هەر ئەمەشە وایکردووە کە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان لەسەر ئاستی کونسوڵخانە و نووسینگە شوێنی خۆیان لەم هەرێمە بکەنەوە، وڵاتی ئۆکرانیاش هەر لەسەر ئەو بنەمایە رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە و کونسوڵگەرییەکی فەخریی لە هەولێر کردۆتەوە، هەرێمی کوردستان لە رووی ئاسایش و سەقامگیری و پێکەوەژیانی کولتووری و ئایینی و تەنانەت بەرزیی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیشەوە، لەچاو بەشەکانی دیکەی عێراق جیاوازییەکی گەورەی هەیە، بە تێڕوانینی ئێمەش ئەم خاڵانە هەمووی ئەرێنین و گەشبینی دەبەخشێتە هەموو ئەو ئەگەرانەی کە باس لە گەشەکردن و پێشکەوتن دەکات، ئەمە وێڕای ئەوەی کوردستان بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و نەوتی و کانزاکاری خاوەنی خاکێکی بەپەپیت و ژینگەیەکی لەبارە، واتا لەسەرجەم بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵیدا دەکرێت زۆر پێش بکەوێت، سەبارەت بەسیستەمی حوکمڕانییش ئەگەر هەڵسەنگاندن بۆ هەرێمی کوردستان بکەین، لەچاو وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، یان وڵاتانی جیهانی سێیەم، ئەوا دەکرێت بڵێین کوردستان بە بەراورد بە مەنزومەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم، خاوەنی سیستەمێکی باشی حوکمڕانییە.

*** هەرێمی کوردستان خاوەنی نەوت و سامانێکی سرووشتیی دەوڵەمەندی غاز و کانزایە، بەو پێیەی وڵاتی ئۆکرانیا لەم بوارەدا توانایەکی باشی پیشەسازیی هەیە، ئایا دەکرێت لە داهاتوودا کۆمپانیاکانی ئۆکرانیا روو لە هەرێمی کوردستان بکەن و لە رووی تەکنەلۆژیا و شارەزایی و تەکنیکییەوە هاوکاریی گەشەسەندنی پیشەسازی پترۆکیمیایی و نەوتی کوردستان بکەن؟**

- من خۆم خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرام لە بواری وزە، هەر بۆیە ناوەڕۆکی ئەو پرسیارەی بەڕێزتان لە منەوە زۆر نزیکە، ئۆکرانیا یەکێکە لەو وڵاتە گەورانەی خاوەنی وزەی ئەتۆمییە، کە لەبواری بەرهەمهێنانی وزە توانایەکی گەورەی پێ بەخشیوە، ئەمە وێڕای ئەوەی بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا وێستگەی هایدرۆپاوەری هەیە و وێستگەی دیکەشی لە غازی سرووشتی و خەڵوزی بەردین هەیە، ئەم جۆراوجۆرەییەی سەرچاوەی بەرهەمهێنانی وزە وایکردووە کە وزەی کارەبا بەوڵاتانی ئەورووپاش بفرۆشێت، هەربۆیە لەکاتی سەردانمدا بۆ لای جەنابی وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەم باس کرد، کە کۆمپانیا ئۆکرانیاکان زۆر بەتوانان و دەتوانن لەم بواری وزەدا زۆر شت پێشکەشی هەرێمی کوردستان بکەن، ئەمە جگە لەوەی لەرووی تێچوون و کوالێتیشەوە بەراورد بەوڵاتانی دیکە، بەرهەمەکانی وڵاتی ئۆکرانیا گونجاوتر و هەرزانترن، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە کوردستان پێویستی بەوزەی کارەبا و رێکخستنی کەرتی خزمەتگوزاریی کارەبا هەیە، لەلایەکی دیکەوە ئێمە لە ئۆکرانیا خاوەنی چەندین کۆمپانیای بەرهەمهێنانی شیش و ئاسن و کێبڵ و محاویلە و ئامێری کارەباییین کە دەکرێت کوردستان لە قۆناغی بونیاتنانی ژێرخانی کارەبادا سوودی لێ وەربگرێت. حاڵەتێکی دیکە کەسەرنجی راکێشام بواری دامەزراندنی وێستگەکانی هایدرۆپاوەرە، کە وزەی کارەبا لەرێگەی دانانی بەنداوەوە دروست دەکات، ئێمە لەزەمەنی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو لەبواری دروستکردنی بەنداو سوود وەرگرتن لەبەنداوەکان بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، هەنگاوی گەورەمان ناوە، وڵاتی ئۆکرانیا لە لیبیاو سوریاو تورکیا و زۆر وڵاتی دیکەی ئەفریقیایی و ئەورووپایش بەنداوی دروست کردووەو سوودی لێوەرگرتووە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، یەکێك لەو بەنداوانەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وڵاتی ئۆکرانیا شانازی پێوە دەکات وێستگەی فوراتە.



*** وەکو ئاماژەت پێکرد کە بە وردی بەدواداچوون بۆ دۆخی ئابووری و ئەو گرفت و کێشانە دەکەیت، کە هەرێمی کوردستان لەبواری ئابووریدا بەخۆیەوە دەبینێت، ئایا لەقۆناغی راگوزەری گواستنەوەی کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت کە لە ئۆکرانیا روویداوە، چی بکرێت بۆ ئەوەی بەسەر کۆسپ و ئاستەنگەکاندا زاڵ ببین؟**

- راستە ئۆکرانیا لەچوارچێوەی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو وڵاتێکی سۆشیالیستی بووە و دوایی بەرەو ئابووریی بازاڕ رۆیشت، ئێمەش لەسەرەتادا هەڵەی زۆرمان کرد، چونکە خاوەنی ئەزموون نەبووین، هەربۆیە راستەوخۆ بەتایبەتکردنمان کردو زۆر لە کەرتەکان درایە گەورە کۆمپانیاکان و سەرمایەدارەکان، ئەوانیش قۆرخکارییان کرد و زیانی گەورەیان بە ئابوورییەکەمان گەیاند، ئێمە هەر زوو درکمان بەو مەترسییە کردو دەستمان بە چاککردنەوەی ئەو گرفت و کێشانە کرد. سەرەتا دەستمان بە توێژینەوەی زانستی کردو چاکسازیمان کرد، بۆ ئەوەی کوردستانیش هەڵەکانی ئێمە دووبارە نەکاتەوە، پێویستە بە سیستەمێکی رێکوپێك و باشی ئابووری و وڵات لە مەرکەزییەوە بگۆڕێت بۆ سیستەمی ئابووریی بازاڕ و پەلەشی تێدا نەکرێت، وەکو ئەوەی لای ئێمە روویدا، کە تا ئەمرۆ باجی ئەو هەڵانە دەدەینەوە.

*** لە سەرەتای قسەکاندا باستان لە کەرتی کشتوکاڵ و توانای وڵاتی ئۆکرانیا کرد، وەکو ئاشکرایە هەرێمی کوردستانیش خاوەنی ژینگەیەکی لەبارە بۆ گەشەکردنی کشتوکاڵ و هەنگاونان بەرە و پیشەسازیی کشتوکاڵی، پرسیار ئەوەیە، ئایا وڵاتی ئۆکرانیا لەم بوارەدا چۆن دەتوانێت هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکات؟**

- ئۆکرانیا لەکشتوکاڵدا زۆر بەناوبانگە و زۆربەی بەرهەمەکانی بەرە و وڵاتانی ئەورووپا دەڕوات، من خۆم ساڵانێك لە بواری بیزنسدا لەسەر کەرتی کشتوکاڵ کارم کردووە و خاوەنی کێڵگەیەکی کشتوکاڵیی گەورەم، لەم بوارەدا پلانمان هەیە کە شاندێکی گەورە لە بەرپرسانی پەیوەندیداری کشتوکاڵی و بیزنسمان و گەورەکۆمپانیاکانی ئۆکرانیا سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن، ئێمە توانیومانە کشتوکاڵ بەرەو پیشەسازیی کشتوکاڵی ببەین و شارەزایی و توانایەکی گەورەمان لەم بوارەدا هەیە و دەتوانین هاوکارێکی باشی هەرێمی کوردستان بین.

**پلانمان هەیە کە شاندێکی گەورە لە بەرپرسانی پەیوەندیداری کشتوکاڵی و بیزنسمان و گەورەکۆمپانیاکانی ئۆکرانیا سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن**

# بردنەوەی شەڕ و گرنگی لەدەستنەدانی ئاشتی لە عێراقدا

ئاشکرایە کە عێراق وڵاتێکە کە پەرەسەندنەکان و پێشهاتەکانی بە ئەرێنی یان نەرێنی کاریگەری و دەرئەنجامی دەبێت لەسەر دەوڵەتانی دراوسێ و تەواوی ناوچەکە، لە ماوەی رابردووشدا ئەم وڵاتە چەندین رووداو و پەرەسەندنی گەورەی بەخۆوە بینی، کە دەکرێت ئاماژە بە دیارترینیان بکەین، کە بریتی بوو لە داگیرکردنی ئەم وڵاتە لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا، کە وەك لەو کاتەدا ئاماژەی پێ دەکرا، ئامانجەکەش بریتی بوو لە رێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ و هێنانەئارای دیموکراسی لەم وڵاتەدا، هەروەك لیندا رۆبینسۆن لە وتارێکیدا بە ناوی «بردنەوەی ئاشتی لە عێراق، دەست لە دیموکراسیەتی لەرۆزکی عێراق هەڵمەگرن»، ئاماژەی پێدەکات، بەڵام هەروەك ئەم نووسەرە دەڵێت، کاتێك سوپای ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١ عێراقی جێهێشت، ئەم خەیاڵپڵاوی و وەهمە تێکشکا، چونکە شەڕەکە ٧٣١ ملیار دۆلار لەسەر ئەمریکا راوەستا، ئەمە جگە لەوەی بووە هۆی کوژرانی ١١٠،٠٠٠ عێراقی و ٥٠٠٠ سەربازی ئەمریکی و زیانێکی درێژخایەنیشی بە پێگەی نێودەوڵەتیی ئەمریکا گەیاند. داگیرکارییەکە بووە هۆی سەرهەڵدانی یاخیبوون لەو وڵاتەدا کە توانرا لە ساڵی ٢٠١١دا خامۆش بکرێت، بەڵام دوای پاشەکشەی سوپای ئەمریکا جارێکی دیکە دروست بۆوە و لە سەرەنجامدا گروپێکی وەك داعشی لێ دروست بوو، کە بەشێکی زۆری رۆژئاوای عێراقی داگیرکرد.

**● ئایا ئەمە ساتەوەختێکی جیاوازە؟**

داگیرکارییەکەی داعش بۆ بەشێکی زۆری خاکی عێراق بێ کاردانەوە و پەرچەکرداری نێودەوڵەتی تێنەپەڕی و کاتێك عێراق لەبەردەم لێواری هەڵدێردا بوو، ئەمریکا هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی پێکهێنا بۆ بەرەنگاربوونەوە و تێکشکاندنی ئەم هەڕەشەیە، کە وەك نووسەر لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێدەکات، ئەم هاوپەیمانێتییەش سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا و، ئەو پێی وایە ئێستا عێراق وڵاتێکی جیاوازە و کاتی ئەوە هاتووە کە ئەم دەرفەتە لەدەست نەدرێت و گوڕ و تینی سەرکەوتن لەم شەڕەدا بگۆڕدرێت



بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی جیۆپۆلەتیکیی درێژخایەن. ئەو پێی وایە کە ئەوەی جێی داخە لەم رووەوە ئەوەیە کە زۆرێك لە ئەمریکییەکان شەکەتی دەستی تێوەگلانی وڵاتەکەیانن لە عێراقدا و ئەو دەرفەتە بەدی ناکەن کە رەخساوە بۆ هێنانەئارای دەرئەنجامێکی باشتر لەوەی کە چەند پێش ئێستا ئومێدی بۆ دەخوازرا.

**● هەڵەکە لە چیدایە؟**

ئەم رەخنەیەی ئەم نووسەرە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرسی بردنەوەی شەڕ و لەدەستدانی ئاشتی، بە واتای ئەوەی ئەگەر کار نەکرێت بۆ چەسپاندنی دەستکەوتەکانی شەڕ و دروستکردنی زەمینەیەکی پتەو بۆ ئاشتییەکی درێژخایەن، ئەوا هەمیشە ئەگەری داڕووخانی بارودۆخەکە لە ئارادا دەبێت و، بەو پێیە هەمیشە ئەگەری دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕ یەخەی وڵاتەکە دەگرێت. لەبەر ئەوە پێی وایە زۆرێك لە بەرپرسانی ئەمریکا وەك پانتایی و گۆڕەپانێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران لە عێراق دەڕوانن و ئەوان مشتومڕی ئەوە دەکەن کە لە دوای تێکشکاندنی داعش عێراق بۆتە هاوپەیمانێکی متمانەپێنەکراو و بگرە بۆتە وەکیلی تاران. بە رای ئەو ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە، چونکە دەستهەڵگرتن لە پشتیوانیکردنی بەغدا بۆ چەسپاندنی ئەو سەقامگیرییە لەرزۆکەی لە ئارادایە، بۆی هەیە دەستکەوتەکانی ساڵانی رابردووش لەباربەرێت کە بە تێکۆشان و قوربانییەکی زۆر بەدەست هاتوون. ئەم چەشنە سیاسەتە لە ئاست عێراقدا ئاگری تایفەگەری لە عێراقدا دەگەشێنێتەوە، لە ساتەوەختێکدا کە عێراق پێویستی بە سەقامگیرییە، هەروەها دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا و زەمینەی دووبارە دروستبوونەوەی داعش دروست دەکات.

**● ئایا ئومێدێکی نوێ لە عێراقدا بەدی دەکرێت؟**

کەواتە ئەگەر بارودۆخەکە لەرزۆك بێت و دەستکەوتەکان ئەگەری لەناوچوونیان لەسەر بێت، ئایا چ پەرەسەندنێك لە عێراقدا روویداوە کە بکرێت وەك سەرچاوەی ئومێدێکی نوێ لێی بڕوانرێت؟

نووسەر پێی وایە دەكرێت دوو رووداو وەك هۆكاری پێشكەوتنی ئەم دواییەی عێراق دەستنیشان بكرێت، یەكەمیان بریتییە لە دووركەوتنەوە لە تایفەگەری و دووەمیان سەركەوتن بەسەر داعشدا. بۆ نموونە دەكرێت هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠١٨ی عێراق وەك نیشانەی پێگەیشتوویی و كامڵبوونی دیموكراسی لێك بدرێتەوە، لەبەر ئەوەی بۆ یەكەمجار پرسی تایفەگەری پاشەكشەی كرد و پرسی حوكمڕانیی باشی و چارەسەركردنی كێشەی رۆژانەی خەڵك بووە چەق و تەوەری بایەخپێدانەكان. ئێستاش داواكاریی هێنانەئارای حوكمڕانییەكی باشتر بۆتە پرسێكی سەرەكی دوای ئەوەی عێراق توانیویتی رزگاری بێت لە شەڕێكی پێنج ساڵە لە دژی داعش.

## ● پێشكەوتنە لەرزۆكەكان

وەك پێشتریش ئاماژەی پێكرا، سەركەوتن لە بەرەكانی شەڕدا بە مانای ئەوە نییە توانراوە ئاشتی بەدەست بهێنرێت و رێگەی بەدیهێنانی سەقامگیری مسۆگەر بكرێت، بە واتای ئەوەی دۆخی دوای شەڕ پێویستی بە هەوڵ و كۆششێكی چڕ هەیە بۆ زەمینەسازكردن بۆ ئاشتییەكی درێژخایەن و سەقامگیرییەكی جێگیر. لەم روانگەیەوە نووسەری بابەتەكە ئاماژە بەوە دەكات كە عێراق لە گۆڕەپانی شەڕدا داعشی تێكشكاندووە، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە ئاشتی بباتەوە، لەم رووەوە عێراق رووبەڕووی ئەرك و بەرپرسیارێتییەكی گەورەی بنیاتنانەوە و ئاوەدانكردنەوە بۆتەوە. كە رەنگە ئەم كارەش دەیەیەك یان زیاتر بخایەنێت، ئەمەش بەو مەرجەی كە حكومەتی عێراق و كۆمەكبەخشە نێودەوڵەتییەكان بەردەوام بن لە پابەندبوونیان بە دووبارە ئاوەدانكردنەوەی ناوچە سوننەنشینەكانەوە. كە بێ بەرەوپێشچوونی بەردەوام لەم رووەوە، ئەوا ئومێد و هیواكان دادەكشێن و نارەزایەتی و بێزارییەكان هەڵدەكشێن. كە حاڵی حازر ئاماژەی ئەوە لە ئارادایە كە گوڕ و تینی دەستەبەركردنی سەقامگیری لە عێراقدا خاو دەبێتەوە. كە ئەگەر وابێت، ئەوا بۆی هەیە دووبارە یاخیبوون سەرهەڵبداتەوە.

## ● بەرەنگاربوونەوەی ئێران، بردنەوەی عێراق

نكۆڵی لەوە ناكرێت كە خستنەگەڕی هەوڵ و كۆششەكان بۆ دەستەبەركردنی سەقامگیری و ئاشتی لە عێراقدا پەیوەستە بە قسەكردن لەسەر پرسی دەستڕۆیشتوویی و رۆڵ و پێگەی ئێران لەم وڵاتەدا، ئەوەی پتر مەسەلەكەی ئاڵۆزتر كردووە، چڕكردنەوەی فشارەكانی ئەمریكایە لەسەر ئێران، ئەوەشی كە دەبێتە مایەی بەدبەختیی زیاتری عێراق، ئەوەیە كە ئەم وڵاتە ببێتە گۆڕەپانی یەكلاكردنەوەی حیساباتی نێوان ئەمریكا و ئێران. كە ئەمە بەشێكی گرنگە لە وتاری نووسەر، كە باوەڕی وایە عێراق بە هەلومەرجێكی هەستیاری راگوزەریدا تێدەپەڕێت و هەوڵی پەڕینەوە دەدات بەرەو كەناری سەقامگیری و چەسپاندنی دیموكراسی، كە لەم رووەوە كار و كردەوەكانی ئەمریكا كاریگەری و ئاكامی یەكلاكەرەوەیان دەبێت، كە یان ئەوەتا دەبنەهۆی سەركەوتنی ئەم قۆناغە، یان مەترسی و بەربەستی گەورەی بۆ دروست دەكەن. هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم دەرفەتە كورتخایەنە ئەوا پێویستە ئەمریكا پەلە بكات و كات بە فیڕۆ نەدات. واتە لەلایەك دەبێت ئەمریكا لە رووی ئەمنی و دیپلۆماتییەوە هەوڵەكانی چڕ بكاتەوە بۆ هەماهەنگیكردن لەگەڵ حكومەتی عێراق بۆ دڵنیابوون لەوەی كە هەڵمەت و شەڕی دژ بە داعش سەركەوتنی تەواوی بەدەست هێناوە. لە هەمان كاتدا پێویستە لە پشت پەردەوە كار لەگەڵ بەغدا بكات بۆ چارەسەركردنی چالاكییە ناسەقامگیركارەكانی ئێران لە عێراقدا. هەروەها پێویستە ئەمریكا رێگاچارەیەك بگرێتەبەر كە ببێتەهۆی كەمكردنەوەی دەستڕۆیشتوویی نەرێنیی ئێران لە عێراقدا، لە بری ئەوەی عێراق بخاتە گۆشەیەكەوە و ناچاری بكات لە نێوان تاران و واشنتۆندا یەكێكیان هەڵبژێرێت.

ناسیونالیزمی عێراق بەربەستی گەورەیە لەبەردەم تمووحەكانی ئێراندا، هیچ عێراقییەك نایەوێت وڵاتەكەی ببێتە بووكەڵەی دەستی ئێران. كەواتە پێویستە ئەمریكا كارتی سەروەری لە دژی تاران بەكار بهێنێت. دواتر ئەمریكا هەموو ئامرازەكانی لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی هاوكاری عێراق بكات، تاوەكو سەركەوتوو بێت، ئەوە لە بەرژەوەندیی واشنتۆنیشە كە ئەم كارە بكات. چونكە عێراقێكی بەهێز و سەربەخۆ و دیموكراسی خزمەت بە بەرژەوەندییەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەكات لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

> **ئەگەر كار نەكرێت بۆ چەسپاندنی دەستكەوتەكانی شەڕ و دروستكردنی زەمینەیەكی پتەو بۆ ئاشتییەكی درێژخایەن، ئەوا هەمیشە ئەگەری داڕووخانی بارودۆخەكە لە ئارادا دەبێت**

> **زۆرێك لە بەرپرسانی ئەمریكا وەك پانتایی و گۆڕەپانێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران لە عێراق دەڕوانن و مشتومڕی ئەوە دەكەن كە لە دوای تێكشكاندنی داعش، عێراق بۆتە هاوپەیمانێكی متمانە پێنەكراو و بگرە بۆتە وەكیلی تاران**

> **دەستهەڵگرتن لە پشتیوانیكردنی بەغدا بۆ چەسپاندنی ئەو سەقامگیرییە لەرزۆكەی لە ئارادایە، بۆی هەیە دەستكەوتەكانی ساڵانی رابردووش لەباربەرێت كە بە تێكۆشان و قوربانییەكی زۆر بەدەست هاتوون**

## • عێراق دەتوانێت چ ڕۆڵێك لە ناوچەكەدا ببینێت؟

یەكێك لەو ئومێدانەی- بە تایبەتی لە دوای داگیركردنی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە- كە هیوایەكی زۆری لەسەر هەڵچنرابوو، ئەوە بوو عێراق ببێتە وڵاتێكی ئارام و سەقامگیر و مەشخەڵی دیموكراسی لەم وڵاتەدا بگەشێتەوە، بەڵام دواتر عێراق بە ڕەوت و ڕێچكەیەكی دیكەدا ڕۆیشت، بەتایبەتی كە ئەم وڵاتە هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی داڕووخانی دۆخە ئەمنییەكەیدا. بەڵام نووسەر لە كۆتایی وتارەكەیدا جارێكی دیكە ئەم باسە تاوتوێ دەكاتەوە و ئاماژە بە ئاكام و دەرئەنجامە ئەرێنییەكانی بوونی عێراق بە دەوڵەتێكی دیموكراسی و خاوەن سەروەری دەكاتەوە، كە پێی وایە ئەمریكا دەتوانێت لەم ڕووەوە هاوكاریی عێراق بكات و باوەڕیشی وایە دەبێت ئەمریكا ئەم كارە بكات. لێرەدا نووسەر پێی وایە عێراقێكی سەربەخۆ و دیموكراسی وەك گەورەترین وڵاتی عەرەبی كە شیعە تێیدا زۆرینە بێت، دەتوانێت ببێتە پردێك لە نێوان شیعە و سوننە و عەرەب و فارسەكانی ناوچەكەدا. هەروەها وەك دراوسێیەك و ڕكابەری پێشووی ئێران، عێراق دەتوانێت ببێتە بەربەست و ئاستەنگێك لەبەردەم تمووحەكانی ئێراندا، بەو مەرجەی عێراق لە پێگەیەكدا بێت كە بتوانێت بایەخ بە كاروبارە ئەمنییەكانی خۆی بدات. هەروەها عێراقێكی دیموكراسی داواكارییەكی كەمتری دەبێت لە ئەمریكا، عێراق خاوەن پێنجەم گەورەترین یەدەگی نەوتی هەیە لە جیهاندا، كە پێویستە هێندە داهاتی بۆ دەستەبەر بكات، كە بتوانێت بایەخ بە هاووڵاتییەكانی بدات. لە هەمان كاتدا ئەم وڵاتە دەستی كردووە بە بنیاتنانەوەی پەیوەندییە دیپلۆماتی و بازرگانییەكانی لەگەڵ وڵاتانی كەنداودا. عەرەبستانی سعودیە دووبارە باڵیۆزخانەی وڵاتەكەی لە بەغدا كردۆتەوە، دەستی كردۆتەوە بە خزمەتگوزارییەكانی هێڵی ئاسمانی لەگەڵ عێراقدا و هاوكاریی كردووە لە بواری ئاوەدانكردنەوەدا. عەرەبستانی سعودیە بەڵێنی دا یەك ملیار دۆلار وەبەرهێنان بكات لە عێراقدا، هەروەها پێشنیاری ئەوەی كرد كە كارەبا بە نرخێكی هەرزانتر بە عێراق بفرۆشێت، ئەویش لە پێناوی دوورخستنەوەی عێراق لە ئێران.

## • خاڵی كۆتایی

ڕەنگە بوترێت عێراق كەیسێكە كە ناتوانرێت ئومێدی لەسەر هەڵبچنرێت و هەر هەوڵ و وەبەرهێنانێك لە كات و بایەخدان بەم وڵاتەدا دەرئەنجامی خوازراوی لێ ناكەوێتەوە، ڕەنگە ئەم بۆچوونە زۆر دوور نەبێت لە ڕاستییەوە، بەڵام كێشەكە ئەوەیە عێراق وڵاتێكە كە ناكرێت لێی بگەڕێیت بۆ چارەنووسی خۆی، بە گوزارشتێكی دیكە ئەگەر ئەم وڵاتەش فەرامۆش بكەیت و پشتی تێ بكەیت، ئەگەر دۆخەكە بە ڕێڕەوێكی نەخوازراو و مەترسیداردا بڕوات، ئەوا دەرئەنجامەكەی یەخەی هەمووان دەگرێتەوە. كەواتە ئایا دەكرێت جارێكی دیكە ئومێدی ئەوە بكرێت كە عێراق بكەوێتە سەر ڕەوڕەوەی بەرەوپێشچوون و سەقامگیری؟ لەم گۆشەنیگایەوە نووسەری بابەتی ئاماژەپێكراو لە سەرەوە باس لەوە دەكات كە داگیركردنی عێراق ئەو ڕاستییەی دەرخست كە هەڵگیرسانی شەڕێكی گەورە لە غیابی ئامانجێكی ستراتیژیی گەورەدا هەڵگری مەترسییە. بەڵام هەوڵەكانی ئەم دواییەی ئەمریكا وانەیەكی جیاوازمان پێ دەڵێن، چونكە ئەمجارەیان ئەمریكا جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە دەبێت عێراق خۆی لە بەرەی پێشەوەی شەڕەكەدا بێت بۆ ڕزگاكردنی خاكی خۆی، هەروەها ئەمە ئاماژە بوو بە بوونی ڕێگاچارەیەكی سەربازیی مامناوەند، واتە لە نێوان شەڕ و دەستتێوەرداندا، دەكرێت كار لەسەر هاوكاریكردن، كاری دیپلۆماسی و هاوكاری ئەمنی بكرێتەوە، نەك ئەنجامدانی كاری سەربازی بە شێوەیەكی یەكلایەنە. بۆیە بە ڕای نوسەری وتارەكە، لە ئێستاشدا عێراق دوای دەیەیەك لە شەڕی ناوخۆیی دەرفەتی ئەوەی لە بەردەمدایە ببێتە چیرۆكی سەركەوتن، واتە ببێتە وڵاتێكی سەقامگیر و دیموكراسی لە ناوچەكەدا كە لەم ناوچەیەدا كارێكی دژوارە بتوانێت سەقامگیری و دیموكراسی بەدەست بهێنێت. هەندێ لە ئەمریكییەكان عێراق بە شكستێكی گەورە دەزانن و پێیان باشە ئەمریكا دەست لەم دۆخە شكستخواردووە هەڵبگرێت. بەڵام شكستی ڕاستەقینە بریتی دەبێت لە دەستبەرداربوونی عێراق لە ساتەوەختێكدا كە سەركەوتنێكی ڕاستەقینە لە ئاسۆدا دەركەوتووە.

**دەبێت ئەمریكا لە ڕووی ئەمنی و دیپلۆماتییەوە هەوڵەكانی چڕ بكاتەوە بۆ هەماهەنگیكردن لەگەڵ حكومەتی عێراق بۆ دڵنیابوون لەوەی كە هەڵمەت و شەڕی دژ بە داعش سەركەوتنی تەواوی بەدەست هێناوە**

**ناسیونالیزمی عێراق بەربەستی گەورەیە لەبەردەم تمووحەكانی ئێراندا، هیچ عێراقییەك نایەوێت وڵاتەكەی ببێتە بووكەڵەی دەستی ئێران. كەواتە پێویستە ئەمریكا كارتی سەروەری لە دژی تاران بەكار بهێنێت**

**عێراق خاوەن پێنجەم گەورەترین یەدەگی نەوتی هەیە لە جیهاندا، كە پێویستە هێندە داهاتی بۆ دەستەبەر بكات، كە بتوانێت بایەخ بە هاووڵاتییەكانی بدات**

# ژینگە:
# ماڵ و نەوای ئاشتی بۆ هەمووان

کە ژینگە لەپێش بوونی مرۆڤەوە هەبووە، واتە ژینگە وەك ماڵ بۆ مرۆڤ ئامادەکراوە.

ژینگە بە پێکهێنەرە سەرنجڕاکێشەکانی هەمیشە بۆتە ئیلهامبەخشی مرۆڤ، بۆ گەڕان بەدوای ژینگەو ژیانی نەمرییدا، بۆیە مرۆڤ دوای بەسەربردنی هەزارەها ساڵ لەم ژینگەیەدا، زۆر درەنگ گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە پێویستە لەگەڵ سرووشت و ژینگەدا تەبا و هاوژین بێت، نەك دژایەتی بکات، بۆیە درەنگ بۆی دەرکەوت کە شتێك بەنێوی تووڕەیی و شێتی و تۆڵەی سروشتەوە نییە، بەڵکو پیسبوونی ژینگە دەرئەنجامی ڕەفتارخراپیی مرۆڤ خۆیەتی، درەنگیش زانی کە ئاوەدانکردنەوەی زەوی و پاکڕاگرتنی، جۆرێکی بڵندی خواپەرستییەو پیسکردنی زەوی و ژینگەش لە لیستی گوناە و خراپەکاندایە، چونکە ژینگەی پاك و جوان سوپاسگوزاریی خودامان لەسەر دەکات بە ئەرك و لێپرسراوێتیی، کاتێك زیادەڕەویی و ئیسراف هاوسەنگیی ژینگە تێکدەدەن، هەر ئەو کاتیش ژینگەی خاوێن بەهەشتی دنیایەو ژینگەی پیسکراویش دۆزەخی دنیایە. بۆیە دەبێت بزانین کە خودا ژینگەی بە ئەمانەت داوەتە دەستمان، نەك وەك موڵکی خۆمان، هەروەها ئێمە ژینگەمان لە باوانمانەوە بۆ ماوەتەوە، بەشێکیشمان لەو دەرامەتە ژینگەییانە لە نەوەکانمان قەرز کردووە، هەروەها ئێمە لەم ژینگەیەدا میوانین و میوانیش نابێت بە خراپی دەستکاریی ماڵی خاوەن ماڵ بکات.

پێویستە بزانین کە خودا زیاد لەژمارەی مرۆڤەکان دەرامەتی پێداوین، بەڵام ئەوە مرۆڤەکانن کە لە یەکدی قەدەغە دەکەن، خودا بەقەدەر پێویستیمان دەرامەتی پێ داوین، نەك بە قەدەر چاوچنۆکیمان، مرۆڤ بە دەستکاریکردنی بڕی نیعمەتەکانی خودا، جۆری نیعمەتەکانی خودا خراپ دەکات، بۆیە دەبێت بزانین کە ئەم ژینگەیە تا مردن



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گولان دەینووسێت

تەنیاماڵمانە، پەرستگاکانیشمان هەر لەم ژینگەیەدان.

یاسادانەران دەڵێن و دەستووری وڵاتانیش دەنووسن: ژیان لە ژینگەیەکی سەلامەت و بێ زیاندا، مافێکی دەستووریی هەر مرۆڤێکە لە هەر وڵاتێکدا، بۆیە ئێمەی مرۆڤ پێویستە بزانین کە یەك هەسارە و یەك ژینگە و یەك ماڵی گەورەی هاوبەشمان هەیە، پیسکردنی ژینگەی ئەوانی دیکەش، پیسکردنی ژینگەی خۆمانە، چونکە وەك لە شەڕدا مووشەکی کیشوەربڕ هەیە، لە ئاشتیشدا پیسبوونی ژینگە کێشەیەکی کیشوەربڕە. هەروەها کە لەیەك ژینگەدا هەواو ئاوی هاوبەشمان هەیە، هەموو دۆستین و کەس دوژمنی کەس نییە، بۆیە هەر تەنیا ئاشتی پارێزەری ژینگەیە و جەنگ و شەڕیش دوژمنی ژینگە و پێکهاتەکانیەتی. لێرەوە جێگەی خۆیەتی کە لە دوای تاوانەکانی (جینۆساید، تاوانەکانی جەنگ، تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی، تاوانی دەستدرێژی) پێویستە شێواندن و وێرانکردنی ژینگەش بەهۆی جەنگەوە لەدادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان ببێتە پێنجەم تاوان.

لە کۆتاییشدا دەبێت ئەو راستییە بزاندرێت کە تەنیا پەرەپێدانی بەردەوام و پاراستنی ژینگە دەبێتە هۆی زامنکردنی ئایندەیەکی گەش بۆ مرۆڤایەتی، لە رووی ئابوورییشەوە بەهێزکردنی چینی ناوەند لە کۆمەڵگەدا و نەهێشتنی جیاوازیی چینایەتی و هەژاری و بەرقەرارکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە کە پرسی ژینگەپارێزی دەکاتە خەمێکی گشتی، چونکە لەدواجاردا ژینگە موڵکی ئێمە و نەوەکانی ئایندەو داهاتووشە، پێویستە بەخاوێنی رادەستیان بکەین، بۆ ئەمەش پێویستە لایەك و دەروازەیەك بەرە و بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزەی خاوێن و نوێبووەوە بکەینەوە، کە سەرچاوەیەکی هەمیشەیین و هی هەموومانە و بەشی هەمووشمان دەکات.




موخلیس محەمەد

بەڕێوەبەری لقەکانی کۆمپانیای حاجی سەلام بۆ کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە بۆ گوڵان:

# زۆربوون و چڕیی دانیشتووان هۆکارێکی ڕاستەوخۆیە بۆ زیادبوونی خواست و بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە

**کەرتی خانووبەرەو زەوی لە هەرێمی کوردستاندا بە یەکێك لەو سێکتەرە گرنگانە دادەنرێت، کە پەیوەندیی بە ژێرخانی ئابووری و پەرەپێدانی وڵاتەوە هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی پەیوەندیی بە بار و بژێویی ژیان و پێداویستیی هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگەوە هەیە، ئەم کەرتەش وەکو زۆربەی کەرتەکانی دیکە بێ گرفت و کێشە نەبووە و گۆڕانکاری و رووداوە سیاسی و ئابوورییەکان کاریگەریی نەرێنی و ئەرێنی بەسەر بەها و نرخەکانییەوە هەبووە، گوڵان بۆ قسەکردن لەسەر ئەو کەرتە گرنگە ئەم راپۆرتەی ئامادە کردووە.**

**● بەرزبوونەوەی نرخ و خواست لەسەر کەرتی خانووبەرە**

سەقامگیریی ناوخۆی کوردستان و سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و باشبوونی بارودۆخی بژێویی ژیانی هاووڵاتیان، هەمووی کاریگەریی ئەرێنی و باشی لەسەر بووژانەوەی کەرتی خانووبەرە و بەرزبوونەوەی نرخەکان هەبووە، لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا نرخەکان بە رادەیەك بەرزبوونەتەوە، کە هاووڵاتیان درکیان بەو راستییە کردووە.

ژمارەیەك لە هاووڵاتیانمان لە بازاڕی خانووبەرەی هەولێر دواند. ئەوان باسی گرانیی نرخەکانیان دەکرد و هۆکارەکەشیان بۆ پێدانی مووچە و هەڵگرتنی پاشەکەوت و بوونی خواست لەسەر زەوی و خانووبەرە لەلایەن خەڵکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق دەگەڕاندەوە، نووسینگەکانی (عەقارات)یش پێیان وابوو جووڵەی بازاڕ لەسەر کەرتی خانووبەرە هەیە، هەر بۆیە نرخەکان روویان لە زیادبوون کردووە، لەم رووەوە موخلیس محەمەد بەڕێوەبەری لقەکانی کۆمپانیای حاجی سەلام بۆ کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانووبەرە گوتی: «کەرتی خانووبەرە و شوقەو زەویوزار لە هەرێمی کوردستاندا هاوشێوەی وڵاتانی وەکو تورکیا و کەنداو بەتایبەتی ئیمارات گرنگییەکی لە رادەبەدەری هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی خەڵکانی بیانی و ئاوارە و پەناهەندە لەناوچەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق و وڵاتانی ئێران و سووریاوە، چونکە زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان و چڕیی دانیشتووان لە شارێکدا هۆکارێکی راستەوخۆیە بۆ زیادبوونی خواست و بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە. «سەبارەت بە هەڵکشانی نرخەکانیش کۆمپانیای حاجی سەلام بەمجۆرە ئامارەکانی خستەڕوو، نرخی بازاڕی خانووبەرەو زەوی و باڵەخانەکان بە رێژەی نزیکەی ٩٪ بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، هەروەها نرخی شوقەکان تا ١٣٪ بەرزبوونەتەوە.»

هەر سەبارەت بە نرخەکان دووکاندارەکانی خانووبەرە بەمشێوەیە باسی نرخەکانیان بۆ کردین. بۆ نموونە: ئەگەر لە قەیرانەکەدا لە ناوچەو گوندێکی پێشکەوتووی هەولێر وەکو دریم سیتی نرخی یەکەیەکی نیشتەجێبوون لە ٢٠ دەفتەر دۆلاردا بووبێت، ئێستا نرخەکەی لە ٣٠ دەفتەر زیاتر بووە، گەڕەك و گوندە پێشکەوتووەکان لە خانوویەکی ٢٠٠ مەتریدا ٢ دەفتەر دۆلار نرخی هاتۆتە سەر، تەنانەت ئەو زەویوزارانەی کە هێشتا نیشتەجێبوونیان بۆ نەچووە بە رێژەی لە ٣٠- ٤٠٪ نرخەکانی بەرزبوونەتەوە، ئەم نرخانەش بەرز نییە بەو رادەیەی خەڵکی بە شوقە و خانووبەرە بەراوردی بکات. بۆ نموونە: لەم قەیرانە داراییەی تورکیادا شوقە هەیە لە ئەستەنبوڵ بە یەك ملیۆن دۆلارە، شوقەش هەیە بە ١٥ هەزار دۆلارە، لەکاتێکدا بەرزترین نرخ لای ئێمە کە بە زۆنی ئاڵتوونی ناوی دەبەین، فرۆکەخانە و گەڕەکەکانی وەزیران و ئەمپایەر و گوندەکانی ئینگلیزی و ئیتاڵی یەك و دوو و دریم سیتی دەگرێتەوە، ناکرێت ئەم شوێنە خۆش و باشانە بە گەڕەکە هەرزانەکانی ئەستەنبوڵ بەراورد بکرێت، ئەمە وەکو ئەوە وایە شوێنی زۆر هەرزانی ئەستەنبوڵ و ئەورووپا بەراورد بکەی بە شوقەیەکی دوبەی کە بە یەك ملیۆن دۆلارە، یان شوقەی ٢٠٠ مەتری لە ئەستەنبوڵ هەیە بە یەك ملیۆن و دووسەد هەزار دۆلارە، ئەم بەراوردە وەکو ئەوە وایە بەراوردی بە پارچە زەوییەکی ٢٠٠ مەتری لە گەڕەکی سەیداوەی هەولێر بکەی کە بە ٧٠ هەزار دۆلارە، بەڵام هەمان رووبەر لە دریم سیتی بە ٣٥٠ هەزار دۆلارە، زۆرجار بەرزیی

**ئەو زەویوزارانەی کە هێشتا نیشتەجێبوونیان بۆ نەچووە بە رێژەی لە ٣٠- ٤٠٪ نرخەکانی بەرزبوونەتەوە، ئەم نرخانەش بەرز نییە بەو رادەیەی خەڵکی بە شوقە و خانووبەرە بەراوردی بکات**

**زۆرجار بەرزیی نرخی خانووبەرەو شوقە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکانی بیانی و دەوڵەمەندی تێدا نیشتەجێن، کە ئەوەی دەوڵەمەندە زیاتر روو لە زۆنی زێڕینی هەولێر دەکات**

نرخی خانووبەرەو شوقە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکانی بیانی و دەوڵەمەندی تێدا نیشتەجێن، کە ئەوەی دەوڵەمەندە زیاتر روو لە زۆنی زێڕینی هەولێر دەکات.

● **متمانە بە کەرتی خانووبەرە بەراورد بە بوارەکانی دیکە**

یەکێک لەو هۆکارانەی کە هاووڵاتیان باسی دەکەن و هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە و زەویوزار، بێمتمانەیی خەڵکە بە بانکەکان و نەبوون و کزیی بازاڕە لە بوارەکانی بازرگانیدا، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی خەڵك ئەو پارە پاشەکەوتکراوەی هەیانە، راستەوخۆ لە کەرتی خانووبەرەدا بەکاری بهێنن، تەنانەت ئەم حاڵەتە وایکردووە کۆمپانیاو بیزنسمانی گەورە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا روو لە هەرێمی کوردستان بکەن و وەبەرهێنان لە کەرتی عەقاراتدا بکەن، هەندێك سەرچاوەش باس لەوە دەکەن کە جاری وا هەبووە، کۆمپانیاو کەسایەتییەکی عەرەب هاتووە، یەك تاوەری کڕیوە، لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری لقەکانی کۆمپانیای حاجی سەلام رایگەیاند: «بووژانەوەی کەرتی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستاندا وای لێ کردین لە مانگی ٩ی ئەمساڵدا کۆنفرانسێك لەسەر ڕێژە و جووڵەی بازاڕ و کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە بەڕێوەببەین، چونکە بەپێی داتاو زانیارییە سەرەتاییەکانمان کە سەرقاڵی کۆکردنەوە و ئامادەکرنین بۆ کۆنفرانسەکە، لە ئەمساڵدا نرخی خانووبەرەو زەویوزار بە ڕێژەی لە ١٥-٢٠٪ بەرز بووەتەوە، راستە ئەم ڕێژەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە، بۆ نموونە: لەناو شاری هەولێر لە هەندێك گەڕەکی میللی نرخەکە بە ڕێژەی تەنیا لە ٥٪ و هەندێك گەڕەك بۆ سەرووی ١٥٪نە و بگرە دەگاتە سەرووی ٢٠٪یش، ئەمەش بەپێی ئاستی بژێوی دانیشتووانەکەی و خزمەتگوزارییەکانە».

● **ئارەزووی خەڵك لەسەر کڕینی شوقە زیادی کردووە**

پێش زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی شارە گەورەکان و لە سەرەتای دروستکردنی شوقەکاندا، خواست لەسەر شوقە کەم بوو، بەڵام دوای گۆڕینی کولتووری خەڵکی و دەرکەوتنی شوقە پێشکەوتووەکان، کە لە رووی خزمەتگوزاریی و ئارامی و پاراستنەوە لە ئاستێکی زۆر بەرزدان، حاڵەتەکە پێچەوانە بووەوە. لەمبارەیەوە موخلیس محەمەد لە کۆمپانیای حاجی سەلام گوتی: «ماوەی سێ ساڵە خواست لەسەر کڕین و بازاڕی بەکرێدانی شوقە زۆر زیادی کردووە، چونکە شوقەکان خۆشگوزەرانییان تێدایە و ٢٤ کاتژمێر کارەبا و ئاو و فێنککەرەوە و گەرمکەرەوەیان تێدایە و لە رووی ئەمنییەوە بەشێکی هەرە زۆری ئەپارتمانەکان بەسیستەمێکی زۆر پێشکەوتووی پاسەوان و کامێرای چاودێری و بەدواداچوونی ئەمنی پارێزراون، ئەوەی پاڵنەریشە بۆ جووڵەی بازاڕی شوقەکان گونجاویی نرخەکانە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی ئەو موڵکانەی نرخەکانیان لەنێوان ٦٠ هەزار دۆلار بۆ ٨٠ هەزار دۆلاردایە، خێراتر کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت، ئەمەش زۆر لە شوقەکان دەگرێتەوە، لەلایەکی دیکەوە دوای بەرزکردنەوەی رسومات و باجی کڕین و فرۆشتن زۆربەی ئەم شوقانە تێیدا نییە، چونکە تاپۆ نین و لەلایەن پڕۆژەکەوە بە میکانیزمێك ئەنجام دەدرێن، کە رەنگە تەنیا ٥٠٠ دۆلارت وەکو مافی گرێبەست بڕوات.

> **ماوەی سێ ساڵە خواست لەسەر کڕین و بازاڕی بەکرێدانی شوقە زۆر زیادی کردووە، چونکە شوقەکان خۆشگوزەرانییان تێدایە و ٢٤ کاتژمێر کارەبا و ئاو و فێنککەرەوە و گەرمکەرەوەیان تێدایە**

● **باج و رسوماتەکان زیان بە بازاڕی خانووبەرە دەگەیەنێت**

کاتێك لە کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە باج تەنیا ١٪ بوو، ئێستا بۆتە ٣٪ واتا ئەگەر پێشتر کڕین و فرۆشتن بکرایە بۆ موڵکێك ١٠٠٠ دۆلارت دەڕۆشت، ئێستا هەمان کڕین و فرۆشتن ٣٠٠٠ دۆلارت دەچێت، خۆ ئەگەر سێ هەزار دۆلارت لەبەناوکردن بدایە، ئێستا دەبێت نۆ هەزار دۆلار بدەیت، هەربۆیە ئەم رسومات و باجانە زیانی بەجموجووڵی کەرتی خانووبەرە گەیاندووە، واتا ئەگەر کەسێك خانوویەك بە ٥٠ هەزار دۆلار بکڕێت، لە بەناوکردنی موڵکەکەدا دەبێت پێنج هەزار دۆلار خەرج بکات، لە کاتێکدا رەنگە قازانجەکەشی لەو پێنج هەزار دۆلارەوە نزیك بێت، واتا هیچ قازانجی نەکرد و تەنیا کاری بۆ باج و رسوماتی حکومەت کرد، هەربۆیە خەڵکی زیاتر کڕین و فرۆشتن لە شوقە و یەکەکانی نیشتەجێبوونی گوندەکان دەکەن، نەك بە خانووەکانی تاپۆوە، ئەمەش زیانێکی گەورەیە بە هاووڵاتیان و حکومەت، چونکە لە دەرئەنجامدا کڕین و فرۆشتن لەسەر خانووە تاپۆکان کەم

> **ئەگەر کەسێک خانوویەک بە ٥٠ هەزار دۆلار بکڕێت، لە بەناوکردنی موڵکەکەدا دەبێت پێنج هەزار دۆلار خەرج بکات، لە کاتێکدا رەنگە قازانجەکەشی لەو پێنج هەزار دۆلارەوە نزیک بێت، واتا هیچ قازانجی نەکرد و تەنیا کاری بۆ باج و رسوماتی حکومەت کرد**

دەبێتەوە و حکومەتیش لەکۆی نزمبوونەوەی ئەم جووڵەیە زیانمەند دەبێت.»

## ● کەموکورتی لە پرۆژەکانی گوندەکانی نیشتەجێبووندا

سەرەتای وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت گرنگ بوو، بەڵام بەپێی کات و تەواونەکردنی هەموو پرۆژەکە، هەر لە قوتابخانەو بنکەی تەندروستی و مۆڵ و باخچەوە بارودۆخەکە لە زۆر لەو شوێنانە بەرەو خراپی رۆیشت، تەنانەت زۆربەی ئەو پرۆژانە بە رێکوپێکی جێبەجێ نەکراون و مەوادی خراپی تێدا بەکار هاتووە، هەربۆیە ئێستا ئەوانەی لەناویاندان، ناچارن نۆژەنی بکەنەوە، یان ئەوەتا بیرووخێنن و لە سەرەتاوە بە مۆدێلێکی باشتر دروستی بکەنەوە، خۆی یاسایەك هەیە لەوەبەرهێنان کە دەڵێت دوای ١٠ ساڵ خاوەنی خانووەکە دەتوانێت بەدەستکارییەکی کەمەوە دیوی دەرەوە و ناوەوەی بگۆڕێت، تەنانەت دەتوانێت هەموو ساڵێك دیوی دەرەوەی خانووەکە بگۆڕێت، یان دروستکردنی نهۆی دووەمی پرۆژەکە کە لەوڵاتی ئێمەدا زۆر پێویستە، زۆر لە پرۆژەکان تەواو نەبوون و ماوەیەکی زۆرە کارکردن تێیاندا وەستاوە، خەڵك هەیە لە ٢٠١٠ موڵکێکی کڕیوە ٢٥٠ تا ٤٠٠ هەزار دۆلاری پێداوە، کەچی هێشتا تەواو نەبووە، سەرەڕای ئەمەش داوای پارەی دیکەی لێ دەکەن، لەلایەکی دیکەوە زۆر لەو خانووانە ئەگەر تەواویش بکرێن، تەنیا ١٥٠ هەزار دۆلار دەکات، واتا تەنانەت لەو پارەی کە تائێستا داویەتی زیانمەند دەبێت.

## ● کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جووڵانی رەوشی بازاڕی خانووبەرە

بەڕێوەبەری لقەکانی خانووبەرەی حاجی سەلام، سەبارەت بە کاریگەریی پێکهێنانی کابینەی نۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی: «دوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جموجووڵی بازاڕی خانووبەرە زۆر زیادی کردووە و ئەگەر کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداش بەتایبەتی لە بودجەی ٢٠٢٠ بگەنە ئەنجام، ئەوا بازاڕەکە زۆر خۆشتر دەبێت و جووڵەیەکی بەرچاوی دیکە بەخۆیەوە دەبینێت، چونکە هەواڵ و رووداوەکان کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر نرخی خانووبەرە هەیە، زۆرجار قسەی یەك سەرکردەی سیاسی، زیانی بە جووڵەی بازاڕی خانووبەرە گەیاندووە، هاوکات دەنگۆی تاپۆکردنی خانووەکانی وەبەرهێنان و گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ زەوییەکان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمەش کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر بەرزبوونەوەی نرخەکەی».

## ● پرۆژەیەکی کەرتی تایبەت بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریی بە زەوییەکانی نیشتەجێبوون

زەوی هەیە کە سێ چوار جار کڕین و فرۆشتنی پێوە کراوە و حکومەتیش هەموو جارێك پارەی باج و خزمەتگوزارییەکانت لێ وەردەگرێت، بەبێ ئەوەی خزمەتگوزاریی بۆ چووبێت، پارەی قیر و شەقام و ئاوەڕۆ و ئاو و کارەبا وەردەگرن، ئەمە لەهیچ وڵاتێکدا نەبووە، هەربۆیە کۆمپانیای حاجی سەلام لەمبارەیەوە بەرنامەیەکیان بۆ زەوییەکانی ٨ی حەسارۆك ئامادە کردووە و بڕیارە بۆ حکومەتی بەرز بکەنەوە، ئەو زەوییانەی ٨ی حەسارۆك کەوتوونەتە ناو شارەوە و رووبەرێکی زۆر گەورەیان هەیە، گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی پارەیەکی زۆری دەوێت، لەو کەرتەدا چەندین پارچە زەویی بەتاڵ بوونیان هەیە، یان زەویی بارزگانی هەیە، دەکرێت حکومەت بیداتە بەڵێندەرێك کە ئەرکی گەیاندنی ئەو خزمەتگوزارییانە لەئەستۆ دەگرێت، بەمەش هەم خەڵکی و هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودمەند دەبن و خەڵکێکی زۆر دەتوانن بە پارەیەکی کەم پرۆژەکانی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان دەست پێ بکەنەوە. لەلایەکی دیکەوە ئێمە وەکو کۆمپانیاو کەسانی شارەزا لە خانووبەرە، گلەییەکی زۆرمان لەسەر ئەو سەقەتییەی شارەوانی هەیە، کە زەوییەکانی پێ دابەش دەکات، گەڕەکی تەسك و کۆڵانی درێژ و ماڵ لەناو ماڵدا و بێ شوێنیی پارك و باخچە و راوەستانی ئۆتۆمبێل، بۆیە سەرەتا دەبێت شارەوانی ئەوە بزانێت کە پێویستە رێگە نەدات لە کەرتێکدا خانوو دروست بکرێت، ئەگەر شەقامەکانی نەگاتە ١٥ مەتری و بەشێوەیەکی ئەندازەیی مۆدێرن زەوی دابەش بکات، بۆ ئەمەش با سەیرێکی گوندەکانی وەبەرهێنان بکات، بزانە لەوێ چۆن خانووەکان نەخشەیان بۆ دانراوە.»

**زۆر لە پرۆژەکان تەواو نەبوون و ماوەیەکی زۆرە کارکردن تێیاندا وەستاوە، خەڵك هەیە لە ٢٠١٠ موڵکێکی کڕیوە ٢٥٠ تا ٤٠٠ هەزار دۆلاری پێداوە، کەچی هێشتا تەواو نەبووە، سەرەڕای ئەمەش داوای پارەی دیکەی لێ دەکەن**

**ئەگەر کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەتایبەتی لە بودجەی ٢٠٢٠ بگەنە ئەنجام، ئەوا بازاڕەکە زۆر خۆشتر دەبێت و جووڵەیەکی بەرچاوی دیکە بەخۆیەوە دەبینێت**